# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨١٥ | شەممە ٢ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ _ ٢٢ی ژانوییەی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## ڕووسیە کەوتۆتە نێوان ئێران و ئەمریکاوە

ڕووسیە بە ئاگاداریی ئەمریکا پێشنیاری ڕێککەوتنێکی کاتیی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە.

تۆڕی میدیایی CNBC ی ڕووسیە لە ڕاپۆرتێکدا بە ئاماژە بە سەردانی برایم رەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامی بۆ مۆسکۆ ئاشکرای کردوە کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کاتییە ئەتومییە بەشێک لە سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران هەڵدەگیرێن، بەو مەرجەی کە کۆماری ئیسلامی پێبەندی هەموو ئەو بەڵێنانە بێ کە لە بەرجامدا هاتوون. بەڵام ئێران تا ئێستا ملی بۆ ئەو ڕێککەوتنە ڕانەکێشاوە.

کۆشکی سپی دەڵێ ڕێککەوتنێکی کاتی دەتوانێ هەنگاوی یەکەم بۆ گەڕانەوەی تەواو بۆ بەرجام لە ٢٠١٥ بێت، بەڵام نابێتە ڕێککەوتنێکی نوێ، کەچی ئێران داوای هەڵگیرانی هەر هەموو سزاکان و دەستەبەر بۆ نەکشانەوەی جارێکی دیکەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی نێوانیان دەکا. هاوکات ئەمریکا کۆماری ئیسلامیی وریا کردۆتەوە کە چاوی بە سەر کات و ڕێژەی پێشکەوتنە فەننییەکانی بەرنامەی ئەتومیی ئەو وڵاتەوەیە و هەڵکردن و نەرمینواندنەکان لە کاتی خۆیدا کۆتاییان دێ.



# ٢ی ڕێبەندان
# شکۆیەک بۆ نیشتمان و هیوایەک بۆ بنیاتنانەوە

◆ سەروتار

## دوای کۆمارەکەمان

**شاڕوخ حەسەنزادە**

سەدەی نۆزدەی زایینی کە دەکرێ بە سەدەی ڕابوونی کورد پێناسە بکرێ بە سەرهەڵدانی زیاتر لە پەنجا شۆڕش و بەرخودان دوای دەسەڵاتی میرنشینەکانی کورد هێدی هێدی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ویرژێنێکی نوێ دەگوورێ کە ئاکامەکەی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە (١٨٩٨) بوو. بە تایبەت ئەو کلوپانەی لە باکوور و لە شارەکانی دیاربەکر، مەلاتییە، ماردین، خارپۆت و... وەک شوێنێک بۆ چالاکیی مەدەنی و برەودان بە هەستی ناسیۆنالیزمی کورد دادەمەزرێن و بە شێوەیەکی سقیلمەند پەرەیان پێ دەدرێ، دواتر ئەو پێواژۆیانە لە سەدەی بیستەم لەونێکی مۆدێرنتر بەخۆوە دەگرن.

دەگەڵ هەموو ئەو گوشار و خەفەقانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوەند لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا هەبووە، چینی هەڵبژاردەی کورد بێوچان هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئاشتییانە و مەدەنی ویست و داخوازییەکانی خۆی بەرز بکاتەوە، جارێکی تریش دوای سێ پەیماننامەی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی (سایکس پیکۆ، سیڤەر و لۆزان) کوردستان بە دامەزراندنی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەکان دەکەوێتە بەر شاڵاوی ژینۆساید، ئاسیمیلەبوون و قڕکردن و، بزاڤی حەقخوازانەی کورد لەسەدەی بیستەم بە شێوازی جۆربەجۆر و بە فۆڕمێکی مەدەنی-نیزامی درێژەی پێدەدرێ.

لە جەرگەی شەڕی دووهەمی جیهانی یەکەم کۆمەڵەی ژیارمەندی ئەو سەردەم ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢



## یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەرز ڕاگیرا

ڕۆژی هەینی ١ی ڕێبەندان، ڕێوڕەسمی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و سەدان کەس لە کادر، پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، و بە پەخشانێکی کەریم فەرخەپوور لە وەسفی ٢ی ڕێبەندان و دامەزرانی کۆماری کوردستان دەستی پێ کرد.

دواتر بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مەزنەی لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و هەموو خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

ڕێزدار عەزیزی دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بە دەسپێشخەریی پێشەوا قازی محەممەد، وەکوو «ئاڵا»، سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ناوی پیرۆزی «پێشمەرگە»ی بەرز نرخاند و وەک هێما و سیمبۆلی یەکڕیزیی کوردی لە هەموو دنیادا لەقەڵەم دا. هەروەها قۆستنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەو کاتەی کوردستاندا هاتبووە ئاراوە وەک نیشانەی ئاستی بەرزی وریایی و لێوەشاوەیی پێشەوا خەملاند و جەختی لەوە کردەوە کە قازی محەممەد بۆ بەرگری لە مان و مەوجوودییەتی نەتەوەکەی لە گیانی خۆی مایەی دانا و لەو ڕێبازە پیرۆزەدا سەری کردە قوربانیی نەتەوەکەی.

عەزیزی هەروەها وتی بە ڕووخانی کۆماری کوردستان، بیرۆکەی ناسیۆنالیستی و بیری نەتەوایەتی لەنێو نەچوو و ئێستا ئەو ئامانجانە هەر هەموو کوردستانی گرتۆتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە خواستی قازی محەممەد بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد کرد و وتی ئێمەی کورد دەبێ پرسی یەکڕیزی و یەکگرتوویی کورد بە جیددی بگرین و پێویستیی ئەو یەکڕیزییە لە سۆنگەی زەرووڕەتی نێوخۆی وڵاتدا ببینین و بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە ئەولەوییەتدا دابنێین. خالید عەزیزی لە درێژەی قسەکانیدا پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز نرخاند و وتی: «ئێمە لێرەو ئەوان لەوێ بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانمان تا گەیشتن بە سەرکەوتن هەوڵ دەدەین.»

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەلایەن بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا. بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمی ساڵیادی کۆماری کوردستان، بەخشینی ڕێزنامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە عەلی بداغی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب بوو کە ئەم کۆمیسیۆنە چاپی «بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات»ی لە کتێبێکی دوو بەرگیدا وەک دیاری پێشکەش بە ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان کردبوو.

شایانی باسە کە نێوئاخنی بەرنامەکە بە چەند تابلۆی هەڵپەڕکێ لەلایەن کۆڕی هەڵپەڕکیی ڕۆژهەڵات و کۆرسی هونەریی حیزبی دێموکرات و شایی و هەڵپەڕکیی ئەویندارانی ئازادیی ڕازابۆوە.


قاسم سولەیمانی تیرۆریست، دژی ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەی ... ٤


ئەو هەموو ڕق و قینە دژی کورد لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ ٧


«گیرۆدەیی» نەخۆشییەکی درێژخایەن و جیهانی ٨ – ٩


سیاسەتی زاڵکردنی یەکزمانی و خەسارەکانی ١٠


بەربەستدانان لەسەر ڕێی گەشەی زمانەکان هەوڵێکی دیکتاتۆرانەیە ١١

درێژەی سەروتار

# دوای کۆمارەکەمان

... «ژێکاف» (١٣٢١ک) بە ئایدۆلۆژیایەکی ڕوون و ناسیونالیزمێکی دیار کە هەتا ئەوکات چ لە ڕووی فۆڕمەوە چ لە نێوەڕۆک تەنانەت پێکهاتەکان و بەشداربووان ئاوارتە بوو، لە شاری مهاباد دادەمەزرێ و بە ویژمانێکی نوێ و پراکتیکی، واتە گەیشتن بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی کوردستانێکی گەورە دەست بە خەبات و تێکۆشان دەکا. لە مەرامنانەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا هاتووە: «کۆمەڵەی ژێکاف لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، سولح و ئاشتیخوازی دانراوە».
دواتر لە یەکی خەزەڵوەری ١٣٢٤* ڕێکخراوێکی سیاسیی نوێ بە ناوی «حیزبی دیموکراتی کوردستان» لەسەر بناغەی کۆمەڵەی «ژێکاف» دامەزرا و بە هیندێک گۆڕان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان فەلسەفەی وجوودیی خۆی لەو کۆمەڵەیە وەرگرت و دوای چەند مانگێک لەسەر خوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی قازی محەممەد لە ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ هەتاوی دادەمەزرێ.
کۆماری کوردستان لە پرۆسەی هێنانەئارای چەمکیی نیشتمانپەروەری و «نەتەوەسازی»یدا هەم ئاوات و ئارەزوەکانی خەڵکی کوردستانی وەدی هێنا، هەم توانی ئەو هەستە هاوبەشە لەنێو خەڵکی کوردستاندا دروست بکات کە خۆیان بە خاوەنی ئەم دەسکەوتە بزانن. کۆماری کوردستان لە ڕەوتی دەسەڵاتداریی خۆی لەم ١١ مانگەدا بە کۆمەڵێک داهێنان و دەسکەوتی وەک: بەشداریی چالاکانەی ژنان و لاوان لە چوارچێوەی ڕێکخراوگەلی مەدەنی، خوێندن بە زمانی کوردی، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار تەنانەت بۆ مندالان (گڕوگاڵ)، پەیوەندیی سیاسی و بازرگانیی کۆماری کوردستان لەگەڵ کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ بووژانەوە و گەشەی ئابووری و بازرگانی، ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان بۆ چارەسەرکردنی هێمنانەی کێشەی سنوور، هەروەها پرسی هاونیشتمانیانی دوولایەن کە لە خاکی یەکتردا دەژیان، بەشداری نوێنەران و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان کە وەک یەکەمین کۆماری نەتەوەیی و دیموکراتیک لە مێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەتوانرێ پێناسەی بۆ بکرێ کە پێشەوا و هەیئەتی وەزیران هەستیان پێ کردبوو و کردیانن، دەستی بە کار و چالاکی کرد. بەڵام سێ هێما و ئێلێمان کە وەک ڕەمزێک دوای ٧٦ ساڵ نەک هەر لەبیر نەکراون بەڵکوو ناسیونالیزمی کوردی و نەتەوەی کورد بەجۆرێک شوناسی خۆی لێ وەرگرتووە و بووەتە سێ کوچکەی بیری نیشتمانپەروەری و دەکرێ بڵێم سەرجەم بزووتنەوەکانی کورد دوای نەمانی کۆمار، هەوێتیی خۆیان هەرنەبێ لە بواری مێژووییەوە لەوە وەرگرتووە بریتین لە: «ئالای کوردستان»، «سروودی نەتەوایەتی»، «هێزی پێشمەرگە».
ئەگە لە هەموو وڵاتێکی سەربەخۆ و سەربەست ڕۆژی نەتەوەیی بەم سێ هێمایە دەناسرێ، بەڕێوە دەچێ و تاکی ڕەسەن شانازیی پێوە دەکا، لە کوردستان بزووتنەوەی کورد لە نەبوونی حکومەتێکی سەربەخۆ دەیکاتە هەوێنی ڕەوتێکی هزری بۆ گەیشتن بەم ئاواتە.
لە دوای نەمانی کۆمار، بەرنامەی سیاسیی کۆمار و کەسیی پێشەوا وەک مانیفێستێکی ناسیۆنالیستی پەنگی داوەتەوە، بە جۆرێک کە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە ئامانجە بەرزەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بێ و چەمکی «نەتەوە سازی»ـی پێ بهۆننەوە! بەشی هەرە زۆری ئەو هێز و حیزبانەی لە چواربەشی کوردستان دامەزران و خەبات بۆ ئازادی و سەربەستیی گەلی کوردیان دەست پێ کرد، خۆیان بە پاشماوەی فکریی کۆمار دەزانن و بەمەبەستی پاتەبوونەوەی سیستەمی کۆمارێکی دێموکراتیک یان ئایدیای نزیک لەمە تێکۆشاون.
لەلایەکی دیکەشەوە جڤاکی سڤیل و شەقامی کوردی بەدوای ئەو دیسکۆرسە پێشکەوتووەدا ڕۆیوە و بە ئێستاشەوە وەک باشترین مۆدێل و میناک بۆ دوارۆژی کوردستان بۆ پتەو بوونی ڕێزەکانی و نۆستالۆژیاییەکی بەهێزی مێژوویی سەیری دەکا.
لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا کۆماری کوردستان چ وەک دەسکەوتێکی بەرهەست کە بریتی بوو لە دەسەڵاتێکی سیاسی بە هەموو تایبەتمەندییەکی دامەزراوەیی و دەوڵەتی کە توانی بۆ ماوەی ١١ مانگ ئیرادەیەکی پڕ لە شانازی و دەسکەوتی نەتەوەیی پێشکەش بکا، چ وەک هێما و سیمبولێکی دەرهەست کە هەتا ئێستاش مرۆڤیی کورد لەوپەڕی ماناکانی «کوردایەتی و نەتەوە» سەرچاوەی ئیلهام بۆ بنیاتنانی داهاتووی خۆی وەک پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەزانێ بە ڕووداوێکی گرینگ دادەنرێ. ئەم ڕووداوە لە درووستکردنی هەستێکی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕۆڵێکی ئەرێنی و کارتێکەری هەبووە. ئەم هەستە هاوبەشە کە لە پرۆسەی «نەتەوەسازی»دا بنیات و بنەمایەکی پتەوی زانستییە و وای کرد کە هەموو تاکێکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، کۆماری کوردستان بە هی خۆی بزانێ و بە هەر شێوەیەک کە بۆی دەگونجێ لە چەسپاندن و پاراستنیدا بەشدار بێت. کەوابوو کۆماری کوردستان ئەو سەرەتا هاوبەشە مانادارە نەتەوەییە بوو کە کورد بە گشتی خاوەنداریێتیی لێ بکا و ببێتە قەوارەیەک بۆ کۆکردنەوەی هەستێکی هاوبەش لەنێو پێکهاتەیەکی تایبەتدا بە ناوی نەتەوەی کورد.

***

## خالید عەزیزی:

# بیری کۆمار بیری تەواوەتیی یەک نەتەوەیە کە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانیەوە بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی تێدەکۆشێ




**[دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی حەفتاوشەشەمینساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان]**

بە بۆنەی هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە بەشداربووانی ئەم ڕێوڕەسمە دەکەم، پیرۆزباییەکی گەرمیش بە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو شوێنەی کۆمارەکەمانی لێ دامەزرا دەڵێم، ئێوە خەڵکی کوردستان کە ئێستاش پاش ٧٦ کۆڵتان نەداوە و لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، باوەڕەکانی پێشەوای کوردان، قازی محەممەدی دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەردەوامن. بۆیە جێی خۆیەتی لە پەسنی پێشەوای هەموو کوردان‌دا منیش بڵێم: "تا وێنەی تۆمان هەبێ نامرین، ئافەرین ئەی پێشەوای کورد، ئافەرین، ئافەرین ئەی قازی محەممەد، ئافەرین".

هەر لە دەسپێکی قسەکانمدا لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەڵێم کە ئەندام یان چەند ئەندامێکی بنەماڵەکەیان لەپێناو دەستەبەری ئامانجەکانی پێشەوادا گیانیان بەخت کردوە، هەروەها یادی هەموو ئەو تێکۆشەرانە بەرز ڕادەگرین و سڵاویان بۆ دەنێرین کە لەپێناو سووربوونیان لەسەر ئەم ڕێبازە خراونەتە بەندیخانەوە؛ سڵاوێکی تایبەتی و گشتیش بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان کە پاش ٧٦ ساڵ لە دامەزران و نسکۆی کۆمار، بەڵام لەگەڵ حیزبەکەی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان هەر ماونەتەوە و پشت و پشتیوانی بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوراز و نشێوی زۆری لە مێژووی ژیانی سیاسیی خۆیدا بڕیوە، باج و هەزینەی قورسیشی لەپێناو ئاڵاهەڵگریی خەباتی نەتەوەییدا داوە، بەڵام ئەو حیزبە بۆیە سەربڵێندە و لە مەیدانی خەبات‌دا بە سەربەرزی ماوەتەوە، چونکی پشتی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەستوە. ئێوە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی سەخت و دژواری ئەم حیزبەدا لە پشت ڕۆڵەکانی خۆتان بوون و هەتا ئێوە شلە مەیداندا بن، حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد و باوەڕەکانی هەروا بە زیندوویی و سەربەرزی دەمێنێتەوە.

> **حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمێشە گوتوویەتی کێشەی ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمانە و تابعێک نییە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام بەرانبەر بە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە ئێران بێتەفاوەت نابین و لە هەموو ئەو بەستێنانەدا هەوڵ دەدەین دەنگی مافخوازیی خۆمان بەگوێی خەڵکان و لایەنە جۆراوجۆرەکان بگەیەنین.**

لەسەر کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی بەحەق مێژوونووسان، بەتایبەت مێژوونووسانی بیانی زۆر بە وردبینییەوە دواون و وانەی زۆر گرینگ و پڕبایەخیان تێدا هەڵێنجاوە. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆکە بۆ حیزبەکەی پێشەوا گرینگە ئەوەیە کە چلۆن لە بەردەوامیی سیاسەت و خەباتماندا کەلک لە وانەکانی کۆمار و پێشەواکەی وەرگرین. کۆماری کوردستان لە دروستکردن و جێخستنی نۆڕم و هێماکانی مۆدێڕن بۆ ناسیۆنالیزم و بەنەتەوەبوون لە لوتکەدا بوو. ئاڵای نەتەوەیی، سروودی نەتەوەیی، ناو و هێزی پێشمەرگە کە ئێستا ئیدی سیمبولی خەبات و تێکۆشانێکی بەرحەق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیشە، هەر لەو سەرچاوەیەوە جێ کەوتوون.

کۆماری کوردستان لە گۆشە نیگای سیاسییشەوە هونەرێکی گەورەی تێدابوو کە بە ئاماژە و دانانی زۆربەی مێژوونووسان بۆ ژیریی پێشەوا قازی محەممەد دەگەڕایەوە، ئەویش دامەزرانی حیزبی دێموکرات بوو. حیزبی دێموکرات درێژەی ڕەوتی دانەبڕاوی خەباتی سیاسیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-کاف) بوو. ناسیۆنالیستەکانی کورد لە کۆمەڵەی ژێکاف‌دا لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە و تاوتوێی بیری کوردایەتییان دەکرد. لەو سەردەمەدا لەسۆنگەی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە دەرفەتێک دێتە پێشێ و بەتاڵاییەک دروست دەبێ. قازی محەممەد زوو دەیبینێ و بۆ ئەوەی پرسی کورد چیدی لە کۆڕ و کۆبوونەوە و ژوورە داخراوەکاندا تاوتوێ نەکرێ، دێتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ حیزبی لەپێناودا دروست بکرێ و بەحەق هەلەکەی قۆستەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند. لەو قۆناغ و برگە مێژووییەدا تۆ دەبوا چووبایە نێو گەمەکە، بۆیە بە زیرەکیی زۆرەوە پرسی کورد و حیزبی دێموکراتی کرد بە بەشێک لەو هاوکێشەیە و ئەوە هونەری قازی محەممەد و بەرهەمی ژیریی پێشەوامان و هونەری قۆستنەوەی هەل و دەرفەت لەلایەن بەڕێزیانەوە بوو.

لە قۆستنەوەی ئەو هەلە و دامەزرانی حیزبی دێموکرات و چەند مانگ دواتر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ماوە زەمەنییەکان کەم و کورت بوون، کۆمەڵی کوردەوارییش تا ڕادەیەکی زۆر نەخوێندەوار بوو، هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان باڵیان بەسەر هەموو ئاڵوگۆڕەکاندا کێشابوو. لە دەرەوەی کوردستان و لە تاران باش لە دەنگی مافخوازیی کورد نەدەگەیشتن، بەشێک لە خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزییەکاندا بوو. ئەوە هونەرێکی گەورە بوو کە پێشەوا لەو قۆناغەدا بتوانێ هەلەکە بقۆزێتەوە و سەرەڕای هەموو بەربەستەکان و بە لەبەرچاوگرتنی زەرفییەتە سنووردارەکان، بەڵام بە ئیرادە و بە پشتبەستن بە خەڵک و ڕەوایی مافەکانی کورد، حکوومەتی کوردی دابمەزرێنێ. ئەگەر لەوکاتڕا تا ئێستا چاو لە هەل و دەرفەتە هاوچەشنەکان بکەینەوە، پێموایە ئەو دەرفەتانەی لە زۆر جێ و قۆناغی مێژووییدا بۆ کورد هەڵکەوتوون، وەک ئەوکات نەقۆزراونەتەوە. کەوابوو ئێمە شانازی بەو ڕابردووە دەکەین. ڕووخانی کۆماری کوردستانیش بۆ ئەوە نەدەگەڕایەوە کە پێشەوای کوردان ئیرادە و حیزبەکەی توانای خۆڕاگریی نەبوو، یان خەڵکەکەی لەپشت نەبوو؛ بەڵکوو دەرەنجامی هاوکێشەیەکی نێودەوڵەتی بوو. هاوکێشەیەک کە لە دەرەوەی ئیرادەی سەرکۆماری کوردستان و دەسەڵاتی کوردیی تازەدامەزراو بوو.

کۆمار ڕووخا، بەڵام بیرۆکەی کوردایەتی و ناسیۆنالیزم و ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات تێکنەچوو. ئەگەر سەردەمی کۆمار دەسەڵاتی کۆمار لە چوارچێوەی موکریان‌دا سنووردار بوو، بەڵام بینیمان کە دوای شۆڕشی ٥٧ تا نزیک کرماشان ڕۆیشت. ئێستا بەخۆشییەوە بیری کۆمار هەموو نیشتمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتوە، جێگای شانازییە کە لەنێو کوردەکانی خوراسان و کوردانی دانیشتووی تاران و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش ئەم بیرۆکەیە، بیری تەواوەتیی یەک نەتەوەیە کە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانیەوە بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی تێدەکۆشێ. ئەگەر لە سەردەمی کوردستان‌دا کەسانی غەیرە کوردی ئێرانی پەیامی ئێمەیان پێ نەدەگەیشت یان لێی تێنەدەگەیشتن، یان مێدیا و کەرەستەی ڕاگەیاندن بەو شێوەیە نەبوو، ئێستا هەیە و زۆرە و ئەوە ئەرکی ئێمە و تێکۆشەران لە نێوخۆی وڵاتیشە کە خەڵکی غەیرە کورد زیاتر لە پرسەکەی خۆمان بگەیەنین. لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان‌دا پێشەوا هەموو هەوڵێکی دەدا بۆوەی بە خەڵکی غەیرە کوردی ئێران بڵێ کە ویست و داخوازەکانی ئێمە کورد چییە، بڵێ کە مافەکانی ئێمە ڕەوا و ئینسانین، دێموکراتیکن و لەگەڵ زۆربەی زۆری یاسا و ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان دێتەوە، بۆیە ئێمە دەبێ بە شانازییەوە لەو ئەرکە بەردەوام بین و ئەو بەها و بایەخانەی وەک میراتی کۆمار بۆمان ماونەتەوە، بیانبەینە نێو خەڵک.

بیرۆکەی پێشەوا قازی محەممەد و دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لەژی هیچ میللەت و ئایینێک نەبوو، بەڵام دیفاع لە مافەکانی خۆمان بوو کە بە تێگەیشتن و پێگەیشتن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لەسەر بنەمای تەوافوق بتوانی بەستێن و چوارچێوەی شیاوی بۆ دروست بکەین؛ ئەم بیرۆکەیە ئێستاش بەخۆشییەوە لە جێگای خۆیدایە. هەر لەژێر ڕووناکیی ئەو بۆچوونەدا ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە لەگەڵ دژبەران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی ئەو بنەماگەلەدا بچینە پێشێ کە ئەویش ئەوەیە: ئێران لە داهاتووشدا ئەمنییەت و ئارامی بە خۆیەوە نابینێ، دێموکراسیی تێدا دانامەزرێ، کێشەکان چارەسەر نابن، ئەگەر ئەم وڵاتە لەسەر بنەرەتی هاوبەشی و بەشداریی کورد و پێکهاتەکانی دیکە و مافی وەک یەک بۆ هەمووان دروست نەکرێتەوە. بۆیە حیزبی دێموکرات زۆر جار لە ناردنی ئەو پەیامە بۆ غەیرە کوردەکان پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە پرسی کورد بۆ داهاتووی ئێران و دامەزراندنی دێموکراسی و دامەزراوە مەدەنی و قانوونییەکان هەڕەشە نییە. بەڵام کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا ڕوخسارێکی دیکە لە پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بۆ خەڵک وێنا بکا، بۆیە ئەوە ئەرکی ئێمەیە بۆ ناساندنی پرس و داوا بەرحەقەکەمان لە خەبات و تێکۆشان نەوەستین. هەر لەژێر ڕووناکایی ئەو سیاسەتەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ هەم دەستپێشخەریی بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی پرسی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی نوێ دەکرد و، بە شانازی و بە بوێرییشەوە بەرگریی لە سیاسەت و بنەما نەتەوەییەکانی کورد دەکرد. هاوکات کاری دەکرد بەستێنەکانی جێگیربوونی ئەو بایەخ و بنەمایانە چێ ببن. ئێستاش حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا دەجووڵێتەوە و بەرنامەکانی دەباتە پێشێ.

فاکتەرێک کە لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌دا یارمەتیی پێشەوا قازی محەممەدی بۆ ئەو بڕیارە گرینگە دا، فاکتەری دەرەکی

←

کوردستان
ژمارە: ٨١٥
٢ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ _ ٢٢ی ژانوییەی ٢٠٢٢

**ڕووخانی کۆماری کوردستانیش بۆ ئەوە نەدەگەڕایەوە کە پێشەوای کوردان ئیرادە و حیزبەکەی توانای خۆڕاگریی نەبوو، یان خەڵکەکەی لەپشت نەبوو؛ بەڵکوو دەرەنجامی هاوکێشەیەکی نێودەوڵەتی بوو. هاوکێشەیەک کە لە دەرەوەی ئیرادەی سەرکۆماری کوردستان و دەسەڵاتی کوردیی تازەدامەزراو بوو.**
**کۆمار ڕووخا، بەڵام بیرۆکەی کوردایەتی و ناسیۆنالیزم و ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات تێکنەچوو. ئەگەر سەردەمی کۆمار دەسەڵاتی کۆمار لە چوارچێوەی موکریاندا سنووردار بوو، بەڵام بینیمان کە دوای شۆڕشی ٥٧ تا نیزیک کرماشان ڕۆیشت. ئێستا بەخۆشییەوە بیری کۆمار هەموو نیشتمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتوە، جێگای شانازییە کە لەنێو کوردەکانی خوراسان و کوردانی دانیشتووی تاران و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش ئەم بیرۆکەیە، بیری تەواوەتیی یەک نەتەوەیە کە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانیەوە بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی تێدەکۆشێ.**

و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان بوو، بەحەق پێشەواش چاکی قۆستەوە. ئەو هاوکێشانە ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە، ئێستاش هەر هەمان هێزیان هەیە. کاتێک باسی ئێران و سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دەکرێ، ئێران بەپێی سروشتی سیاسەتەکانی کە دروستکردنی نائەمنی و ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوچەیە و بۆ ئەوەش سامان و سەرچاوە داراییەکانی وڵاتی ئێرانی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لە دەرەوەی ئێران خەرج دەکا و خەڵک لەو سۆنگەیەوە لە هەژاری و بێئەنواییدا ڕاگیراون؛ ئەوە یەک لەو بابەتانەیە کە بەردەوام دێتە گۆڕێ. سیاسەتی ئێمە لەو بازنەیەشدا هەمیشە ڕوون و دیار بووە. ئێمە لە هەموو تریبوونەکان، لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکان گوتومانە ئێران کاتێک دێموکراسیی تێدا جێگیر دەبێ، مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە چەسپاو دەبن و خەڵکی کوردیش بە مافەکانی خۆی دەگا؛ ئەوەیە کە لە نێوخۆ خەڵکی ئێران بە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی خۆیان هەموو وزەی خەباتگێڕیی خۆیان لەدژی کۆماری ئیسلامی بخەنە گەڕ و ببن بە ئادرەسێکی بەهێز و ئەڵتەرناتیڤ لەدژی ئەو نیزامە. ئەمەیە دەستەبەری ئاوردانەوەی کۆمەڵگەی جیهانی لە پرسی نێوخۆیی ئێران دەکا. کاتێک سەیری میدیاکان دەکرێ، تەنیا ئەوە زەق دەکرێتەوە کە بڵێی لەسەر بووژاندنەوەی بەرجام و کێشەی ناوکیی ئێران ئەم وڵاتە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێک بێن؟ بەڵام ئەوە هەموو کێشەکە نییە. ڕەنگبێ پێک بێن و ڕەنگبێ پێک نەیەن و لەوانەیە ئەو دۆخە هەروا درێژەی هەبێ. کۆماری ئیسلامی کێشەی ناوکیی خۆی بۆ بەبارمتەگرتنی ناوچە و خەڵکی ئێران بەکار هێناوە و مەبەستەکەشی داپۆشین و دیزەبەدەرخۆنە کردنی کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکانی و لە تەنیشت ئەوە بەردەوامیی



سیاسی هێژمۆنیخوازیی لە ناوچە بووە. بەداخەوە لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانی پێوەندیدار بە ئێراندا زۆر بە کەمی باس لە کێشە و پرسە نێوخۆییەکانی ئێران دەکرێ و ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە. بەڵام حیزبی دێموکرات لە هەر شوێنێک قسەی بڕوا و قسەی ڕۆیشتبێ، لە هەر شوێنێک گوێیان دابێتێ، تێدەکۆشێ بڵێ پرسی ئێران ناکرێ بە کێشەی ئەتومی و مووشەکی و بەرجامەوە سنووردار بکرێ، چونکی ئەوە دەکرێ بە ڕێککەوتن یەکلا بێتەوە، یان بە نیوە ڕێککەوتن بڕواتە پێشێ و دەکرێ ئاواش بمێنێتەوە. بەڵام کێشەی ئێران بەوە چارەسەر نابێ. هەمیشەش گوتومانە کۆماری ئیسلامی بۆ پشت پێبەستن نابێ، بۆیە هیوادارم لە نێوخۆی وڵات هەموو لایەکمان و، لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا تێبکۆشین بە بەرنامە بچینە پێشێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە گوتوویەتی کێشەی ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمانە و تابعێک نییە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام بەرانبەر بە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە ئێران بێتەفاوەت نابین و لە هەموو ئەو بەستێنانەدا هەوڵ دەدەین دەنگی مافخوازیی خۆمان بەگوێی خەڵکان و لایەنە جۆراوجۆرەکان بگەیەنین.

لە یادی کۆماری کوردستاندا پێمخۆشە ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم، سەرۆککۆماری کوردستان، دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات، پێشەوا قازی محەممەد لەو سەردەمدا هەموو هەوڵێکی خۆی دا بۆوەی یەکیەتی و یەکڕیزی لە نێوماڵی کورددا بەهێز بێت و بۆ ئەوەش مایەی زۆری لە خۆی دانا. لەو سەردەمەوە مەسەلەی تەبایی و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد هەمیشە گرینگ بووە و یەکێک لەو بابەتانەش کە زەرەر و زیانی بە پرسی کورد گەیاندوە، هەر ئەو نەبوونی تەبایی و یەکڕیزییە بووە. ئێمە کورد فێرین زۆر زوو کێشەی نەبوونی تەبایی و یەکڕیزیی لەنێو خۆماندا دادەپۆشین و هۆی سەرنەکەوتن و ناکامیی خەبات و تێکۆشانی خۆمان و خەتاکەی دەبەینە لای خەڵکی دیکە. سەردەمێک خەتاکە دەچۆوە لای زلهێزەکان، لەو دواییانەش خەتاکە دەبرێتە لای ئەو لایەنانەی کێشەیان لە کورد هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە یەکگرتوویی و یەکڕیزی دەتوانێ بەشێکی زۆر لەو کێشانە چارەسەر بکا. ئەوە گرفتێکی یەکجار گەورەیە و زۆرجار دەگوترێ کە ئەمە "دەردە کورد"ە.

ئێمەی کورد و ئێمەی حیزبە سیاسییەکان کە نیشتمانەکەمان لە جوغرافیا و لە ناوچەیەکی ئاڵۆز و هەستیاری سیاسیی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکەوتووە، دەبێ زۆر بە وریاییەوە لە دیاردەی ناتەبایی و ناڵێکییەکان بڕوانین. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە ئەو واقعەی بە جدی گرتوە و پێی وایە کە ئێمە دەبێ لە نێوماڵی خۆمانەوە دەست پێ بکەین. هەتا ئێمە لە نیوماڵی خۆماندا نەیسەلمێنین کە بۆ ئەو مەبەستە فیداکاری دەکەین، ناتوانین لە شوێنی دیکەش قسەی باشمان هەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر دوای لەتبوون ڕایگەیاند کە ئەو دۆخە داسەپاو بووە، بەڵام ئەوە نابێ هەتا کۆتایی مێژوو درێژەی هەبێ. دەبێ لە شوێنێک ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ، بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەرنامە و پڕۆژەمان ئەوە بووە کە دەستپێشخەر بین و بەخۆشییەوە لە ئێستادا دانیشتنەکانی دوو لایەنی دێموکرات بۆ یەکگرتنەوە تا ڕادەیەکی باش چۆتە پێشێ. هەر لەو پێوەندییەدا هیوادارم ڕێبەران و ئەندامانی حیزب لە هەردوولا ئەوە بە جیدی وەربگرین و تێبکۆشین کە یەکڕیزی و یەکگرتوویی و بوونەوە بە یەک لە سۆنگەی زەروورەت و پێداویستیی نێوخۆی وڵاتەوە چاوی لێ بکەین. لەوێوە چاو لەو پرسە بکەین. خەبات و تێکۆشانی ئێمە تابعێکە لە دۆخی نێوخۆی وڵات. ئەوە کە لە نێوخۆی وڵات بە خۆشییەوە خەڵکەکە شعووری سیاسییان بەرزە و هەستی نەتەوایەتییان زۆر لەپێشە و ئێستا بۆ نموونە پرسی فێرکردن و خوێندن بە زمانی کوردییان کردوە بە بابەتێکی جدی وەک بەردی بناغەی هۆوییەتی کوردی، ئەوە هەر ئەو سیاسەتەیە کە زیاتر لە ١٥ ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستان کاری لەسەر دەکا. بۆ ئەوەی ئەوانە باش بچنە پێشێ، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان پێویستە. ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە بڕوانیە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، ئەوە ئەرکێکی پیرۆزی نەتەوایەتییە. ئەگەر لە ڕوانگەی کێشەی حیزبی و هەڤرکێی دوو حیزبەوە سەیری بکەین، بە ئەنجام ناگا. بۆیە ئێمە ئەگەر ئیمتیازیشمان دابێ، کۆتاش هاتبین، نەرمیمان نواندبێ و تەنازولیشمان کردبێ، لەسەر بنەمای ئەو زەروورەتە و بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە بووە. ئێمە دەبینین کە لە نێوخۆی وڵات خەڵک ڕۆژانە دەگیرێن و لە سۆنگەی بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەخرێنە بەندیخانەوە، لەسەر بابەتی فێرکردنی زمانی دایک زیندانی دەکرێ، سروشتییە ئەوە ئەرک دەخاتە سەر شانی ئێمە. بۆیە ئەگەر زەروورەتە بگوازینەوە بۆ نێوخۆی وڵات، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی هەر دوو لای دێموکرات. دەنا ئەگەر وەکوو دوو حیزب چاو لە پرۆسەکە بکەین، لەوانەیە هیچمان حەوجێمان پێی نەبێ. هەردوو حیزبەکە ڕۆژانە کاری خۆیان دەکەن و دیارن و لە شوێنان دەخوێندرێنەوە و چالاکیی خۆیان هەیە، بەڵام تاکەی؟ پاشان بۆ چی؟ حیزبایەتیی ئەمجۆرە بۆ کام مەبەست؟ ئێمە حیزبایەتیمان بۆ ئەو مەبەستەیە کە قازی محەممەد مەبەستی بوو کە لە کاتی گۆڕینی کۆمەڵەی ژێکاف بە هەموو بەرز و پیرۆزیی خۆیەوە بۆ حیزبی دێموکرات دەیفەرموو ناکرێ هەر لە ژوور و کۆڕ و کۆبوونەوەکان دابنیشین، دەبێ حیزب دروست بکەین و کاری پێ بکەین و دامەزراوەی لەسەر دروست بکەین و لەو ڕێگایەوە بتوانین دەوڵەتی پێ دابمەزرێنین. کەوابوو حیزبایەتی ئامرازە و چ عەقڵییەتێک باش بتوانی لەو زەرف و ئامرازە کەڵک وەرگرێ، دەتوانی باشتر وەڵامی زەروورەت و پێداویستییەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی بداتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەریی ئەم حیزبە لە داهاتووشدا بە هەست بە بەرپرسایەتیی زیاترەوە دەچێتە پێشێ تا ئەو پرۆسەیە بەئاکام دەگا. بۆیە جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە، ئێمە کە گلەیی و گازندەمان لە نایەکگرتوویی و لە دابڕانەکان هەیە، خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش دەبێ بۆ ئەو مەبەستە تێبکۆشن. یەکڕیزی و تەبایی و هاوکاریی چالاکان و دامەزراوە جۆراوجۆرە مەدەنییەکان چ مەدەنی، کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزی، فێرگەکانی زمان، هەمووی ئەوانەی بەیاسایی کار دەکەن و دامەزراوە و بنیاتە کولتوورییەکان بەڕێوە دەبەن، تەنانەت لە تاران و ناوچە کوردنشینەکانی خوراسان؛ ئێوەش دەبێ یەکگرتوو بن. ئێوەش دەبێ لە نێوخۆ پتر بنەماکانی یەکیەتی و یەکڕیزی ببیننەوە. ئێمە هەموو لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانمان لێرە و لە نێوخۆی وڵات دەبێ یەکگرتوو بین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە دەمهەوێ پێداگری لەسەر ئەوە بکەینەوە کە پەیامەکەی پێشەوا قازی محەممەد، بیرۆکەی کۆماری کوردستان و ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەوەیە کە لە بەرانبەر تاڵی و سوێری و ناخۆشییەکان کە بەسەرماندا هاتوە، لە لەسێدارەدانی دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد، تەحەمولی شکەنجە و زیندان و دەربەدەریی ڕێبوارانی ڕێگەی پێشەوا، دواتر تێرۆر و شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگە، سەدان کادر و بەتایبەت ڕێبەرانمان د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، تێرۆرەکەی شەوی یەلدا و مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد، بەڵام ئەوانە هیچکام ئێمەی بەچۆکدا نەهێناوە. دڵنیاتان دەکەینەوە ئەو ڕێگایەش کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوا قازی دایناوە، بەخۆشییەوە نهادینە بووە، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکێکی زۆر دایە، ئەگەر لە داهاتووشدا -کە هیوادارم شتی وا دووپات نەبێتەوە- زەبری قورستریشمان لێ بدەن، ئێوە لە نێوخۆی وڵات، کولتوورێک و بیرۆکەیەک بۆ خەباتتان جێخستووە، کە هەرگیز ئەو ڕەوتە تێدا ناچێ، بۆیە جێگای خۆیەتی منیش بڵێم "قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە".

بۆ جارێکی دیکە ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕۆژی کۆمارەکەی ئێوە پیرۆز بێ و سەری ڕێز و نەوازش بۆ دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات، پێشەوا قازی محەممەد، ڕەئیسجمهووری کوردستان دادەنوێنم.

ئێوەش هەر سلامەت بن.

***

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، هێز و لایەنە سیاسیەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی!**

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ حەفتاوشەشەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد. بەو بۆنەوە پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوەی خۆشەویست دەکەین و هیواداریین ئەو مەشخەڵەی لە کۆماری کوردستان هەڵکرا تا گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوەکەمان هەروا بڵێسەدار و گەشاوە بێ.

تێکۆشەران و ڕێبەرانی نەتەوەکەمان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان حەفتاوشەش ساڵ لەوەپێش لە حاڵێکدا یەکەمین کیانی کوردی واتە کۆماری کوردستانیان دامەزراند کە لە زۆر ناوچەی جیهان و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەم لە مافە نەتەوەییەکانیان بێبەش بوون هەم مەودایەکی زۆریان لەگەڵ دێموکڕاسی و بایەخە مرۆییەکانی سەردەم هەبوو، هەربۆیە جێی خۆیەتی کە بوترێ کۆماری کوردستان و سەرکۆمارە مەزنەکەی پێشەوا قازی محەممەد پێشەنگی دێموکراسی لە ناوچەکەش بوون. کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە دەستیان دابووە دامەزراندنی کیانێکی سیاسیی نوێ، لە بیری نەتەوەسازیشدا بوون، نەتەوەیەک کە هەم بە پرۆسەیەکی تەندروستی نەتەوەسازیدا بڕوا و هەم بایەخە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانی سەردەم خۆی تێدا بنوێنێ. هەر بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا پرسی خوێندن بە زمانی دایک کرایە بەردی بناغەی پەروەردە لە قوتابخانەکانی کوردستان. لە لایەکی دیکەوە لە ماوەیەکی زەمانیی کەمدا قانوونێکی ورد بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەش دانرا کە لەودا بیر لەوە کرابۆوە کە ئاگایان لە کۆمەڵگە و تەنانەت ئاڵوێری ناو بازاڕیش بێ کە نەکا کۆمەڵگە تووشی بشێوی و پاشاگەردانی ببێ. هاوکات دەزگاکانی بەڕێوەبەریی وڵات بە جۆرێک دامەزرابوون کە لەو ماوە کورتە زەمانییەدا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار بەپێی توانا و ئیمکاناتی سەردەم بە باشترین شێوە بەڕێوە دەبران و لە هەمان کاتدا ڕێبەرانی کۆماری کوردستان هەلومەرجێکی وایان خوڵقاندبوو کە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش خۆی تێدا ببینەوە و تەنانەت بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا. بۆیە ئەگەرچی بەداخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان کەم بوو بەڵام هەموو ئەو بناغە پەروەردەییانەی کە لە کۆماری کوردستاندا دانران هەر ئێستاش ڕەنگدانەوەی لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دیارە و هەموو ئەو هێمایانەی کە لە کۆماردا ڕەسمییەتیان پێدرا، وەکوو ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە، بوونەتە هێما و سیمبۆلی کورد لە هەموو دنیادا.

ئەویندارانی سەروەریی نەتەوەیی! ئێستا و پاش ٧٦ ساڵ بە سەر یەکەم کۆماری کوردستاندا، تێکۆشەرانی ماندوویی نەناسی گەلەکەمان هەروا شێلگیرانە لە خەباتێکی بەردەوامدان بۆ ئەوەی کە ئەو مەشخەڵەی لە کۆماری کوردستاندا و بە پێشەنگایەتیی یەکەم سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەددا بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی هەڵکرا هەروا بە گەشاویی بگاتە لوتکەی سەرکەوتن و نەتەوەکەمان بە ڕزگاری و ئازادی و مافەکانی خۆی بگا.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە چاوی بایەخەوە دەڕوانێتە هەوڵ و تێکۆشانی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان و، وەک دەسکەوتێکی گرینگ لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد لێی دەڕوانێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە بێ لەبەر چاوگرتنی سنووره فیکری و سیاسیەکان و بێ سەرنجدان بە جیاوازییەکان لە بواری ئایینی و جوغرافیاییەوە، بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە سەردەمی ئێستادا وا دەخوازێ لە دەوری فەلسەفەی پێکهاتنی کۆماری کوردستان وئامانجەکانی کۆببینەوە.

ئەوساڵ لە کاتێکدا یادی دووی ڕێبەندان دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک زیاتر قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بەرۆکیان گرتوە کە ئەگەر هەروا بڕاو دەبێ گەلانی ئێران چاوەڕوانی ئەوە بن کە ئەو نیزامە لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە تەواوی مەشروعییەتی خۆی لەدەست بدا. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو ئەو قەیرانانەی بەرۆکیان گرتوە بۆ مانەوەی خۆی دەزگای سەرکوت و زەبروزەنگی خۆی لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی پتر لە جاران وەکار خستووە و ڕۆژانە دەبینین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە لە شوێنی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەسەڵاتە ناوەندییە دیکتاتۆر و پاوانخوازەکان و تەنانەت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی پاوانخوازی ئێرانی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون و هەن کە نەتەوەکەمان بە چۆکدا بێنن و هەستی نەتەوەیی و شوناسخوازی لەنێو گەلەکەماندا کەم ڕەنگ و بنبڕ بکەن. لە سایەی هەمان سیاسەتی دژە مرۆییدا کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە چل ساڵە لە هیچ چەشنە تاوانێک دژ بە گەلەکەمان دەستی نەپاراستوە بەڵام ئەوەی گرینگە تێکۆشەرانی گەلەکەمان هیچکات لە خەباتی خۆیان دڵسارد نەبوونەتەوە و ئێستا لە خواروترین تا سەرووترین بەشی کوردستان ئاوات و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانیان کردووەتە پرنسیپەکانی خەباتیان و بۆ ئەو مەبەستە لە تێکۆشانی خۆیان بەردەوامن. لە حاڵێکدا ئێستا لە هەموو کات زیاتر هەستی نەتەوەیی و شوناسخوازی لە کوردستان لە لووتکە دایە و گەلەکەمان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بۆ ڕزگاری و ئازادی و گەییشتن بە مافەکانی تێدەکۆشێ. لە هەمان کاتدا پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە دوای تێپەر بوونی ٧٦ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان ئامانج و ئاواتەکانی نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەمان ئاوات و پەیامی کۆماری کوردستانن کە تێکۆشەران ونیشتمان پەروەرانی کورد لەسەردەمی ئێستاداخەباتی بۆ دەکەن.

لە کۆتاییدا جارێکی تر وێڕای پیرۆزبایی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزارنی کۆماری کوردستان لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، سڵاو دەنێرین بۆ دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان و هەموو ئەوانەی کە گیانی خۆیان بۆ سەرکەوتنی کۆمار بەخت کرد.

سڵاو بۆ گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرکۆماری کوردستان.

بە هیوای وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتەکانی کۆماری کوردستان.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٣٠ی بەفرانباری ١٤٠٠ هەتاوی**

# قاسم سولەیمانی تێرۆریست، دژی ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بوو

**(پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پەراوێزی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی قاسم سولێمانی لە شاری سلێمانی)**




کۆنسولگەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری سلێمانی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٦ی بەفرانبار (٢٠٢٢/١/٦) ڕێوڕەسمێکی بەبۆنەی یادی دوو ساڵەی کوژرانی پاسدار قاسم سولەیمانی لە تەلاری هونەری ئەم شارەدا پێکهێنا. لەم کۆڕەدا هەڤاڵ ئەبووبەکر، پارێزگاری سلێمانی وتارێکی پێشکێش کرد و پێشنیاری کرد کە ڕۆژی کوژرانی قاسم سولەیمانی بکرێ بە "ڕۆژی جیهانیی ئاشتی و دیالۆگی گەردوونی". لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا کە کاربەدەستێکی پایەبەرزی هەرێمی کوردستان داوا دەکا ڕۆژی کوژرانی کەسێکی وەک قاسم سولەیمانی بکرێ بە ڕۆژی ئاشتیی جیهانی، و لەبەر ئەوەی پێشتریش چەند جاری دیکە و لە زمانی بەرپرسە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵوێستی لەو چەشنە بینراون، چەند سەرنجێک دەخەینە ڕوو:

پێش هەموو شتێک جووڵانەوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوونی پێوەندیی سیاسی، دیپلۆماسی و بازرگانیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شتێکی ئاسایی دەزانێ و هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئەوجۆرە پێوەندییانە نییە و نەشبووە. حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە بە خەمی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بوون و بزووتنەوەی کورد لە ئێران بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی هەرێم باج و تێچووی زۆر و قورسیشی داوە کە ئەمە هەست بە بەرپرسایەتیی سیاسی، نەتەوەیی و مێژوویی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەهەمبەر داهاتوو و چارەنووسی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت. لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکەڵاوییەکی مێژوویی و پێوەندییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پتەو و دووروودرێژیان لەگەڵ یەکتر هەیە و ئەو پێوەندییە دیرۆکییە لەنێوان هێزە سیاسییەکانی ئەو دوو بەشە لە کوردستانیش هەر بەو شێوەیە بووە. پێشمەرگە دێرینەکانەکانی هێزە سیاسییەکانی هەردووبەش دەزانن کە لە زۆر کات و بڕگەی مێژوویی و لەپێناو ئامانجی هاوبەشدا کورد گوتەنی خوێنیشمان تێکەڵی یەکتر بووە، لە ڕۆژە ناخۆشەکانی مێژووشدا خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵات لەپشتی یەکتری بوون و ئەو هاوپێوەندی و هاوچارەنووسییە لە مێژووی نەتەوایەتیماندا ڕەگاژۆی کردوە.

لە پێوەندی لەگەڵ قاسم سولەیمانی و دەورونەخشی ئەو کاربەدەستەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا دەڵێین:

ناوبراو فەرماندەیەکی سەربازیی ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران بووە و ئەوە خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە دەبێ لەسەر جێگە و پێگەی ئەو بدوێن و قەزاوەت لەسەر ئاکار و کردەوەکانی بکەن، وەک چۆن ئێمەش ئەو ئیزنە بە خۆمان نادەین قەزاوەت لەسەر کاربەدەستێکی ئێستا و پێشووی عێراق بکەین، بەتایبەت هەرگیز ڕێگەش بە خۆمان نادەین پەسنی هیچ دەسەڵاتدارێک بدەین کە لە یەکێک لە بەشەکانی کوردستان‌دا دەستی بە خوێنی ڕۆڵەی کورد سوور بووبێ. جیا لەوە کارنامەی قاسم سولەیمانی وەک فەرماندەی هێزەکانی قودس کە باڵی سەربازیی ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتەیە، بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە. قاسم سولەیمانی ڕووی لە هەرکوێ کردبێ، کوشتار، کارەسات، وێرانی و کاولکاریی لەگەڵ خۆی بردوە. قەیرانە نێوخۆییەکانی سووریە، لوبنان، یەمەن و عێراق و ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاکامی ڕاستەوخۆی کاریگەری و حزوور و سیاسەت و کردەوەکانی قاسم سولەیمانین. هەروەها هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە نیزیک شاری کۆیە لە قووڵایی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ (٨ی سێپتامبری ٢٠١٨) کە لەودا ١٦ پێشمەرگە و کادری ڕێبەریی حیزبی دێموکرات شەهید بوون، لەگەڵ چەندین جار هەڕەشەی ئەمنییەتی لەسەر بارەگاکانی کۆمەڵە بەهۆی ئەوەی کە ئەو عەمەلیاتە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەکرا، دەبوا قاسم سولەیمانی بڕیاری لەسەر دابا و فەرمانی ئەوی لەپشت بوو. هەروەها پێشتریش تێرۆری سەدان تێکۆشەری کوردی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بە بڕیاری سپای قودس جێبەجێ کراون کە قاسم سولەیمانی فەرماندەی گشتیی ئەو سپایە بوو. لەبیرمان نەچێ کە قاسم سولەیمانی هەر بەپێی بەڵگە و دانانانی زۆر میدیا و دامەزراوە و ئاشکراکردنی حیزبی سیاسی لە عێراق، ڕۆڵی فەرماندەیی و بڕیاردانی لە زۆر جووڵە و ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشدا هەبووە. بۆیە هەرچەشنە پێداهەڵگوتن و ڕێزلێنانێکی کاربەدەستانی باشوور لە قاسم سولەیمانی، دەستخۆشانەی هاوزمان و هاونەتەوەکانمانە بۆ ئەو خوێنانەی سولەیمانی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕشتوونی.

قاسم سولەیمانی لە لیستی ڕەشی سزاکانی ئەمریکا، یەکیەتیی ئورووپا و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا بوو. کاتێکیش کە کوژرا لە ئەمریکا بە دێموکرات و کۆماریخوازەوە و، لە ئورووپاش کەس پرسیار و گومانی نەخستە سەر دروستیی ئەو بڕیارەی کۆشکی سپی کە بۆ لێدان لە ناوبراو دابووی.

ئێمە دەخوازین ئەو جۆرە کۆبوونەوە و لێدوانانەی کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کار نەکەنە سەر پێوەندیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان. بەدڵنیاییەوە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران حیسابی خەڵکی هەرێمی کوردستان و ئەو جۆرە ڕوانگە و بۆچوونانەی ئەو بەشە لە کاربەدەستانی هەرێم و هێندێک لە سیاسییەکانی باشوور لێک جیا دەکاتەوە. بۆیە جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە: قاسم سولەیمانی کاربەدەستێکی سەربازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە پلەکانی سەرکەوتنی بە جینایەت و کومەڵکوژی لە کوردستان‌ڕا دەست پێ کردبوو و دواتریش سیاسەت و بڕیارەکانی ناوبراو کاریگەریی ڕاستەوخۆی زۆر کارەساتباری لەسەر ژیان و ئەمنییەتی خەڵکی ئێران هەبوو. بۆیە ئەوە خەڵکی ئێرانن کە دەبێ قەزاوەت لەسەر ناوبراو بکەن و هەروەک چۆن بینیمان کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە "شهر کرد"ی پارێزگای "چوار مەحاڵ و بەختیاری" خەڵک پەیکەرەی ئەویان پاش چەند سەعات لە دانانی لە ناوەندی شاردا ئاگر دا.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە هەرێمی کوردستان هەموو کات ناوەندی بیری نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرخۆدان و سەرهەڵدان بووە و ئەم جۆرە ڕێوڕەسم و کۆڕوکۆبوونەوانە پرسیار لەسەر پرسە گەورەکەی کورد دروست دەکا و لە هەمان کاتیشدا تۆوی ناهۆمێدی لە دڵی خەڵکی کوردستاندا دەچێنێ و خەڵکی کوردستان ئەمە بە جۆرێک بە پشتتێکردن لە ئارمانە نەتەوەییەکانی کورد لێک دەدەنەوە.

بەو هیوایەی کە لە داهاتوودا هەڵوێستی لەو چەشنە دووپات نەبێتەوە و هەست و بیری کوردانی ڕۆژهەڵات چی دیکە بریندار نەکرێ و تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە هیچ شتێک ناتوانێ کەلێن بخاتە نێوان پێوەندیی نەتەوایەتیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٧ی بەفرانباری ١٤٠٠**

# سەردانی شاندێکی پارتی شەپیلی پێشڤەرۆیا کوردستان لە سکرتاریای حیزب



لە کۆبوونەوەی نێوان شاندێکی پارتی شەپیلی پێشڤەرۆیا کوردستان_سووریە و حیزبی دێموکراتی کوردستان، پرسی کورد و ئاستەنگەکانی لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کران.

ڕۆژی سێشەممە، ٢١ی بەفرانبار شاندێکی پارتی شەپیلی پاشەڕۆژی کوردستانی سووریە بە سەرپەرستیی سولەیمان حوسێن، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و بەرپرسی پێوەندییەکانی ئەم حیزبە لە هەرێمی کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد. شاندی پارتی شەپیلی پێشڤەرۆیا کوردستان لەلایەن هەیئەتی خانەخوێ بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا دوایین پێشڤەچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم پرسی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان و چەندی‌وچۆنیی ڕۆڵی کورد لە نووسینەوەی یاسای بنەڕەتیی نوێی سووریە و دارشتنەوە و دروستکردنەوەی ئەو وڵاتە شەڕلێدراوە قسەوباس و ئاڵوگۆڕی بیرووڕای لەسەر کرا. دوولایەن کۆک بوون کە بەهاری عەرەبی و شۆڕشی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دەرفەتێکی نوێ و باشی بۆ ئاڵوگۆڕ لەو وڵاتە بەتایبەت گۆڕانکاری لە دۆخی کوردە بێ‌مافەکانی ئەو بەشەی نیشتمانی کورد پێکهێنا؛ بەڵام دەستێوەردانە دەرەکییەکان بەتایبەت ڕۆڵی خراپی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو وڵاتەی لە شەڕی نێوخۆییەوە گلاند و بووە هۆی قەیرانێکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کۆچبەری لە سووریە.

پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتی شوناسخوازانەی کورد لەو بەشەی نیشتمان تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم دیدارە بوو.

لە کۆبەندی باسەکانی کۆبوونەوەکەشدا پێ لەسەر ئەوە داگیرایەوە کە دەستەبەری دەسکەوتی نەتەوەیی پتر و بردنەسەرێی سەنگ و قورسایی کورد لە هاوکێشە نێوخۆیی و ناوچەییەکان، لەگرەوی یەکڕیزی و یەکیەتیی بەکردەوەی هێزە سیاسییەکانی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتری و، لە ئاستی گشتیشدا ڕەچاوکردنی پرەنسیپ و هێڵە گشتییە نەتەوەییەکان‌دایە.

# کۆچی دوایی نەمر کەریم شڵماشی




**(ڕاگەیاندراوی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە بەبۆنەی کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و وەفاداری حیزب هاوڕێ کەریم عەباسی ناسراو بە کەریم شلماشی)**

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە، ١٨ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی (بەرامبەر بە ٨ی ژانوییەی ساڵی ٢٠٢٢ی زایینی) هاوڕێی دڵسۆز و وەفاداری حیزب و گەل کاک کەریم عەبباسی ناسراو بە کەریم شلماشی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

هاوڕێ کەریم شلماشی لە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە گوندی شڵماشی ناوچەی سەردەشت لەدایک بوو، لەبەر باردوخی ژیانی بنەماڵەکەی نەیتوانی بچێتە قوتابخانە و لە ڕووناکیی فێربوون و خوێندن بێ بەش بوو؛ بۆیە هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی ملی نا بەر کاروکاسبی بۆ بەڕێچوونی ژیانیان.

لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاویدا کە تازەلاوە بوو، هەستی بە زوڵم زۆریی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و بێبەشیی نەتەوەکەی کرد، بۆیە بەڕەسمی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کار و تێکۆشانی حیزبیدا زۆر دڵسۆزانە بەشداریی کرد و یارمەتیی تێکۆشەرانی بزوتنەوەی چەکدارانەی ساڵانی ٤٧-١٣٤٦ی دا.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بەڕەسمی بووە پێشمەرگە و وەک پێشمەرگەیەکی لەخۆبردوو و فیداکار و جێگای متمانەی ڕێبەرانی شەهید، لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب ئەرکی نیشتمانی و پێشمەرگانەی خۆی بە جێ گەیاند. نەمر کەریم شڵماشی وەک پارێزەری شەهید دوکتور قاسملوو ئەرکی لەسەر شان بوو و بەشی هەرە زۆری تەمەنی پێشمەرگانەی لە سکرتاریا و هێزی پارێزگاری بەو پەڕی بڕوا بەخۆبوون بردە سەرێ و لە هیچ گیانبازی و شەووشەونەخۆنییەک بۆ پاراستنی گیانی ڕێبەرانی شەهید دەریخی نەکرد. هەر ئەوەش بوو کە لەبەر خەمخۆری و دڵسۆزی لەلایەن کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامییەوە پلەی ئیفتخاریی کادری دەرەجە چواری پێ بەخشرا.

نەمر کەریم شڵماشی لە چەند ساڵی دواییدا بەهۆی بەساڵاچوویی و نەخۆشی تووشی ئازار و نارەحەتیی زۆر بوو، بەڵام هەمیشە بە ڕوح و گیان دڵی لەلای حیزب و تێکۆشەرانی حیزبەکەی بوو، و ئاوات و ئارەزووی هەرەگەورەی سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەکەی و ڕزگاری گەلەکەی بوو. بەڵام بەداخەوە مەرگ گەیشتێ و ئیزنی نەدا بە چاوی خۆی ئازادی و سەربەستیی گەلەکەی ببینێ.

کۆمیسیۆنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی کورد، نەمر کەریم شلماشی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێز و تێکۆشەری، خەڵکی گوندی شلماش و ناوچەی سەردەشت و هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کورد دەکا.

سڵاو لە خەبات و تێکۆشانی هاوڕێی بەوەج و فیداکاری حیزبەکەمان کاک کەریم عەبباسی ناسراو بە کەریم شلماشی.

ڕوحی شاد و سەنگەری خەباتی هەمیشە ئاوەدان.

**کۆمیسیۆنی پێشمەرگە**
**١٨ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی**

# سمیناری بەشداریی ژنان لە خەبات و ڕەهەندە جیاوازەکان‌دا



سمیناری بەشداریی ژنان لە خەبات و ڕەهەندە جیاوازەکان‌دا

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی بەفرانبار سمینارێکی بۆ قادر وریا، مامۆستای زانکۆ و خاتوو مۆژگان عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کاک قادر وریا بە ئاماژە بە خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵات، ئاماژەی بە ناوی ئەو ژنانە کرد کە لەماوەی ڕابردوودا لە بواری دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان و مافە نەتەوەییەکاندا چالاکییان کردووە و لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەسبەر کراون یان حوکمی نارەوایان بەسەردا سەپاوە. بەڕێزیان لە درێژەدا بە گرینگییەوە باسی لە پرسی زمان کرد و گوتی: زمان وەک یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوکەمان، وێڕای ئەوەی هەمووکات لەژێر هەڕەشەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا بووە، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیش بۆ پاراستنی تێکۆشاوە و ئێستا ئەو زمانە نەک لەناو نەچووە بەڵکوو دەوڵەمەندتریش بووە.

دواتر مۆژگان عەلیپوور، بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە بەشداریی ژنان لەو ڕەوتە لە خەباتی فرەڕەهەند لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاتە سەر بەشداریی بەرچاو و هەوڵی زۆری ژنان لە بەرەوپێش بردنی خەباتی شوناسخوازیی ژنان لە ڕۆژهەڵات کە زمان یەکێک لەو بوارانەیە کە ژنان هەم وەک تاکێکی کۆمەڵگە وهەم وەک دایکێک بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان لە بەرانبەر پاراستنیدا خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن.

# ناوەندی هاوکاری: ڕێز لەو کەسانە دەگرین کە لە سەنگەری پاراستنی زمانەوە بەرگری لە زمانی نەتەوەکەمان دەکەن

هەوڵی خەمخۆرانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتی تاکزمانیی کۆماری ئیسلامی و هەوڵی سیستماتیکی دەسەڵات بۆ پەراوێزخستن و تواندنەوەی زمانە نافارسییەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆی لە بایەخدان بە زمانی کوردی و کردنەوەی فێرگە و خولەکانی زمانی کوردی‌دا دەبینێتەوە، ترس و نیگەرانیی زۆری بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان دروست کردوە. هاوتەریب لەگەڵ گەشەسەندنی ئەو هەوڵانە، ناوەندە ئەمنیەتییەکانیش بە دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە و وەگەڕخستنی پەروەندەی ئەمنییەتی لەدژی چالاکانی زمانی کوردی بەرهەڵستی تێکۆشەرانی ئەم بوارە بوونەتەوە.

بەندکرانی چەند چالاکێکی مەدەنی و مامۆستای فێرکردنی زمانی کوردی لە چەندساڵی ڕابردوو لە شار و ناوچە جیاکانی کوردستان‌دا کە بە تۆمەتی تێکدانی ئەمنییەتی نیشتمانی پەروەندەیان لە دژ دروست کردوون و سزای قورسی زیندانیان بەسەردا سەپاندوون، ئاماژەی ڕوون بۆ بەردوامیی ڕێژیم لە سیاسەتی سڕینەوە و بەگژداچوونەوەی زمانی کوردین.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا زارا محەممەدی، موژگان کاوسی و کەیوان مینوویی بەشێک لەو کەسانە بوون کە خۆبەخشانە ویستوویانە خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی بکەن و لەو ڕێگەیەدا لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر و لە لایەن دادگاکانی ڕێژیمەوە دادگایی و ڕاپێچی بەندیخانە کراون.

زارا محەممەدی بەرپرسی ئەنجوومەنی فەرهەنگی–کۆمەڵایەتی "نۆژین" یەکێک لەو مامۆستایانەی زمانی کوردییە کە نیزیک بە دە ساڵە لە بواری فێرکردنی زمانی کوردیدا چالاکە، لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات لە شاری سنە دەستبەسەر و دوای ئەوەی کە ماوەی ٦مانگ لەژێر ئەشکەنجە و لێپرسینەوەدا بوو، مانگی سەرماوەزی هەمان ساڵ بە دانانی بارمتەی ٧٠٠ میلیۆن تمەنی و بە شێوەی کاتی ئازاد کرا. هەروەک ئەنجومەنی فەرهەنگی – کۆمەڵایەتیی "نۆژین" کە ڕۆژی ١٢ی بەفرانباری ئەمساڵ لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە، پاش ئەوەی سەرجەم ڕێگا بەناو یاساییەکان، لە قۆناغەکانی دادگای سەرەتایی و دیوانی باڵای دادگای پێداچوونەوەیان بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی "سزای نادادپەروەرانە و بێ‌بەڵگەی پێنج ساڵ زیندانی بە سەر زارا محەممەدی"دا گرتۆتە بەر، بەڵام دیسان ئەو سزایە لە لایەن بەرپرسی گشتیی دەزگای دادی پارێزگای سنەوە پشتڕاست کراوەتەوە.

موژگان کاوسی مامۆستای زمانی کوردی، نووسەر و ژینگەپارێز یەکێکی دیکە لەو چالاکەیە کە لە خۆپێشاندانەکانی گەلاوێژ ی ١٣٩٨ی هەتاوی بە تۆمەتی پڕۆپاگەندە دژی ڕێژیم و هاوکاری لە گەڵ حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستبەسەر کرا و لە لایەن دادگای شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سزای ٣٦ مانگ بەند کرانی بەسەردا سەپا.

کەیوان مینوویی، چالاکی فەرهەنگی و ماموستای زمانی کوردی خەڵکی مەریوانیش چالاکێکی دیکەی مەدەنیی کوردە کە پاش دەستبەسەرکرانی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکان هەتا ئێستا هیچ زانیارییەکی ڕوون لەو تۆمەتانەی کە خراونەتە پاڵی و سەرەڕایی بەدواداچوونی بنەماڵەکەی هیچ هەواڵێک لە چارەنووسی لەبەردەستدا نییە.

لەگەڵ ئەوەی کە لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا ڕێگە بە خوێندن و نووسین بە زمانی نەتەوە ستەملێکراوەکان یان وەک خۆیان دەڵێن زمانە ناوچەییەکان دراوە و پەسەند کراوە بەڵام ڕێژیم بە هەموو شێوەیەک پێشگیری و ڕێگریی لە خوێندن بە زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بێجگە لە زمانی فارسی کردووە. هاوتەریب لەگەڵ ئەو ڕێگرییە چالاکانی فەرهەنگی و مامۆستایانی زمانی دایکی هەمیشە کەوتوونەتە ژێر گوشاری هەڕەشە و ئەشکەنجە و زیندانی کراون. سیاسەتی سڕینەوەی زمانی نەتەوە و پێکهاتە غەیرە فارسەکان لە ئێران و پێداگری لەسەر سیاسەتی تاکزمانی لە حالێک‌دایە کە بەشی کولتووریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان (یۆنسکۆ) ٢ی ڕەشەمەی بۆ پاراستن و پێشگیری لە فەوتانی زمانی دایکی گەلان، بە ڕۆژی زمانی دایک دیاری کردووە، بەڵام وەک باس کرا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ بەهایەک بۆ یاسا و ڕێسا نیودەوڵەتییەکان دانانێ و گەلانی ئێرانی لە مافە سەرەتاییە ئینسانی و یاساییەکانی بێبەش کردووە و هەڵسوکەوتەکانی لە گەڵ یاسا مرۆییەکان ناکۆک و ناتەبایە.

خەمخۆرانی زمانی کوردی بەشێوەی جۆراوجۆر لە هەر ڕێگەیەکی مومکین کە بۆیان گونجابێ خزمەتیان بە زمانی کوردی کردووە و زمانی کوردییان لە فەوتان و لەنێوچوون پاراستووە. لەگەڵ ئەوەی هەڕەشەکانی دەزگاکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم ئەوپەڕی زەخت و فشاریان خستۆتە سەر وانەبێژان و نووسەرانی کورد و بە تۆمەتی ناڕەوا و دوور لە ڕاستی پەلکێش کراونەتە ئیدارەی ئیتلاعات و ئازار و ئەشکەنجە دراون و زیندانی کراون، بەڵام خەمخۆرانی زمانی کوردی کۆڵیان نەداوە، لە هەڕەشەکانی دژمن نەترساون و لە بەربەستەکان نەپرینگاونەوە و ئازایانە لە مەیداندا بوون و لە سەنگەری بەرگری و برەودان بە زمانی کوردیدا ئازایانە ڕاوەستاون و نەبەزیون. هەروەک زارا محەممەدی دەڵێ ئەمە کۆتایی ڕێگا نییە، بەڵکوو سەرەتایەکی دیکەیە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی بڕیاری دەزگای دادی سنە لەسەر حوکمی بەندکرانی زارا محەممەدی و زیندانی کردنی موژگان کاوسی و کەیوان مینوویی مامۆستایانی زمانی کوردی بە تاوانی تێکدانی ئاسایشی گشتیی وڵات، سپاس و ڕێزی خۆی ئاراستەی هەموو ئەو وانەبێژ و خەمخۆرانەی زمانی کوردی و چالاکانی مەدەنی دەکا کە بەوپەڕی ئازایەتییەوە لە سەنگەری پاراستنی زمانەوە بەرگری لە زمانی نەتەوەکەمان دەکەن و لەو ڕێگەیەدا خۆبەخشانە هاتوونەتە مەیدان و خزمەتی زمانی کوردی دەکەن.



زمانی کوردی وەک پێناسەی نەتەوەیەکی ژێر دەست و توخمی سەرەکیی شوناسی ئەو نەتەوەیە هەردەم لەژێر تەوژم و هورووژمی زمانی نەتەوەی باڵادەستدا بووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە. داگیرکەرانی کوردستان بە هەر شێوەیەک کە بۆیان لوابێ و لە توانایاندا بووبێ ویستوویانە زمانی کوردی لەنێو زمانی نەتەوەی سەردەستدا بتوێننەوە و نەتەوەیەکی دەیان میلیۆنی لە زمانی زگماکیان بێبەش و بێ‌بەری بکەن.

لەگەڵ ئەوەی کە بە کردەوە، لە هەر دوو نیزامی پاشایەتی و حکومەتی ئیسلامیدا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە بووە، بەڵام دڵسۆزان و خەمخۆرانی زمانی کوردی ...

لە هەمان‌کاتدا داوا لە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازادیخوازان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین کە لەو پێوەندییەدا خەمسارد و کەمتەرخەم نەبن و، بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێ پشتیوانی لە زارا و زاراکان بکەن و ئەو بڕیارە نادادپەروەرانەی دادگاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم بکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٥ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی**
**بەرانبەر بە ٢٠٢٢/١/٦ی زایینی**

# سەردانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان

مەسعود تەک، سەرۆکی گشتیی پارتی سۆسیالیستی کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکراتی کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی بەفرانبار (٢٠٢٢/١/١٣)ی زایینی هەیئەتێکی سەرکردایەتیی پارتی سۆسیالیستی کوردستان–باکوور بە سەرپەرەستیی مەسعود تەک، سەرۆکی گشتیی ئەم حیزبە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرپەرەستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێ‌کرا.

تاوتوێی پرسە گرینگەکانی ڕۆژەڤی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتی حکوومەتی ناوەندیی لەهەمبەر پرسی کورد و تیشک‌خستنە سەر هەڕەشە و دەرفەتەکان بۆ دۆزی کورد لەو دوو بەشەی کوردستان، تەوەری سەرەکیی باسەکانی ئەو دیدارە بوون.


لەم دیدارەدا خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دۆخی سیاسی–ئەمنیەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەوشی خەباتی مەدەنی و بەردەوامیی خەباتی شوناخوازیی کورد سەرەڕای تیچووی قورسی بۆ چالاکانی مەدەنی هێنایە بەر باس. هەروەها بە ئاماژە بە دۆخی تێکتەپیوی ئابووریی وڵات و کەڵەکەبوونی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خەڵکی وڵاتی بەبارمتە گرتووە و خەڵک لە سۆنگەی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیمە لە ناوچە کە ئەو گوشارە زۆرەی خراوەتە سەر.



دواتر مەسعود تەک، سەرۆکی گشتیی پارتی سۆسیالیستی کوردستان باسێکی تێروتەسەلی لە دۆخی پرسی کورد لە باکووری کوردستان کرد و کێشە و ئاستەنگ و هەروەها دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستانی شی کردەوە.

پرسی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و پێویستیی یەکڕیزی و هاوپێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و لەگەڵ یەکتری و، هەروەها ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە گشتییە نەتەوەییەکان وەک ئەرکێک لەسەر شانی هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم دیدارە بوون.

# دوو کتێبی شاڕوخ حەسەن زادە لەچاپ دران




دوو بەرهەمی نووسراوەی "شاڕوخ حەسەن‌زادە" بەناوەکانی "کریڤۆ–کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان" (توێژینەوە) و "چاکسازیی یان شۆڕش" (وەرگێڕان) وێڕای وتارێکی ڕەخنەیی شیکاریی لە وەرگێڕ، چاپ کران.

لە "کریڤۆ"دا هاتووە: "سیاسەتی چەقبەستوو و کلاسیک، دواکەوتوویی و بێ‌هیوایی و درێژبوونەوەی خەبات بەدژی زاڵمان درێژتر دەکاتەوە. لەم نێوەدا ناسین و برەودان بە کۆمەڵگای مەدەنی وەک چەمکێکی سەربەخۆی حەوزەی فەلسەفەی سیاسی بە تێچووەکی زۆرکەمتر، دەکرێ بڵێین لە قوناخی ئێستادا مۆدێلێکی لەبارە بۆ خەبات و دامەزراندنی دێموکراسی واقعی، هەڵبەت بە مافی بەرگری ڕەوا وەک یەکێک لە سەرەکیترین ڕێساکانی گشتی کۆمەڵگای مەدەنی و نێودەوڵەتی".

هەروەها لە "چاکسازیی و شۆڕش"یش وێڕای وەرگێڕانی گوتوبێژی دوو بیرمەندی ناسراوی گەردوون (هێربێرت مارکوزە و کارڵ پووپێڕ) لەسەر دوو چەمکی چاکسازیی و شۆڕش، لە وتارەکەیدا هاتووە: "بەشی هەرە زۆری ئەو بزووتنەوانەی لە یەک دوو دەیەی ڕابردوو لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئافریقا (ڕۆژهەڵاتی ناڤین) ڕوویان دا پڕ بوون لە دژوازی و پاڕادۆکس بەجۆرێک نە دەکرێ ناوی شۆڕشیان لەسەر دابنێین نە چاکسازی، لێرەدایە کە دەبێ بەدوای سەرەداوێکی نوێدا بگەڕێین کە بەشێک لەو بزووتنەوانەی سەرخست و بەشی هەرەزۆریشیان هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ چارەنووسیان نادیارە. دوو وێژمانی باو و ڕوانینی سیاسی بەرەهەندیی شۆڕش یان چاکسازی و تەنانەت قەتیس مانەوە لە نەریتێکدا و زۆرجار نوقم بوون لە "ڕووباری بەخوڕ " بزووتنەوەکانی ئێران بەتایبەت کوردی لە ڕۆژهەڵات تووشی بێهیوایی، قەیران و دەکرێ بڵێم سەرلێشێواوی کردووە."

شاڕوخ حەسەن‌زادە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە و "کوردستان" بەبۆنەی چاپبوونی ئەو دوو بەرهەمەی دەسخۆشیی لێ‌دەکا و هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازێ.

# دانمارک، سوئیس و بریتانیا بەڕێوەچوونی سێ ئاکسیۆن بۆ پشتیوانی لە زارا محەممەدی



بە بەشداریی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی دانمارک، سوئیس و بریتانیا، کۆبوونەوە و خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە مامۆستا "زارا محەممەدی" بەڕێوە چوو.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی ژانویە لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی دانمارک لەژێر ناونیشانی "زمانی ئێمە ناسنامەمانە، با دەنگیی ژنانی دەسبەسەرکراوی کورد بین"، خۆپیشاندانێکی بەڕێوە برد. لەو خۆپیشاندانەدا پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی بەندکرانی مامۆستای زمانی کوردی، خاتوو زارا محەممەدی لەلایەن بەڕێز "وریا مەللاک" خوێندرایەوە.

هەر بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی شەممە ١٥ی ژانویە ڕەوەندی کوردی لە شاری "زوریخ"ی سوئیس، بە بەشداریی و هاوکاریی بنەماڵەی خاتوو زارا محەممەدی و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانیانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە، خۆپێشاندانێکیان وەرێ‌خست. لەو گردبوونەوەیەشدا "کامڕان ڕەسووڵی"، بەرپرسی کومیتەی ناوچە و "زاهیر قادرحاجی"، بەرپرسی گشتیی کومیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامیان پێشکێش کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی ژانویەش کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی ڕەوەندی کوردی لەو وڵاتە، خۆپیشاندانێکی بەربڵاوی بە مەبەستی مەحکوومکردنی سزای زاڵمانە و داسەپاوی ٥ ساڵ زیندان بۆ خاتوو زارا محەممەدی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لە شاری لەندەن بەڕێوە برد.

لەو ئاکسیۆنەدا پەیامی کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن "کەیوان ڕەسووڵی"، ئەندامی کۆمیتەی بریتانیاوە خوێندرایەوە. هەروەها پەیامی پشتیوانیی کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ زارای نیشتمان بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن خاتوو "مینا سوارە"، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا پێشکەش کرا. لە درێژەدا پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن بەڕێز "جەماڵ جەبباری"، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا و پەیامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن خاتوو "هەوار ساڵح زەریفی" چالاکی مەدەنی خوێندرانەوە.

# پێشکێش بە یاد و بیرەوەریی نەمر کەریم شلٚماشی

# ((ترس))

**ئاماژە:**

**[ئەم نووسینەی "ساکار" کە لە ژمارەی ١ی گۆڤاری "٢٦ی سەرماوەز" لە ساڵی ١٣٦٣دا بڵاو بۆتەوە، گێڕانەوەی چیرۆکی مەزنی و حەماسەخوڵقێنیی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لەو نووسینەدا چەند ناو هاتوون کە "مامۆستا"، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، "مەنسوور"، کاک مەنسوور خوسرەوی، کادری پێشووی ڕادیۆ دەنگی کوردستان و "کەریم"، نەمر کەریم عەبباسی (شلٚماشی)یە کە بەداخەوە ڕۆژی ١٨ی بەفرانبار کۆچی دوایی کرد. هەروەها بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە درکاندی کە "ساکار"، نووسەری ئەم بابەتە بەڕێز بێهرووز کوردئەحمەدی‌یە.]**

هەشت شەو و ڕۆژی ڕەبەق بوو دوژمن بێپسانەوە و بەوپەڕی دڕندەییەوە بست بە بستی ئەو ناوچەیەی بە تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشا دەکوتا. هەشت شەو و ڕۆژ بوو لە سەنگەر و لە ماڵ و لە چادر، خەو لە چاوان تەرە ببوو. زەوی دەلەرزی و ماروموور و جرۆجانەوەر ئۆقرەیان لێ هەڵگیرا بوو. دوژمن بە هێزێکی تەیار و بێهەژمارەوە پەلاماری ناوچەی "ئالان"ی دابوو و دەیەویست بۆ هەزارەمین جار بەختی ڕەش و ناپیرۆزی خۆی تاقی کاتەوە. هەشت شەو و ڕۆژ بوو پێشمەرگە و خەڵک شان بە شانی یەک و گیانلەسەردەست و دەستبەچەک، بەرانبەر نۆکەرانی ئیمپریالیزم ڕاوەستابوون و هەردەم و ساتێک حەماسەیان دەخوڵقاند و بەکرێگیراوانیان لە خاک و خۆڵ دەگەوزاند. تەنانەت بۆ ماوەی پێنج دەقیقەش، دەنگی سامناکی تۆپ و خۆمپارە کپ نەدەبوو. جارجارەش قیژە و هاژەی فڕۆکەئاسای چەندین مووشەکی کاتیۆشا خەبەری دەدا کە چەند سانیەی دیکە جەهەننەمێک لە تەپ و تۆز و ڕمان و ڕووخان دروست دەبێ و هەرشتێک وەبەر کەوێ پاکی دەسووتێنێ و شوێنەواری لێ نامێنێ.

یەک دوو ڕۆژی ئەوەڵی شەڕەکە جارجار پاش تەقینەوەی تۆپ یا خۆمپارە منداڵان دەترسان، سەریان لێ دەشێوا و نەیاندەزانی چ بکەن. بەڵام بەرە بەرە ئەوانیش ترسیان شکا و لەوە بەدواوە لەگەڵ یەکەم تەقە، خۆیان دەگەیاندە کونەتەیارە و جێگای قایم و وەڵامی گرمە و قرمەی چەکی ماڵوێرانکەری دوژمنیان بە هاواری "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان– نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان" دەدایەوە و، خۆشییان لە دڵ دەگەڕا کە دەیاندی پێشمەرگە بە گوندەکەیاندا هاتوچۆ دەکەن و جاروباریش لە ماڵی ئەوان لا دەدەن و نان و ئاوێک دەخۆن. ئەو خۆشییە لە ڕوومەتیان و لە پێکەنینیاندا دیار بوو.

ئەوان منداڵ بوون، بەڵام تەبیعەتی شەڕ بۆ چەند ڕۆژیش بێ، ڕواڵەتی ئینسانێکی بەتەمەنی پێ دابوون. هەر سەعاتی پێنجی دوانیوەڕۆ دەهات، ڕادیۆکان وە کڕەکڕ دەکەوتن و لە هەر کوێ بای، لە دە جێگا زیاترەوە "دەنگی کوردستانی ئێران" لەبن گوێت دەنگی دەدایەوە، کە جار جار لە بەرنامەکەی حاڵی نەدەبووی. خەڵک هەرچەند هەموو سات و کاتێک بە هاتوچۆی پێشمەرگە و هێزی بەرگری‌دا دەیانزانی چ باسە لە فڵان جەبهەدا دژمن وەزعی چۆنە و لە کوێوە تووشی زەربەی گورچووبڕی ڕۆڵە قارەمانەکانی گەل هاتوە، بەڵام بۆ ئەوان بەڵگە هەر ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوو.

هێزەکانی ڕێژیم لە چەند جەبهەی وەک (هۆمل) و (ئەسپەمێزە) و (زەردکە) تەلەفاتێکی زۆریان دابوو تا توانیبوویان چەند سەد میترێک پێشڕەوی بکەن. دوژمن بۆ هەر بست پێشڕەوی چەندین بەکرێگیراوی خۆی لە دەست دەدا، کە ئەوە بەرچاوترین سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بوو. هێزی بەرگرییش بەوپەڕی قارەمانەتی و فیداکارییەوە شەڕی دەکرد و چەندین عەمەلیاتی بەرچاو و گرینگ بە ناوی ئەوانەوە سەبت کرا، کە لەواندا زۆر حەماسەیان خوڵقاند و دەسکەوتی چاکیشیان هەبوو.

لەنێو قارەمانەکانی هێزی بەرگریی ناوچەدا سیمای جوان و بە ورەی چەند شێرەکچی تفەنگ لەشان دیاربوو کە شان بە شانی براکانیان لە جەبهەدا دژی پەلاماردەران شەڕیان دەکرد و بوونیان لە جەبهەدا، مەودای نەدەدا کە هیچ پیاوێک تەنانەت بۆ ساتێکیش بیر لەوە بکاتەوە کە لە شەڕ و دیفاع خۆی ببوێرێ. ئەو شێرەکچانە بە بوونیان و بەشداریکردنیان لەو شەڕەدا جارێکیتر سەلماندیان کە ژنانی کوردستان وەک چۆن لە مەیدانی ژیان‌دا ئەرکی خۆیان بەجوانی و بە لەباری ئەنجام دەدەن، لە جەنگەی جەنگیش‌دا کەم لە پیاوان نین و لە ڕۆژی تەنگانەدا فیداکارتر و دلێرتر لە خۆیان هەر خۆیانن.

حیزب بڕیاری دابوو دیفاعێکی کەموێنە لە ناوچە بکا و ئەگەر قەرار بێ ناوچە بگیرێتەوە دوژمن نرخی پێشڕەویی خۆی بدا. چەند ڕۆژ بوو خەڵک بەرە بەرە خۆیان لە ئاگری دوژمن دوور دەکردەوە و بەتایبەتی ژن و منداڵیان بەڕێ دەکرد. دوژمن بە دانی ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار و لەدەستدانی چەک و تەقەمەنیی زۆر هاتبۆوە نێو گوندی بێژوێ و کەمکەم بەرەو دێی دولکان پێشڕەویی دەکرد. ڕۆژی نۆهەمی شەڕ، دەفتەری سیاسیی حیزب و ڕادیۆی دەنگی کوردستان کە مەقەڕەکانیان لێک نیزیک بوون، لە یەک جێدا جێگیر بوون.

دەفتەری سیاسی لە نیزیکەوە فەرماندەیی جەبهەکانی دەکرد و ڕادیۆش بە ڕێکوپێکی خەبەرەکانی کۆ دەکردەوە و بە خەڵکی ڕادەگەیاند. پێشمەرگە لەسەر "نۆڕی" کە وەک کەللەقەند لە نێوەڕاستی ناوچەی ئالان‌دا چەقیبوو، سەنگەریان دامەزراندبوو و چاوەڕوانی جووڵانی دوژمن بوون. لە ماوەی ڕۆژدا سەدان گوللە تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشا تەنیا لە لوتکەی نۆڕی دەدران. جارجار بیرم دەکردەوە کە داخوا ئەو قارەمانە گیانبازانە لەو وەختەدا لە تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشا لە پەناگۆییان دەتەقیتەوە



چ دەکەن؟ ئەوانە دەبێ چەندە ئیمانیان هەبێ کە دەتوانن بەرانبەر بە دەڕندەترین دوژمنانی ئازادی و ئینسانییەت ڕابوەستن و تەنانەت تاوێک لە بەربەرەکانی نەوەستن؟

ئێمە لە خوارێ لە داوێنی نۆڕی خەریکی کاروباری ڕادیۆ بووین. زۆر جار بۆ تۆمارکردنی بەرنامەکان تووشی زەحمەت دەبووین، چونکە دەنگی تۆپ و خۆمپارە بەبێ نێوبڕ هەر درێژەی هەبوو و لە تۆمار کردندا دەنگی دەدایەوە، بەڵام چار نەبوو، ئێمە مەجبوور بووین کاری خۆمان بکەین.

یەک دوو ڕۆژ بوو "کەریم" کە تفگەنگەکەی تەنانەت بۆ دەقیقەیەکش لە خۆی دوور نەدەکردەوە، پرتەوبۆڵەی دەهات و هەر چاوی بەم لاولاودا دەگێڕا. ئەمن پێموابوو دەترسێ، بەڵام هیچ شوێنەواری ترسیشی لێ دیار نەبوو، تەنیا قەڵسی و بێتاقەتیی لێ دەباری. جارجار کە لێم دەپرسی: "کەریم گیان چۆنی؟ ماندوو نەبێ"، بەبزەوە دەیگوت: زۆر چاکم، سوپاست دەکەم، سەگباب لە ترسان هەر تۆپان داوێ!

بەو قسەیە لە پێشدا پێکەنینم دەهات، ئەمما ئەگەر بیرم لێ دەکردەوە دەمدی ڕاست دەکا. ڕێژیمێک کە نەتوانێ بەسەر دڵی خەڵکدا حکوومەت بکا، هەرگیز ئاوی خۆش ناخواتەوە. ڕێژیمی ئاخوندی بەڕاستی لە ترسان ئاوا هار بووە و خەڵک دەکوژێ. ئەگەر ئەم ڕێژیمە توانیبای داوا ڕەواکانی خەڵک بەدی بێنێ، ئەودەم وڵات دەبوو بە بەهەشتی بەرین. بەڵام کوا ماهییەتی ئاخوندەکان ئیجازە دەدا ئازادی و مافی خەڵک بدرێ. ئەوان هەموو پردەکانی پشتی سەریان ڕووخاندوە و ئیتر چارەیەکیان نییە بێجگە لە شەلم، کوێرم، کەس نابوێرم! کەریم ڕاستی دەگوت، بەڕاستی



ڕێژیم لە ترسانە کە بە چنگ و ددان بە شەڕ دێ، چونکە دەزانێ هەموو خەڵک بە خوێنی تینوون و هەرگیز لە دوژمنی سەروماڵیان خۆش نابن.

سێ چوار مانگ بوو کەریم وەک پێشمەرگەی پارێزەری بنکەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان خزمەتی دەکرد. لە قرچەی تاقەت پڕووکێنی هاویندا کە دەرەجەی گەرما بە ٥١ دەگەیشت، کەریم ڕاست ساعەتی یەکی دوانیوەڕۆ وەڕی دەکەوت و نەوارەکانی بۆ "فرستندە" دەبرد، ئەویش پۆشتەوپەرداخ بە کەواپانتۆڵ و دوو سێ کراس و فیشەکدان و چەک و ڕادیۆیەک، فەرەنجییەکی هەورامییشی لەسەر!

دەمگوت: کەریم ئاخر بەم هاوینە لانیکەم ئەو فەرەنجییە فڕێ دە. مشەیەکی دەهات و دەیگوت: ناوێرم ئاخر گەرمام دەبێ! ئەوە پێشی گەرما دەگرێ! لەبیرمە ڕۆژی هەوەڵ هاوڕێی مەسئوول پێی گوتم: کەریم پێشمەرگەیەکی باشە، کوڕی ڕۆژی تەنگانەیە، با لای خۆمان بێ. بەڵام من بەلای خۆمە دەمگوت ئاخر کەریم بەو بێهێزییەوە کە هەر لاکەی سەری دێ، دەبوو لە بنکەیەکی دوور لە جەبهەدا بێ، نەک لە بنکەیەکی وەک ڕادیۆ کە هەمیشە لەوانەیە خەتەری بێتە سەرێ. ئەو فکرەش هەر لەوەڕا سەرچاوەی دەگرت کە بەلای منەوە کەریم دەترسا، بەڵام بەڕواڵەت نیشانی نەدەدا. ڕۆژان لە گەرمای بێبەزەیی نیوەڕۆدا کە دەچووینەوە لای کانییەکە و خۆمان وەبەر ئاوە ساردەکەی دەدا، کەریم بە تفەنگ و فیشەکدانەوە دەهاتە نیزیک، بەڵام نەمدەدی جلەکانی دانێ و لەو ئاوە ساردەدا مەلە بکا. ئەوانە هەموو باوەڕی منیان پتەوتر دەکرد کە کەریم دەترسێ و ئەو ترسەش ڕۆژێک لە ڕووداوێکدا دەنگ دەداتەوە و خۆی دەنوێنێ. هەمیشە ئارەزووم دەکرد ئەو ڕۆژە نەبینم، چونکە بەڕاستی کەریمم خۆش دەویست، لەبەر ئەوە کە ئەرک و کاری خۆی بە ڕێکوپێکی و بە لەباری ئەنجام دەدا. بەلای خۆمەوە دەمگوت پێشمەرگەیەک لە ترسی گیانی بە تەنێ هەرگیز ناتوانێ لە ڕاست ئامانجیدا تێبکۆشێ. پێشمەرگەی ترسەنۆک بەقەد دوژمنێکی بەهێز بۆ گەلەکەی زیانی هەیە. بەڵام پێشمەرگەی نەترس و وریا هەرگیز دوژمن پێی ناوەستێ.

سێ شەو بوو نەخەوتبووین. نەنووستن، ماندوویی و زیاتر لە هەموان خەفەتی ئەو خەڵکە هەژارە کە دوژمن ماڵ و حاڵی بەر تۆپ و خۆمپارە دەدان و مەجبووری دەکردن پۆلپۆل زێد و گوندی خۆیان بەجێ بێڵن، بەیایی [گریانی بەکوڵ] و بێ تاقەتییەکی سەیری بۆ پێک هێنابووم، بە جۆرێک کە قەرار و ئارامم نەبوو. بەڵام گرمە و تەقەی دوژمنانی ئازادی و ئینسانییەت ڕای دەچڵەکاندم کە وەختی بێقەراری و بەیایی نییە و دەبێ کاروبار هەڵسووڕێ. ئێواری خەبەر هات کە ژمارەیەک پێشمەرگەی تازەنەفەسی حیزب چوونەتە سەر نۆڕی و ئامادەی بەربەرەکانیی دوژمنن. دیار بوو بەکرێگیراوانی ڕێژیم، دەیانەوێ پەلاماری ئەو بەرزاییە بدەن. لە ساعەت ٦ی نیوەڕۆوە ئەو لوتکەیە توندتر لە هەمیشە کەوتە بەر ئاگری بێوچان و پەیتا پەیتای تۆپ و خۆمپارە و کاتیوشا و زەوی زەمان بەو دەنگە بەسامە دەلەرزی و بست بە بستی گۆڕەپانی لوتکەکە بە تۆپ دەکێڵرا و بە خۆمپارە قووڵ دەکرا. کەس نەیدەتوانێ بزانێ کە چەند تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشا بووە بە میوانی بەردە سەختەکانی نوڕی؟

دوژمن دەیەویست لە پێشدا ئەو شوێنە بە چەکی قورس بکوتێ و پاشان بێتە پێشێ، ئەوان لەم تاکتیکە زۆر جار کەلکیان وەردەگرت و تا ڕادەیەک سەرکەوتن. ئەو شەوە هێرشەکە بۆ سەر ئەو شاخە بەتەواوی فەرقی هەبوو. تەنانەت بۆ پێنج سانیەش دەنگی تەقینەوە نەدەبڕا. بەرەبەرە کە هەوا تاریک داهات، ئاگری تەقینەوەشمان لێ دیار بوو. ئێمە هەر لە خوارەوەی نۆڕی بووین. تا ئەو وەختە کەس لە گوندەکان نەمابۆوە. دەفتەری سیاسی و ڕادیۆی دەنگی کوردستان هەر لە جێگای خۆیان بوون و پێشمەرگەکانیش لە سەنگەرەکانیاندا بەرانبەر بە دڕندانەترین پەلاماری ڕێژیم ڕاوەستابوون. لوتکەی بەرز و ئەو ئاگربارانە سەیرە ببووە نوختەگۆڕانێک لە مێشکی مندا. کەس بە بیریشدا نایە کە شەوێکی ئاوا بەسام، شاهیدی شانۆیەکی وا نەدیتراو بێ. هەزاران خۆمپارە و تۆپ و کاتیۆشا، هەموو بە ڕەگبار، لوتکەی نۆڕی و نیوەی داوێنەکەی دەکوتا و دەکێڵا. بەلای خۆمەوە دەمگوت داخوا ئەو گیانبازە دلێرانە لەو سەرەوە چ دەکەن؟ ماون یا مردوون؟ چۆن لەگەڵ ئەو هەموو دەنگە بەسامە و نیزیکە هەڵ-دەکەن؟ نەکا هەموویان شەهید بووبن؟ خۆ مێروولەش بەو چکۆڵەییە و لەو ئاگربارانە ڕزگاری نایە، تا بگا بە دەیان ئینسانی گەورە، کە بەڕاستی قورس و قایم وەک نۆڕێ ڕاوەستاون!

ئێمە خەریکی تۆمارکردنی بەرنامەی ڕادیۆ بووین و ئیتر گوێشمان نەدەدا کە دەنگی تۆپ و خۆمپارە، کە ئێستا ئیدی بەرە بەرە نیزیک دەبۆوە، تێکەڵی بەرنامەکە دەبێ. بڵا [با] خەڵک گوێیان لێ بێ کە حیزبی تێکۆشەری گەلی کورد لەنێو ئاگر و ئاسندا هەواڵی شەڕیان پێ ڕادەگەیەنێ و تا دواکات بنکەیەکی گرینگ و ناسک وەک ڕادیۆکەی ناگوێزێتەوە. بڵا هەموو جیهان بزانێ کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چەند کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی لە خەتی پێشەوەی جەبهە، شان بە شانی پێشمەرگە بەرانبەر بە دوژمن ڕادەوستن و بەو کارە نیشان دەدەن کە ڕەمزی خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چی‌دایە. حیزبێک کە ئامادە بێ لەگەڵ گەلەکەی بژی و بمرێ، هەرگیز ژێر ناکەوێ و شیرازەی ژیان و بوونی لەبەریەک ناڕەوێ.

هەر جار کە چاوم لە لوتکەی نۆڕی دەکرد، لەپێشدا ئاگر بوو کە وەک هەورەتریشقە تیشکی دەدایەوە و پاش چەند سانیە دەنگە پڕ سامەکەی پەردەی گوێی دەلەرزاندەوە و ئازاری دەدا. تۆمارکردنی بەرنامە لە ئاخر و ئۆخری خۆی نیزیک دەبۆوە. ئێستا ئیتر تۆپ و خۆمپارە تەنانەت دەنگی یەکیان دەبڕی بە جۆرێک کە دەتگوت هەورێکە دەگرمێنێ و ئەو گرمەیە هەر دوایی نایە. دوو ڕۆژ دوای شەڕەکە کە خەبەر هات کە ئەو ژمارەیە لە قارەمانانی حیزب و گەل، بێئەوەی خوێنیان لە لووت بێ، تا ئاخیر خۆمپارە و تۆپی دوژمنیان لەسەر پەڕاندوە لە لوتکەی «نۆڕی»وە سێ جار پەلاماری پیادەنیزامی ئەرتەشی و پاسدار و جاشیان تێک شکاندوە و بە دەیان کەلاکیان لێ خستوون و پاشان بەبێ شەهید پاشەکشەیان کردوە و دوای بیستنی ئەو خەبەرە خۆشە، سڵاوم نارد بۆ ئەو دایکانەی ڕۆڵەی وا پەروەردە دەکەن.

سەعات ١١ی شەو بوو کە "مەنسوور" دەستی برد دەزگای کوژاندەوە و گوتی: ئەوە ئەم بەرنامەیەش، دەبا هەر حەپەی بێ! هێشتا قسەکەی تەواو نەببوو کە گرمەیەکی پڕ خرۆش و زۆر نیزیک، داروبەردی لەرزاندەوە و پڕیشکی ئاگر تا بەردەرکەی بێدەرکەی کۆخەکەی داگرت. بەپەلە هەستاین و دەستمان بە کۆکردنەوەی وەسایلەکان کرد. لە ماوەی چەند دەقیقەدا ئەوەی پێویست بوو لەو جێگایە نەمێنێ، پێچرایەوە و ئامادەی ڕاگوێزتن کرا. پێشتر دیاری کرابوو کە هەر کەسە چی هەڵگرێ و چۆن وەڕێ کەوێ. هەموو تفەنگ و ڕەزمەمان توند کرد و کۆڵەپشتیمان بەست. من لە کۆخەکە هاتمە دەر، هێشتا بەتەواوی سەرم هەڵنەهێنابۆوە کە ڕەگبارێکی ٨ دانەیی خۆمپارەی ١٢٠ دەوروبەری کۆخەکەی داگرت و هەزاران پڕیشکی ئاگر، ئەو تاریکییە ئەنگوستلەچاوەی وەک ڕۆژی ڕووناک کردەوە.

خەتەرمان زۆر لێ نیزیک بوو، هەڵبەت خەتەری تۆپ و خۆمپارە، ئەویش چونکە هێشتا نەوارەکانمان بەڕێ نەکردبوو. لەو جێگایەدا تا "فرستندە"ی ڕادیۆ لە ڕۆژدا ٢ سەعات ڕێگا بوو، شەویش حاڵی مەعلوومە. دوژمن تەواوی ئەو مەسیرەی ئاگرباران دەکرد. مەسەلەی گرینگ لەم کاتە ناسکەدا ناردنی نەوارەکانی ڕادیۆ بوو.

ڕەگبارێکی دیکەی خۆمپارە چۆرتی فکری دڕاندم، بەپەلە هەموو خۆمان لە پەنا بەرد و دار حەشار دا. هێشتا ڕۆشنیی پڕیشکەکان نەمردبوو کە دیتم "مامۆستا" لەو جێگایەی ڕاوەستابوو هاتە پێش و بیستم گوتی: کەریم! نەوارەکان هەڵگرە و بڕۆ، بە ڕێگای ئەو بەردا بڕوێ چاکترە... هاتم شتێک بڵێم بەڵام دەنگم دەرنەهات. هەزار و یەک خەیاڵ وەک فیلمی سینەمایی بە بەرچاومدا هاتن و چوون. هەموو حەڕەکات و قسەکانی کەریمم بۆ زیندوو بوونەوە. هاتەوە بیرم کە ئارەزووم دەکرد ڕۆژی دەنگدانەوەی ترسەکەی کەریم بە چاو نەبینیم و بە گوێ نەبیستم. کەچی لە شەوێکی وا ناسک و پڕ مەترسیدا تووشی ئەو کارەساتە تاڵە هاتووم. هەموو ئەم بیر و خەیاڵاتەم سانیەیەکی پتر نەخایاند. لە خۆم دەر هاتم و سەرم بەرز کردەوە. لەم کاتەدا گڕوگرمەی تۆپ و خۆمپارەی تازە، دەوروبەری ڕووناک کردینەوە. هێشتا ئاخیر کەلیمەی قسەی مامۆستا تەواو نەبوو، کە دیتم کەریم پڕی دایە هەوساری ئەسپەکە و بە تەکانێک سوار بوو و جڵەوی سووڕاند. هاوارێک لە دەروونمدا بەرزبۆوە: ئاخ... کەریم ڕای کرد. ترسەکەی بەسەردا زاڵ بوو، بۆچوونەکەت ڕاست دەرچوو... دڵم هاتە لەرزین و ئارەقەیەکی سارد سەراپای داگرتم. فاجیعەکە ڕووی دابوو. لەم وەختەدا دەنگی کەریم لەگەڵ دەنگی پێی ئەسپەکەی هاتە بەر گوێم: "خوداحافیز، ئاگاتان لە خۆ بێ، بەیانی دەتان بینمەوە."

بە جارێک ترس و سەرما و لەرزین و تەزینم لێڕەوین و بێدەنگ کەوتمە پێکەنین و مەلی شادیم هاتە فڕین. ئاگر و ئاسن و دەنگ و پڕیشک هەروا بەردەوام بوون، بەڵام من پێموابوو ئەوە دەنگ و نووری سەرکەوتنە، سەرکەوتنی من و کەریم، سەرکەوتنی ئارەزووی قەلبیم و تێشکانی بۆچوونە چەوتەکەم. ئێستا ئیتر ئێمە ساز ببووین و بەرەو شوێنی دیاریکراو دەڕۆیشتین، بەڵام من هەر لەگەڵ کەریم بووم و ئاواتم دەخواست کە ساغ و سلامەت بگاتە جێ، با جارێکی دیکە بیبینمەوە و کوڵمە چرووک و قووڵەکانی ماچ کەمەوە.

دوژمن حەقیەتی لە ترسان تۆپ باوێ، ئەو لە کەریم و کەریمەکان دەترسێ.

# ئەو هەموو ڕق و قینە دژی کورد لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟



کەماڵ حەسەنپوور

لە ڕوانگەی زانستییەوە سوڕی گەشەی مرۆڤ ٢،٥ میلیۆن ساڵ لەوە پێش لە ئەفریقا دەستی پێ کرد و ٢ میلیۆن ساڵ لەوە پێش جۆرێک مرۆڤی سەرەتایی لەوێوە بەرەو ئەوراسیا کۆچیان کرد. ٥٠٠ هەزار ساڵ لەوە پێش نیاندرتاڵەکان لە ئورووپا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گەشەیان کرد. ٧٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا شۆڕشی بیرکردنەوەی مرۆڤی ژیر دەستی پێ کرد و ئەوان لە خۆرهەڵاتی ئەفریقاوە بەرەو ئەوراسیا کۆچیان کرد. دەستپێکی شۆڕشی بیرکردنەوە و دوانی مرۆڤ بە سەرەتای مێژوو دادەندرێ.(١)

تا ئێستا چەند بەڵگەی مێژوویی سەلماندوویانە کە کورد لە چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستاوە لە ناوچەی نێوان دوواوان (مێزۆپۆتامیا) و چیاکانی زاگرۆس ژیاون. ١٢٠٠٠ ساڵ لەوە پێش شۆڕشی کشتوکاڵی لە نێوان دوواوان دەستی پێ کرد(٢) و کۆنترین پەرستگەی دەستکردی مرۆڤ لە باکووری کوردستان لە تەپۆلکەی گۆبەکلی دۆزراوەتەوە.(٣) هەروەها سومێرییەکان یەکەم داهێنەرانی نووسین و دراو بوون(٤). هەموو ئەوانە و زۆر بەڵگەی مێژوویی دیکە دەیسەلمێنن کە کوردیش وەک هەموو گەلانی دیکە پشکی حاشا هەڵنەگریان لە گەشەی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا هەبووە.

چەند ڕۆژ لەوەپێش فایلێکی دەنگی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەست دەکرا کە لەویدا عەبدولکەریم سروش، فەیلەسووف، پسپۆڕی بواری مێژووی زانست و هەروەها مەولەوی‌ناسی ئێرانی، ئاماژە بە پێشەکی عەرەبیی دەفتەری مەسنەویی مەولەوی دەکا و بەو شێوەیە دەدوێ: "مەولەوی گوتوویەتی مەسنەویی بۆ حوسامەدین نووسیوە و لە دانانی شێعرەکانی مەسنەوی، بەردەنگەکەی حوسامەدینە" و لە باسی ئەوە کە ئەو حوسامەدینە کێیە دەڵێ: "گوایە بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر حەزرەتی ئەبوبەکری سددیق، یەکەم خەلیفەی موسڵمانان، بەڵام کەسێکی دیکەش لەو بەینەدا هەیە کە یەکێک لە باپیرانی حوسامەدین بووە و ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە گوتوویەتی "امسیت کردیا و اصبحت عربیا" واتە شەو کورد بووم و بەیانی بوومە عەرەب." بە گوتەی سروش ئەو کەسە لە خودا پاڕابۆوە کە فێری عەرەبیی بکا. لێرەدا سروش دەڵێ: "بە داوای لێبوردن ئەگەر کەسێکی کورد لێرەیە یان گوێی لێ دەبێ، لە ڕابردوودا بە کەسێکی نەخوێندەواری بێ فەرهەنگیان گوتوە کورد و مەولاناش هەرکاتێک بیهەوێ نموونەی کەسێکی ساکاری نەزان بێنێتەوە دەڵێ کوردێک. لەناو جیلەکانی ڕابردوودا، ئەوە هەر باو بوو کە بڵێن کورد هۆزێکی جندۆکانن و لە بنەڕەتڕا پێیان وا بوو کە بنەچەکەیەکی غەیری مرۆڤیان هەیە، ئێستا ئەوە تەنیا قسەهایەکن کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە دەیڵێین دەنا قسەی دروست و قبووڵکراو نین ..."

عەبدولکەریم سروش کە بە ڕواڵەت فیلسووف و ڕۆشنبیری ئایینییە، هەڵوێستەکانی لە مەتەرێزی شیعەگەرییەوە ئاراستە دەکا و گوتەی بنەچەکەی غەیری مرۆڤبوونی کوردان لە زمانی ئیمام جەعفەری سادق، ئیمامی شەشەمی شیعە، دەگێڕینەوە و گوایە ئەو گوتەیەی ناوبراو لە کتێبی ئەلمەسائیل ئەلعەمەلیەدا هاتووە. هۆی بڵاو بوونەوەی ئەو درۆ ئاشکرایە بۆ ئێمە ناڕوونە.

هەراری گوتەنی، بەگوێرەی زانیاریی زانستی، سەرجەم ئەو نووسراوە "پیرۆزانە" لەلایەن مرۆڤی خەیاڵاوی نووسراون. ئەوانە تەنیا چیرۆکن کە باوباپیرانمان هەڵیان بەستوون تا ڕەوایی بە نۆرمەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوە سیاسییەکان بدەن."(٥)

شتێکی ئاشکرایە کە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە زۆر دەمێکە دەسەڵاتدارانی نەتەوە باڵادەستەکان بەئانقەست هەوڵی بەدێوزمە کردنی کوردانیان لەنێو بیروڕای گشتیی خۆیاندا داوە. عەلی فەتحی لە وتارێکدا لەژێر ناوی "شێواندنی مێژوو، هونەری بەردەوامی پارسەکان" کە لە ژمارەی ٦١ی گۆڤاری تیشکدا بڵاو بۆتەوە نووسیویەتی: "خۆیان هەرچەند میللەتێکی ڕەش و ڕووت بوونە، بەڵام کاتێک دەسەڵاتیان دەست کەوتووە، هەم لە خەزێنەی فەرهەنگیی گەلانی تر کەڵکیان وەرگرتوە و هەم بە چاوی سووک سەیری ئەو گەلانەیان کردوە کە لەژێر چەپۆکیان‌دا بوونە. ئەوەتا هێرۆدۆتی ئەفسانەسەرای باوکی مێژووش بە قەولی ئەوان، لە کتێبی یەکەم، بەندی ١٣١ دا بە ڕاشکاوی پێمان دەڵێ: "پارسەکان بە چاوی سووک سەیری گەلانی دوور لە خۆیان دەکەن."(٦)

لیندا شافەر لە نامیلکەی "ئێران لە پارس زیاترە"دا دەنووسێ: "مێدیای ئێران پەیتا پەیتا کەمینە ئەتنیکییەکان بە شێوەی نەرێنی وێنا دەکا."(٧)

لە مرۆڤایەتی داماڵینی ناسنامەی کورد لە تورکیەش دەمێکە پێڕەو دەکرێ. لە گێڕانەوەکانی تاراوگە لەمەڕ ئاسیمیلە کردن و بەرخۆدان کە لە ژمارە ٥٧ی گۆڤاری تیشکدا بڵاو بۆتەوە نووسەری بابەتەکە لە زمان لەیلا (یەکێک لە بەشدارانی لێکۆڵینەوەک) دەگێڕێتەوە: "کاتێک باوکم لە بورسا دەژیا، بە تورکێکی گوت کە ئەو کوردە. تورکەکە پێی گوت: "کورد تورکان دەخۆن؟" ئەوان لەوە دەترسان کە بنەماڵەی ئێمە کاتێک ئەوان خەوتوون، سەریان ببڕن. ئێمە ماوەی ٣ ساڵ جیرانیان بووین و کاتێک لەوێ ڕۆیشتین، ئەو گەلێک دڵگران بوو و لە بۆچوونی پێشووی خۆی لەمەڕ کوردان گەلێک پەژیوان بوو. ئەو گوتی مێشکی شۆردرابۆوە و فێر کرابوو کە کوردان وەک مرۆڤ سەیر نەکات."(٨)

ستراتێژیی بەدێوەزمە کردنی دوژمنان بەدرێژایی مێژوو بەردەوام کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەو ستراتێژییە بێگومان دەبێتە هۆی بازنەی خراپی ستەمکاریی کە لە لایەن زۆر نووسەرانەوە باسی لێوە کراوە لەناویاندا کارل ڤۆن کلاوسەویتز.(٩)

نمونەیەکی دیکەی بەدێوزمە کردنی کوردان ئیددیعای سەربڕینی پاسداران لە لایەن کوردانەوەیە کە لە سەرەتای بەرخۆدانی گەلەکەمان دژی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە لایەن دەسەڵاتەوە بڵاو بۆوە. ئەگەرچی تاکە یەک جاریش ئەو ئیدیعایە نەسەلمێنرا، بەڵام بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەرخواردی بیروڕای گشتی دراوە.

لە ئاڵمانی نازیش پڕۆپاگاندای هیتلەر کەڵکی لە ستراتێژی بەدێوزمە کردنی جوولەکە و قەرەجەکان وەردەگرت تا بەو شێوەیە کۆمەڵکوژ کردنی ئەوان هاسان بکات.

بڕوا ناکەم جەنابی سروش نەزانێ کە لە ماوەی دەسەڵاتی چەند سەدەیەی عەرەباندا، زمانی دیوان و نووسین عەرەبی بووە و نەتەنیا بیرمەندانی کورد بەڵکو هی فارس و نەتەوە نا عەرەبەکانی دیکەش ناچار بوون بەرهەمە هزرییەکانیان بە عەرەبی بنووسن. دوای نەمانی دەسەڵاتی عەرەبان بە سەر ئێرانەوە، وردە وردە زمانی فارسی بۆتە زمانی دەرباری پاشایان، بۆیە ئەوانی خوێندەوار بوون بۆ نووسینەوەی بەرهەمەکانیان کەڵکیان لەو زمانە وەرگرتوە. بۆ نموونە کتێبی "مێژووی زانایانی کورد" کە سێ بەرگە و لە لایەن بابا مەردوخ ڕوحانی (شیوا) نووسراوە ناوی سەدان نووسەر، بیرمەند و زانای کوردی تێدایە. بێجگە لەوە بە گوتەی بەڕێز ئیسماعیل شەمس، نووسەری یەکەم مێژووی حیکمەت و فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامدا، واتە "نزهه الارواح و روضه الافراح (تاریخ الحکما)" و مەزنترین شیکەرەوەی "حکمت الاشراق" ی سوهرەوەردی کە بە هەڵکەوت هاوسەردەمی مەولەوی بووە، زانایەکی کورد بە ناوی شەمسەددین محەممەد شارەزووری بووە.

بۆ خۆبواردن لە درێژدادڕی، وتارەکەم بە چەند نمونە لە گێڕانەوەی گەڕۆکە بیانییەکان کۆتایی پێ دێنم کە سەردانی پارس و کوردستانیان کردوە و لە کتێبەکانیاندا باسی هەڵسوکەوتی خەڵکی ئەو شوێنانەیان کردوە. من دادوەریی لە سەر ئیددیعای جەنابی سروش هەموو ئەو کەسانەی کە بە قسەی بێ بنەما دەیانەوێ ناسنامەی کوردان لە مرۆڤایەتی داماڵن بە خوێنەرانی هێژا دەسپێرم.

بۆ نمونە م. گ. جێرارد لە کتێبی "یادداشتەکانی سەفەرێک بەناو کوردستاندا" ،کە لە ١٨٨٣ی زایینی نووسراوە، کاتێک لە پارێزگاری سلێمانی (تورکێکی عوسمانی) بە هۆی پیلانگێڕیی ناوبراو توورە بووە نووسیویەتی: "بە تەنیایی لە نێو کورداندا زۆرتر هەست بە ئاسایش دەکەم تا لە ناوچە بە ناو شێوە شارستانییانە.(١٠)

ئیزابێللا بیرد لە بەرگی یەکەمی "سەفەرەکانی پارس و کوردستان"، کە لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی نووسراوە، کاتێک دەگاتە شاری قوم بەو شێوە لەسەر ژنانی فارس دەنووسێ: "ژنێکی خاوەن "پێگە" نابێ قەت لە ماڵ بچێتە دەرەوە جگە لە ڕۆژی هەینی بۆ مزگەوت، یان لەسەر ئیزنی مێردەکەی و بە تەواوی داپۆشراو و بە پاسەوانەوە، بچێ بۆ دیتنی ژنانی هەڤاڵی خۆی. کیژۆڵە لە دوو - سێ ساڵی ڕا دەبێ چارشێوە بنێنە سەر و وەک دایکیان جیا دەکرێنەوە و هیچ کەس جگە لە باوک یان براکانی ناتوانن ڕوخساریان ببینن. بەشێکیان لە دوازدە ساڵی بە مێرد دەدرێن."(١١)


لە جێیەکی دیکە لە هەمان کتێبدا باسی چوونە دەر بۆ نێو بازاڕی شاری قوم دەکا، هەڵبەت خۆی لە جلوبەرگی ژنی پارسدا بە تەواوی حەشار داوە: "دوای ناردنی ئەسپەکان بۆ کاروانسەرا بە جلوبەرگی خانمی لاین کە بۆ نێو شار دەبەریان دەکا و وەک ژنێکی چینی مامناوەندی پارس دەچێ خۆم داپێچا، لێچکەیەکی ئەستووری کرێپ کە تەنیا شوێنی چاوی مرۆڤ کونە، قوماشێکی ڕەش کە لە تەپڵی سەری تا بەری پێ دادەپۆشێ. ئەمسەر ئەوسەری لە ملی ڕا قوڵفەی درێژ بەربوونەوە و بە دەستی چەپ لە ژێر چاوان ڕادەگیری، بەو شێوەیە، ئەگەرچی نەمتوانی لاسایی لارە لاری ڕۆیشتنی خانمانی پارس بکەمەوە، بێ ئەوەی هیچ کەس سەرنجم بداتێ بە نێو شەقامە درێژ و قەرەباڵخەکانی ئەو شارە دەمارگرژەدا ڕۆیشتم و تەنیا غولامێکم لەگەڵدا بوو تا گەیشتمەوە بەر دەرگای ژوورەکەم کە لەوێ خزمەتکارەکانم پێشیان پێ گرتم تا دوایە بە دەنگم ڕا ناسیانمەوە."(١٢) یان لە جێیەکی دیکەدا نووسیویەتی: "دوای ئەوەکە خۆم لە بەرگەکەدا شاردەوە، دەگەڵ خزمەتکارێک، بۆ جاری سێهەم بێ ئەوەی کەس دەستم بۆ بهێنێ بە نێو بازاڕە قەرەباڵخەکاندا، بە نێو دەروازە و بە سەر پردەکەدا ڕۆیشتم، کاتێک کوڕێک بە جوانی ڕوانییە سەرپۆشەکەم، کە ڕەنگبێ وا توندم نەبەستبوو کە بۆ شوێنی پڕ حەشیمەت باوە، چەند جار هاواری کرد "کافر" و ڕایکردەوە نێو شار. من ڕام نەکرد، بەڵام بە زووترین کات خۆم گەیاندەوە "هوتێلەکە."(١٣)

گێڕانەوەی خاتوو ئیزابێللا لەمەڕ یەکەم ئەزموونی لە شاری ئیسفەهانیش سەرنجڕاکێشە. ئەو نووسیویەتی: "ئەوڕۆ دوایین ڕۆژی پشووی نەورۆزیی بوو و بازاڕەکان و شوێنە بەرئاوالاکان پڕ بوون لە پیاو بە جلوبەرگی ڕەنگینەوە و تاقمی ژنی داپۆشراو لە ڕێگا چۆلەکان دەڕۆیشتن. هەوا لەوە گەرمتر بوو کە بۆ لەبەر کردنی کۆتە پێستە مەڕەکە گونجاو بێ کە لە قوم و بەولاوە زۆر خزمەتی کردبووم و لەبەر هەستیاریی بەرانبەر بە ئوروووپاییان لەبەرم دەکرد. کوڕەکان دەستیان کرد بە هاوار کردن "ژنێکی فەڕەنگی! ژنێکی نەسرانی!" و پاشان نێو و نرتکیان لێ هەڵدام؛ پاشان پیاوان دەستیان کرد بە پێکەنینی ئەهریمەنی، و لە کاتێکدا بە ناچاری بە پیادە دەڕۆیشتم، هات و هاوارەکە بەهێزتر دەبوو، تف کردن شتێکی زۆر ئاسایی بوو، بێچارە ماهبود کە بەردەوام بە ڕوخسارێکی خەمۆکەوە دەیڕوانییە من و لە بێڕێزییەکانی هاوئایینەکانی دڵگران بوو و ناڕەزایەتی دەربڕین کارێکی مەترسیدار بوو. ئەوە نیو سەعاتێکی گەلێک ناخۆش بوو."(١٤)

ئەوجار با بزانین خانمی بیرد کاتێک عەجەمستان بەجێ دێڵێ و دێتە گوندێکی کوردستان بە نێوی "گۆیئاغاج" کە لە نێوان تیکاب و شاهیندژ هەڵکەوتووە چۆن لەسەر ژن و پیاوی کورد دەدوێ؟ ئەو نووسیویەتی: "گۆی ئاغاج یەکەم گوندی کوردییە کە من لەوێ بە ڕاستی لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بووم. من ئەوان خوێنگەرم، میوانپەروەر و گەلێک خۆشمەشرەف دەبینم. هاوسەری کوێخا سەردانی کردم و من دوایی چوومەوە سەردانی." لە شوێنێکی دیکە نووسیویەتی: "هاوسەرەکە جوان بوو و لە هیچ وڵاتێکیتر کیژێکی جوانتر لە کچەکەیانم نەبینیبوو کە وەک حەزرەتی مریەم دەچوو. ئەوان پێیان گوتم کە ٥ مانگی زستان بەفر هێندە دەبارێ کە دەگاتە ملان، و کەس ناتوانێ لە گوندەکە دەرکەوێ. پیاوەکان بە ئەسپەکان و ئاژەڵەکان ڕادەگەن و ژنەکانیش فەڕشان دەچنن، بەڵام زۆربەی کاتی هەردوو لا بە خەوتن تێپەڕ دەبێ. لەگەڵ ئەم کیژە جوانە، کە هەم دڵڕفێنە و هەم جوان، و خزمەتکارێک، سەردانی زۆر کەسم کرد و بۆم دەرکەوت کە گشت خانووەکان بە یەک شێوەن. من لە خاوێنیی لەڕادەبەدەری ئەوان سەرم سوڕ ما. ئەردە گڵییە ڕەقەکان تا ئەو جێیەی دەکرێ بە گەسک بماڵدرێن، خاوێن دەکرێنەوە و خەڵکەکە هەم خۆیان و هەم جلوبەرگیان خاوێنە. ژنەکان، کە زۆربەیان جوانن، لێچکەیان پێوە نییە، و تەنانەت چارشێویش بە خۆ دانادەن. تاجیلەیەکی ڕەشیان لەسەرە کە زۆر لێیان دێتەوە و زنجیری سکەی زێوی پێوە هەڵواسراون. پەڕۆیەکی سوور بە گرێیەکی نە زۆر توند لە پشت سەریان دراوە کە لەسەر ئەویشەوە پرچە ئەستورەکانیان بە دەرزیلەی زێوین هەڵپێچراون. ئەم کچە بێ لێچکەیە بەناو دەستەی پیاوی بێگانەدا، بە ساکاریی و ڕێزداریی کێژانە لەگەڵمدا دەهات کە زۆر دڵخۆشی کردم. دوای دیتنی شێوەی ڕۆیشتنی شل و شەوێڵی ژنی بێ فۆرم و داپۆشراوی فارس، دیتنی ڕوخساری جوان، باڵای بەرز و قایم و شێوەی ڕۆیشتنی چستوچالاکی ئەم ژنە کوردانە شتێکی وزەبەخش بوو. پیاوەکانیش بەهەمان شێوە جوانن، و زۆر پیاوانە دێنە بەرچاو."(١٥)


کۆتا قسە ئەوەیە کە بۆ ئەوەی بزانین ئێمە کێ بووین دەبێ مێژوو بخوێنینەوە و تێبگەین کە دۆخی ژێردەستەیی هەنووکەییمان شتێک نییە کە لە ئاسمانەوە بڕیاری بۆ درابێ. هەراری گوتەنی بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە تەنیا یەک ڕێگا هەیە، بەڵام بۆ داهاتوو ژمارەیەکی زۆر ڕێگا لەبەر دەممانن کە بێتوو ژیر و تەیار بین دەتوانین داهاتوویەکی پڕشنگدار بۆخۆمان مسۆگەر بکەین.


***



سەرچاوەکان:
١- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ٧
٢- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ٨
٣- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ٩٤
٤- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ١٣١
٥- نوح هەراری، یوڤال، ٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١ ل ١٢٦
٦- فەتحی، عەلی، شێواندنی مێژوو، هونەری بەردەوامی پارسەکان، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٦١، ل ١٧٧
٧- شافەر، بریندا، ئێران لە پارس زیاترە، وەرگێڕ: کەمال حەسەنپوور، ل ٥٧
٨- گۆڤاری تیشک، ژمارە ٥٧، ل ٤١٥
٩- https://en.wikipedia.org/wiki/Demonizing_the_enemy (سەردانکردن ٢٦ی بەفرانبار، ٢٧٢١)
١٠- جێرارد، م. گ، یاددشتەکانی سەفەرێک بە نێو کوردستاندا، وەرگێڕ: کەمال حەسەنپور، ل. ١٠٠
١١- سەفەرەکانی پارس و کوردستان، نامەی ژمارە ١٠
١٢- سەفەرەکانی پارس و کوردستان، نامەی ژمارە ١٠
١٣- هەمان سەرچاوە
١٤- سەفەرەکانی پارس و کوردستان، نامەی ژمارە ١١
١٥- هەمان سەرچاوە

هەکبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

یەک لەو شەهیدە سەربەرزانەی ناوی بۆ هەتا هەتایە لەنێو دڵی زەحمەتکێشانی مەڵبەندی شنۆدا ماوەتەوە، «محەممەد پیرۆت»ە.

شەهید محەممەد پیرۆت لە گوندی سەردەرێ لە ناوچەی نەڵۆس لەدایک بوو. دوو ساڵان و لە ئامێزی دایکیدا بوو کە لەلایەن دەربەگەکانی سەردەرێ بنەماڵەکەی لە ئاوایی دەرکران و بە ناچار ڕوویان لە ئاوایی «هێیە» کرد و لەوێ گیرسانەوە. محەممەد لەو گوندە گەورە بوو، و بەهۆی کوێرەوەریی ژیان نەیتوانی بچێتە قوتابخانە و ڕێگای موچە و مەزرای گرتە بەر و کرێکاری و وەرزێڕی بوو بە پێشەی محەممەد پیرۆتی مێرمنداڵ.

محەممەد پیرۆت لەگەڵ هەڵدان و گەورەبوونی پتر بە بەشمەینەتی و بێمافیی نەتەوەکەی دەزانی و زۆر بەباشی نێوەرۆکی ڕێژیمی پاشایەتی و دەرد و زامی گەلەکەی بۆ دەردەکەوت. بۆیە لەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە و لە هێزی شەهید سمکۆدا دەستی بە تێکۆشان کرد. محەممەد هەرچەند نەخوێندەوار بوو، بەڵام بە زمانی ساکار و بە دڵێکی پاک و هەستێکی شۆڕشگێرانە هەوڵی دەدا خەڵک ڕێنوێنی بکا و ڕێگای خەبات و بەربەرەکانی بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافەکانیان پێشان بدا.

محەممەد پیرۆت پاش ساڵێک خەبات لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆدا بە هۆی لێوەشاوەیی و ئاکار و کردەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازایەتیی بوو بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکانی ئەم هێزە و پاش ساڵێک کرا بە فەرماندەری لکی یەکی شەهید مستەفا جەوان، لە هێزی شەهید سمکۆدا. ئەو فەرماندەرێکی ئازا و دڵسۆز، لە شەڕدا نەترس و بە ورە و، پێشمەرگەیەکی سادق و بە بیروباوەڕ بوو؛ هەر ئەو تایبەتمەندییانە محەممەدی شۆڕشگێری لەنێو هاوسەنگەرانیدا خۆشەویست کردبوو. محەممەد لە شەڕی قارەمانانەی «دۆڵە پیسان» لە ساڵی ٥٩ دژی هێزە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی خۆمەینیدا بە هۆی ڕاکێتی هێلیکۆپتێر بریندار بوو، پاش سارێژبوونی برینەکەی بە ورەتر لە پێشوو گەڕایەوە سەنگەری شەرەف و لە بەردەوامیی حەماسەخوڵقێنییەکانیدا بە جێگری فەرماندەری هێز شەهید سمکۆ دیاری کرا.

محەممەد پیرۆت هەر مەئمورییەتێک حیزب پێی سپاردبوایە بە ڕێکوپێکی بەڕێوەی دەبرد و بە سەر و بە گیان ئامادەی خزمەت بە نەتەوەکەی بوو، هەربۆیە لە لایەن حیزبەوە وەک فەرماندەری هێز ڕەوانەی ناوچەی هەوشار کرا. ئەو ناوچەیەش مەیدانێکی دیکەی تاقیکردنەوە و ئەزموون بۆ ئەو قارەمانەی گەل بوو، و ئەوەی لە توانایدا بوو بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی حیزب و خەڵک بەو پەڕی تواناوە بەجێی گەیاند و، لەو ماوەیەدا کە لە ناوچەی هەوشار مایەوە بوو بە خۆشەویستی خەڵک و چەندین عەمەلیاتی دیکەی لە ناوچەی هەوشاریش بەڕێوە برد. پاش ساڵێک مانەوە لەو ناوچەیە، لەلایەن ڕێبەریی حیزبەوە بۆ مەئمووریيەت بەڕێی شومالی کوردستان کرا و دوای تەواو کردنی مەئمووریيەت لە شومالی کوردستان، شەهید محەممەد پیرۆتی قارەمان بە فەرماندەری عەمەلیاتی هێزی ئەفشین دیاری کرا. قارەمانەکانی هێزی ئەفشین لەژێر ڕێنوێنی فەرماندەریی شەهید محەممەددا توانییان چەندین عەمەلیاتی گرینگ بەڕێوە بەرن.

شەهید محەممەد بەو ئەندازەیە کە لەگەڵ دوژمنانی کوردستان توندو تیژ بوو بەم ڕادەیەش لەگەڵ هاوسەنگەرانی نەرم و لەسەر خۆ بوو. هەمیشە هەوڵی دەدا لە چواچێوەیەکی دۆستانە و پڕ لە باوەڕ و متمانە بە یەکتردا کارەکان بەڕێوە بەرن. لە کاتی پشووداندا ئەوە قسەی خۆش و گاڵتە و جەفەنگی محەممەد بوو کە کۆڕی هاوسەنگەرانی گەرم دەکرد و خەمی لە دڵان دەڕەواند و شادی و پێکەنینی دەخستە سەر لێوان. محەممەد پیرۆت پێشمەرگەی زەحمەتکێش و بەوەجی حیزبەکەمان عەلاقەیەکی زۆری بە هێزی شەهید سمکۆ هەبوو، و هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ هەموو پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچە بەتەواوی ڕاهاتبوو. لە لای ئەوان بە تەواوی هەستی بە ئارامی و حەسانەوەی دڵ و دەروون دەکرد. ئەوانیش زۆریان محەببەت پێ دەکرد و خۆشیان دەویست، بۆیە یەکێک لە ئاواتەکانی محەممەد پیرۆت ئەوە بوو بگەڕێتەوە هێزی شەهید سمکۆ. لەسەر داوای ناوەندی سپی سەنگ و بڕیاری دەفتەری سیاسی لە ساڵی ١٣٦٣دا محەممەد گەڕایەوە هێزی شەهید سمکۆ و بوو بە فەرماندەری عەمەلیاتی ئەو هێزە. محەممەد توانی هەموو شاخ و دۆڵ و پێدەشتەکانی ئەم ناوچەیە لە دوژمن بکاتە گۆڕستان. محەممەد بە وزە و توانای کەموێنەیەوە لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ شار و گوند و سەر ڕێگا و بنبەرد و دارەکانی ئەم مەلبەندەی لە دوژمن کردە جەهەننەم. عەمەلیاتە یەک لەدوای یەکەکانی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ بە فەرماندەریی محەممەد پیرۆت زراوی دوژمنی بردبوو، تەنانەت لە ناوی محەممەد زەندەقیان چوبوو. کێ‌ها شوێنی دوژمن حاستەم بوو ئەو شێرە کوڕەی دێموکرات کەمینی لێ دادەنایەوە و ئاوری لە بنکە و بارەگای دوژمنی جینایتکار بەر دەدا.

بەڵام مخابن، شەوی ٢٠ی بەفرانباری ساڵی١٣٦٣ی هەتاوی محەممەد پیرۆت و هاوسەنگەرانی لەکاتێکدا کە بەرەو گوندی سێ‌کانیانی ناوچەی دەشتەبێل دەچوون، لە قەراخ ئەم ئاواییە کەوتنە نێو داوی جاشە نیشتمان فرۆشەکان. ڕۆڵەکانی دێموکرات ئازایانە سەنگەریان لە دوژمن گرت و بەرپەرچیان دانەوە. لەو لێکدانەدا ژمارەیەک لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون، بەڵام بەداخەوە فەرماندەی قارەمان و ئازا محەممەد پیروت لەگەڵ ٣ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی هەمزە هەمزەزادە، عەبدولڕەحمان حوسێن‌پەری و لەتیف شەهید بوون و خوێنیان ڕژایە نێو سەنگەری شەرەف و ئازادی و بۆ دواجار ماڵئاواییان لە کوردستان و ئامانجە پیرۆزەکانی کرد.

# «گیرۆدەیی»

# نەخۆشییەکی درێژخایەن و جیهانی

## بەشی یەکەم


د. کامران ئەمین‌ئاوە

گیرۆدەیی مێژوویەکی بە درێژایی هەزاران ساڵ هەیە. لەکاتی سەرهەڵدان و بەرهەمهاتنی یەکەم ماددە نەشئەکەر، کەیفخۆشکەر، مەست و سەرخۆشکەرەکان وەکو ئەلکۆڵ، تریاک و هتد مروڤ و کۆمەڵگە ڕووبەڕووی ئاکامە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی ئەم مادانە لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی بنەماڵەیی، ئابووری، تەندروستی و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە. لە درێژایی ساڵانێکی زۆر لە سەدەی ڕابردوو، زانایان و لێکۆڵینەرانی بواری گیرۆدەیی، خووپێ‌گرتووەکانیان بە کەسانێکی چەوت، بێ‌ئیرادە و لادەر لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە پێناسە دەکرد و، هەر بەم هۆیە ئەوانیان شایانی سزادان و هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی سەخت و توندوتیژانەی یاسا و کۆمەڵگە دەزانی.

ئەمڕۆکە بەپێی ڕەوتی گەشەسەندن و پێشکەوتنی زانستی پزیشکی، ڕەوانناسی و کۆمەڵناسی، گرێ‌کوێرەکانی پێوەندیدار بە هۆی گیرۆدەیی ڕوون بوونەتەوە و، دیاردەی خووگرتن وەکوو نەخۆشییەکی درێژخایەنی پزیشکی پێناسە دەکرێ. بەم پێیە، ئەم نەخۆشانە پێویستییان بە دەرمان و هاوکاریی ناوەند و بنکە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی، کۆمەڵایەتی و پزیشکی هەیە. لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ ئاوڕێک لە ڕادەی پەرسەندنی نەخۆشیی گیرۆدەیی لە ئاستی جیهان، ئێران و کوردستان بدرێتەوە.

سەردێری بابەتەکان بریتین لە:

١. گیرۆدەیی بە نیکۆتین
٢. گیرۆدەیی بە ئەلکۆڵ
٣. گیرۆدەیی بە ماددە هۆشبەرەکان

### ١. گیرۆدەیی بە نیکۆتین

نیکۆتین ماددەیەکی خووپێگر و یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی نەخۆشیی دڵ و ڕەگەکان، هەناسەیی و پتر لە ٢٠ چەشن یان ژێرچەشنی شێرپەنجەکان و، دووهەمین هۆی مردن لە تەواوی جیهانە. لە ئاستی جیهاندا نزیکەی ١/١ میلیارد کەس جگەرە دەکێشن و هەر ساڵ پتر لە ٨ میلیۆن کەس بەم هۆیە و ١/٢ میلیۆن کەسی جگەرەنەکێش لەژێر کاریگەریی دووکەڵی جگەرە گیانی خۆیان لەدەست دەدەن.

نزیکەی نیوەی منداڵانی جیهان هەوای ئالوودە بە تەماکۆ هەڵدەمژن و هەر ساڵ ٦٥ هەزار کەس لەو منداڵانە بە هۆی کاریگەریی دوکەڵی تەماکۆ گیانی خۆیان لەدەست دەدەن. جگەرەکێشان لە وڵاتانی لەحاڵی گەشەسەندندا باوە و، بە چەشنێکی بەردەوام لە حاڵی پەرەسەندندایە. لە چین لە سەتا ٧٠ی پیاوانی سەرەوەی ٢٥ ساڵ جگەرە دەکێشن و بەرزترین ڕادەی مردن بە هۆی جگەرەکێشان لەو وڵاتانە دەبیندرێ کە داهاتیان کەم یاخود مامناوەنجییە. ئەم وڵاتانە شوێنی دەستێوەردان و دیتنەوەی بازاری کڕین و فرۆشی بەرهەمەکانی تەماکۆن.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەرساڵ پتر لە ٤٨٠ هەزار کەس بە هۆی جگەرەکێشان و ٤١ هەزار کەس بە هۆی کاریگەریی دووکەڵی جگەرە گیانی خۆیان لەدەست دەدەن. ئەم ڕێژەیە بەرامبەر بە یەک لە پێنجی مردنەکان لە ساڵ یاخود ١٣٠٠ مردن لە ڕۆژێکدایە. لە ئاڵمان کێشانی تەماکۆ هۆی لە سەتا ٢٠ی ڕێژەی مردنە و، ساڵانە ١٤٠ هەزارکەس گیانی خۆی بەهۆی نەخۆشییەکانی پێوەندیدار بە جگەرە لەدەست دەدەن.

جگەرەکێش لەژێر کاریگەریی بە لانی‌کەم ٥٠ ماددەی شێرپەنجەزایە. جگەرەکێشان مەترسیی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی نەخۆشییە عفوونییەکانی دەزگای هەناسەیی وەکو ئەنفلۆنزا، پنێومۆنی پنێومۆکۆکال و سیل، هەروەها نەخۆشییەکانی دڵ و ڕەگەکان بەرز دەکاتەوە.

مامناوەندی ئەو ساڵانەی لە تەمەنی ئاسایی پیاو و ژن بە پێی کێشانی تەماکۆ کەم دەبێتەوە بە ڕیز ١٣/٢ و ١٤/٥ـ ساڵە. نەکێشان و دەس‌هەڵگرتن لە تەماکۆ لە تەواوی تەمەنەکاندا بەقازانجە و، دەسبەجێ دەبێتە هۆی دابەزینی مەترسیی مردن بە هۆی نەخۆشییەکانی دڵ و ڕەگەکان. وەلانانی جگەرەکێشان ئەگەری مەینی خوێن کەم دەکا و دەبێتە هۆی باشتربوونی ڕەوتی گەیاندنی ئۆکسیژن بە ئەندامەکانی لەش، هەروەها هۆیە ڕێخۆشکەرەکانی ڕەوتی نارێک‌لێدانی دڵ دادەبەزێنێ. لە نێوان ئەو کەسانەی جگەرەیان وەلا ناوە، ڕادەی دابەزینی مەترسیی مردن بە بەراوەرد لەگەڵ ئەوانەی درێژە بە کێشانی جگەرە دەدەن، دەستبەجێ پاش وەلانانی تەماکۆ دەست پێ دەکا و لەم کەسانەدا ١٠ هەتا ١٥ ساڵ دەخایەنێ تا مەترسی مردنی پێوەندیدار بە تەواوی هۆیەکان، بە ئاستی ئەو کەسانەی بگا کە قەت جگەرەیان نەکێشاوە.

لە ئێران هەر ساڵ ٦٠ هەزار کەس بە هۆی جگەرەکێشان گیانی خۆیان لەدەست دەدەن. بەپێی ئامارەکان لە سەتا ١١ هەتا ١٢ی خەڵکی ئێران جگەرە دەکێشن. بەپێی گوتەکانی دوکتۆر محەممەد ڕەزا مەسجدی، سەرۆکی یەکیەتیی بەربەرەکانی لەگەڵ بەکارهێنانی تەماکۆ، تەمەنی کێشانی دوخانیات لەم وڵاتە گەیشتۆتە ١٢ ساڵ. نزیک بە ٢٠ هەتا ٢٢ لەسەدی پیاوان جگەرەکێشن و ئەم ڕادەیە لە نێوان ژناندا کەمتر لە سەتا ٣یە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی"صمت" (پیشەسازیی، کانگا، و بازرگانی)، ئێرانییەکان لە درێژایی ساڵی ١٣٩٨ بە گشتی ٦٥ میلیارد و ١١٠ لق جگەرەیان کێشاوە، بەپێی حەشیمەتی ٨٣ میلیۆنی ئێران، مامناوەندی ڕێژەی سەرانەی جگەرە بۆ هەر ئێرانییەک ٧٨٤ لقە. هەڵبەت ئەم ڕێژەیە تەنیا بۆ کێشانی جگەرەیە و تەواوی بەرهەمە تەماکۆکەکان لە خۆناگرێتەوە. بە پێی ئامارەکان، هەر ساڵ لە ئێران، ١٠ هەزار تۆن تەماکۆی قلیان بە کار دەهێندرێ. ئامارەکانی وەزارتی "صمت" پیشان دەدەن لەو ٦٥ میلیارد گلە جگەرەیەی لە ساڵی ١٣٩٨ لە ئێران کێشراوە، ٥٥ میلیاردی لە ئێران بەرهەم هاتووە و ١٠ میلیاردەکەی دیکە هاوردەی قاچاغە.

لە عێراق لە چوار یەکی خەڵکی ئەم وڵاتە واتە ٧/٥ میلیۆن کەس جگەرە دەکێشن و، لەوەدەچێ بەپێی ئامارێ ساڵی ٢٠١٦ هەر ساڵ نزیکەی ١ میلیارد پاکەت جگەرە بکێشرێ. لە هەرێمی کوردستان نیوەی گەنجانی تەمەن ١٥ هەتا ٢٥ ساڵ جگەرە دەکێشن. جێی سەرنجە، لە سەتا ٣٤ی پزیشکەکان، لە سەتا ١٨ی ژنان و سەتا ٣ی ڕێبەرە ئاینییەکان بە چەشنێکی بەردەوام لە هەرێم خەریکی جگەرەکێشانن، هەروەها لە سەتا ٣٦ی گەنجان قلیان دەکێشن.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لە نێوان خوێندکارانی زانستگای سلێمانی، لە سەتا ١٠ خوێندکاران جگەرە دەکێشن و لە سەتا ٢٨یان قلیان (٤٩٪ پیاوان و ١٠٪ ژنان).

### ٢. ئەلکۆڵ

ئەلکۆڵ سێهەمین هۆی سەرەکیی مردنە زووڕەسەکان، پەککەوتوویی، لەدەستدانی سلامەتی و مردنی ساڵانەی ٣/٣ میلیۆن کەس لە جیهاندایە. خواردنەوەی زیانەدری ئەلکۆڵ هۆی سەرەکیی ٥/١ واتە ٢٠٠ نەخۆشیی و، زەرەر و زیانی نێو کۆمەڵگەی جیهانییە.

ڕێژەی مردن بە هۆی خواردنەوەی ئەلکۆڵ زۆرتر لە مردن بە هۆی نەخۆشیی سیل، ئەیدز و شەکرەیە.

لە ئاستی جیهاندا خواردنەوەی ئەلکۆڵ هۆی ڕیزێک لە نەخۆشییەکان، تێکچوون و شێوانی وەزعییەتی ڕوحی، هەروەها ڕووداوە مەترسییدارەکانە، بۆ وێنە:

- سیرۆزی جەرگ ٣٢٪
- شێرپەنجەی دەم و گەرو- دەمی ١٩٪
- شێرپەنجەی سورینجک ٢٩٪
- شێرپەنجەی جەرگ ٢٥٪
- پێکدادانی ماشێن و ... ٢٠٪
- کوشتن ٢٤٪
- خوکوشتن ١١٪
- خوێن‌بەربوونی مێشک ١٠٪

بەپێی "ڕاپۆڕتی وەزعییەتی جیهانیی ئەلکۆڵ و سلامەتی"ی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٨، نزیکەی ٢/٣ میلیارد کەس لە جیهان ئەلکۆل دەخۆنەوە. نیوەی حەشیمەتی قاڕڕەی ئەمریکا، ئورووپا و ڕۆژئاوای ئەقیانووسی ئارام مەشروب دەخۆنەوە. لە چوار یەکی گەنجانی تەمەن ١٥ هەتا ١٩ ساڵ، واتە نزیکەی ١٥٥ میلیۆن کەس ئەلکۆڵ دەخۆنەوە و لەوە دەچێ لە ئاستی جیهاندا ٢٣٧ میلیۆن پیاو و ٤٦ میلیۆن ژن تووشی تێکچوون و نەخۆشیی پێوەندیدار بە ئەلکۆڵ بن. بەرزترین ڕادەی بوونی ئەم تێکچوون و نەخۆشییانە لەنێوان ژن و پیاوی ئورووپایی (بە ڕیز ١٤/٨ و ٣/٥٪) و قاڕڕەی ئەمریکا (بە ڕیز ١١/٥ و ٥/١٪) دەبیندرێ. ڕادەی تێکچوون بە هۆی خواردنەوەی ئەلکۆڵ لەو وڵاتانەی داهاتیان لەسەرەوەیە، بەرزترە.

بەپێی لێکدانەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، هۆی سەتا ٦ی سەردانی نەخۆشەکان بۆ بەشی چاودێرییە سەرەتاییەکان لە پێوەندیی لەگەڵ شێوانی حاڵەتی ڕەوانی بەهۆی خواردنەوەی زیانباری ئەلکۆڵە. لە بریتانیا لە سێ یەکی نەخۆشە سەرپێییەکان لە بەشی چاودێرییە سەرەتاییەکان ئەو کەسانەن کە بە هۆی خواردنەوەی ئەلکۆڵ تووشی شێوانی ڕەفتاری و ڕووحی بوون.

ڕادەی ئەلکۆڵیزم لە فەڕانسە زۆرتر لە ئیتالیایە. لە ئالمانیش ساڵێ ٧٤ هەزار کەس بە هۆی خواردنەوەی ئەلکۆڵ دەمرن. بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠١٨، نزیکەی ٦/٧ میلیۆن ئاڵمانی (١٢.٦٪ حەشیمەتی ئەم وڵاتە) لە تەمەنی نێوان ١٨ هەتا ٦٤ ساڵ بە چەشنێکی زیانبار ئەلکۆڵ دەخۆنەوە و ٣ میلیۆن ئەڵمانی لەو تەمەنەدا تووشی نەخۆشی و تێکچوونی پێوەندیدار بە خواردنەوەی ئەلکۆڵ دەبن. خەرج و هزینەی نەخۆشییەکانی پێوەندیدار بە ئەلکۆڵ بۆ کۆمەڵگەی ئالمان لە ساڵدا نزیکەی ٤٠ میلیارد یۆرۆیە.

لە ساڵی ٢٠١٦ نەخۆشییەکانی پێوەندیدار بە خواردنەوەی ئەلکۆڵ لە وڵاتە کەم‌داهاتەکان یان لە ناوەنجی کەمتر، بە بەراوەرد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی داهاتیان لە ئاستی ناوەنجی سەرتر یاخود پڕداهاتن، زۆرتر بوو.

بەپێی ڕاپۆڕتی" ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٨ ئێران لە نێوان ١٨٩ وڵاتی جیهاندا کە "بەردەوام" ئەلکۆڵ دەخۆنەوە لە ڕادەی نۆهەمدا جێی‌گرتووە. بەپێی ئەم ڕاپۆڕتە مامناوەندی خواردنەوەی ئەلکۆڵی بێ‌گەردی هەر ئێرانییەکی سەرەوەی تەمەن ١٥ ساڵ کە "بەردەوام ئەلکۆڵ دەخواتەوە" لە ساڵی ٢٠١٦ نزیکەی ٢٨/٤ لیتر بووە. لە ساڵی ٢٠١٠ ئەم ڕێژەیە ٢٤/٨ لیتر بوو. بەپێی ئەم پێوەرە، تۆنێس لە نێوان وڵاتانی دیکەدا بێ ڕکابەر بووە، تا ئەو ڕادەیە کە بەکارهێنەرانی ئەلکۆڵ لەم وڵاتە، لە ساڵی ٢٠١٦ زایینی ٣٦/٦ ئەلکۆڵی بێ‌گەردیان خواردۆتەوە. پاش تۆنێس، بە ڕیز، سوازیلەند، مالدیو، ئەفغانستان، نامیبیا، باشووری ئەفریقا، ئەلجەزایر و تورکیە لە سەرەوەی ئێرانن.

بەپێی ڕاپۆڕتی ڕێکخراوی تەندروستی جێهانی، مامناوەندی خواردنەوەی ئەلکۆڵ لەنێو ئێرانییەکانی سەرەوەی ١٥ ساڵ لە درێژایی ساڵی ٢٠١٦، لیترێک بووە و ئەم ڕێژەیە بە بەراوەرد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٠ ئالوگۆڕێکی تێدا نەکراوە. لە وڵاتە موسڵمانەکان وەکو ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی، قەتەر، تورکیە و لوبنان -یش ئەم ڕێژەیە لە سەرەوەی ئێرانە.

بەپێی لێکدانەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهان، خواردنەوەی سەرانەی ئەلکۆڵ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی مدیترانە کە ئێرانیش لە خۆ دەگرێتەوە، ٦ دەهەمی لیترە.

سەرۆکی ناوەندی نەتەوەیی لێکۆڵینەوەی گیرۆدەی زانستگای علوم پزیشکی تاران ئەم ڕاپۆڕتەی قەبووڵ نییە و باس لە ٥ هەتا ٦ میلیۆن لیتر ئەلکۆڵ واتە ٠.١ لیتر ئەلکۆڵی بێ‌گەرد بۆ هەر کەسێکی باڵغ دەکا.

بەپێی ڕاپۆڕتی "بەرنامە و پێوەری چاوەڕوانی‌کردنی بواری سلامەتی ڕەوانی کۆمەڵایەتی و گیرۆدەیی بۆ ساڵی ١٣٩٨" دوایین ئاماری پشتڕاستکراوی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان لە ساڵی ١٣٩٠، ئاستی گیرۆدەیی بە ماددە نایاساییەکان لەنێوان خەڵکی تەمەن ١٥ هەتا ٦٤ ساڵی ئێران ٢/٦٥٪ واتە بەرامبەر بە ١/٣٢٥ میلیۆن کەسە و، بەپێی ڕاپۆڕتی ڕێکخراوی پزیشکی ئێران ڕۆژانە ٨ کەس بە هۆی گیرۆدەیی بە ماددە نایاساییەکان (و یەک لەوان ئەلکۆڵ) دەمرن.

بە داخەوە نووسەری ئەم دێرانە لە پێوەندی لەگەڵ ڕادەی بەکاردبردنی ئەلکۆڵ لە کوردستان ئامارێکی وەدەست نەکەوت.

### ٣. ماددە هۆشبەرەکان

بەپێی ڕاپۆڕتی ساڵانەی ستادی بەربەرەکانی

کوردستان
● ژمارە: ٨١٥
٢ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ _ ٢٢ی ژانویەی ٢٠٢٢

لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان و تاوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNODC) لە ٢٥ی ژووەنی ٢٠٢٠، لە ساڵی ٢٠١٨ نزیکەی ٢٦٩ میلیۆن کەس لە جیهاندا واتە ٥/٣٪ی حەشیمەتی جیهان ماددەی هۆشبەریان بەکار هێناوە. ئەم ڕێژەیە بە بەراوەرد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٩ کە بریتی بوو لە ٢١٠ میلیۆن واتە ٤/٨٪یان لە حەشیمەتی نێوان ١٥ هەتا ٧٤٦ جێهان، لە سەتا ٣٠ زۆرترە.

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، پتر لە ٣٥ میلیۆن مرۆف لە ئاستی جیهاندا بەهۆی مادده هۆشبەرەکان تووشی ئازار و نارەحەتی بوون؛ هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی ئەم ستادە لە ٢٦ی ژووئەنی ٢٠١٩، لە ساڵی ٢٠١٧ لە ئاستی جێهاندا ١١ میلیۆن کەس ماددەی هۆشبەریان وەشاندوە، لەم ڕێژەیە ١/٤ میلیۆن کەسیان تووشی "ئەچ ئای وی" و ٥/٦ میلیۆنیان تووشی هێپاتیتی C بوون.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ڕادەی بە کارهێنانی کانابیس [واتە حەشیش و ماریجوانا] لە تەواوی مادده هۆشبەرەکانی دیکە زۆرترە و، ماددەی تریاکئاساکان پڕ مەترسیترین چەشنی هۆشبەرەکان لە ئاستی جیهاندان[مادده تریاکئاساکان کاریگەرییان وەکو مۆرفینە و، لە زانستی پزیشکیدا بۆ ئازارشکێنێ کەلکیان لێوەردەگیرێ]. بەپێی لێکدانەوەکانی ساڵی ٢٠١٨، کانابیس بە هۆی بەکارهێنانی لە لایەن ١٩٢ میلیۆن کەس لە جیهاندا، لەنێوان مادده هۆشبەرەکان لە ڕیزی یەکەمدایە و، تریاکئاساکانی دیکە بە ٥٨ میلیۆن بە کارهێنەرەوە لە شوێنی دووهەمدان.

ئەم دوو ماددەیە هۆی سەتا ٦٦ (١٦٧ هەزار) مردنی پێوەندیدار بە بەکارهێنانی نابەجێی مادده هۆشبەرەکان لە ساڵی ٢٠١٧ بوون. کانابیس لە نێوان مادده هۆشبەرەکاندا، هۆی سەرەکی بانگهێشتنی ئەم کەسانە بۆ دەزگای دادوەری سزاییە و، بەپێی زانیارییەکانی ٦٩ وڵات، کانابیس هۆی پتر لە نیوەی دۆسیەکانی تاوان بە هۆی مادده هۆشبەرەکانی لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٨-٢٠١٥ پێکهێناوە.

بە پێی لێکدانەوەیەکی دیکە لە ساڵی ٢٠١٩:

* بەکار هێنانی دەوا هۆشبەرەکان هۆی ڕاستەوخۆو ناڕاستەخۆی مردنی ١١/٨ میلیۆن کەس لە جیهاندایە.

* جگەرە، ئەلکۆڵ و دەوا هۆشبەرەکان هۆی سەرەکی مردنی زووڕەسی ١١/٤ میلیۆن کەسن.

* پتر لە ٣٥٠ هەزار کەس لە جیهاندا بەهۆی خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری ئەلکۆڵ و دەوا ڕێپێنەدراوەکان، گیانی خۆیان لە دەست دەدەن.

* تەمەنی پتر لە سەتا ٥٠ی ئەوانەی بەهۆی خواردنەوەی لەڕادەبەدەری ئەلکۆڵ و مادده هۆشبەرەکان دەمرن لە ژێرەوەی ٥٠ ساڵە.

* ئەلکۆڵ و دەوا هۆشبەرەکان بەرپرسی سەتا یەک و نیوی نەخۆشییەکانن و، لە وڵاتگەلێکدا ئەم ڕادەیە بە سەتا ٥ دەگا.

بەپێی ڕاپۆرتی بنکەی کاروباری نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان و بەڕێوەبردنی یاسا لە ساڵی ٢٠٢١، ئێران وڵاتێکی ترانزیت و ئامانج بۆ مادده هۆشبەرەکان و بەرهەمەکانی کانابیسە. ئەفغانستان سەرچاوەی سەرەکی و بەرچاوی ئەم ماددەیانەیە. بەشێکی بەرچاوی متئامفیتامین وێرای بەرهەمهاتن و بهکارهێنانی لە ئێران، بۆ بازارەکانی نێونەتەوەییش قاچاغ دەکردرێ. زۆربەی مادده هۆشبەرەکان و کانابیس لە سنووره زەوییەکانی ئێران لەگەڵ ئەفغانستان و پاکستان هاوردەی ئەم وڵاتە دەکرێ و، پاشان لە ڕێگای سنوورەکانی باکووری ئێران بۆ تورکیە و ئازەربایجان، و بە ئامانجی ناردنی بۆ بازارە نێونەتەوەییەکان لە ڕێگای دەریاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا قاچاغ دەکرێ. بەپێی ڕاپۆرتی چاپەمەنییەکانی ئێران، بەراوەرد دەکرێ ساڵانە ٩٠٠٠ تۆن ماددەی هۆشبەر لە ئێران تێپەڕێ. بەپێی ڕاپۆرتی هەر ئەم ستادە لە ساڵی ٢٠٢١، نزیکەی ٤٣٪ی بەندکراوانی ئێران (٩٥ هەزار کەس) بەهۆی تاوانی پێوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکان لە بەندیخانەدان.

بەپێی ڕاپۆرتی کازم غەریبئابادی، نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وین لە ڕێوڕەسمی "ڕێزلێنانی ڕۆژی جیهانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە بەکارهێنانی نارەوای مادده هۆشبەرەکان و قاچاغی نایاسایی لە ٢٦ی ژووئەنی ٢٠٢٠"، لە نێوان مارسی ٢٠١٩ هەتا مارسی ٢٠٢٠، ئێران ١٨٨٦ تۆڕی چالاکیی نێوخۆیی و جیهانی[مادده هۆشبەرەکان] لە نێو بردوە و، پتر لە ٩٥٠ تۆن ماددەی هۆشبەر و چەشنە جۆراوجۆرەکانی ڕەوانگۆڕ وەکوو ٤٥ تۆن هرۆئین، هەروەها ١٧ تۆن متئامفیتامینی دۆزیوەتەوە. لە ڕەشەمەی هەر ئەو ساڵە[١٣٩٩] بەپێی ڕاپۆرتی "ایرنا" و لێدوانەکانی غەریبئابادی، ئاماری مادده هۆشبەرە دۆزراوەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە وێرای پەرەسەندنی ٤٠٪ی، بە ڕێژەیەکی بێوێنەی ١١٤٧ تۆن لە ساڵی ٢٠٢٠ زایینی گەیشتوە.

بەپێی لێکدانەوەی "ناوەندی چاکبوونەوەی گیرۆدەیی ئاریزۆنا" لە ٤ی ژووئەنی ٢٠٢٠، ئێران لە پەنای وڵاتانێک وەکو چین، ئەفغانستان، ڕووسیە، بریتانیای گەورە و مالێزی خراپترین کێشەی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان لە ئاستی جیهاندا هەیە.

بەپێی قسەکانی جێگیری ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکانی ئێران لە سێپتامبری ١٣٩٩، ڕێژەی فەرمیی گیرۆدەکان لەم وڵاتەدا نزیک بە دوو میلیۆن و ٨٠٠ هەزار کەسە. بەراوەرد دەکرێ کە ١ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسیش دیاریی نەکرابێن. بەپێی وتەکانی سەرۆکی دەرمان و پشتیوانی کۆمەڵایەتییەکانی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان لە ساڵی ١٣٩٨، ١٣/٨٪ی ئەوانەی لە ڕێگای وشاندنەوە ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن، تووشی "ئەچ ئای وی" بوون و، نزیکەی ٥٠٪ یش خاوەنی ئانتی بادی هێپاتیتی C - ن و، نزیکەی ٦٠ هەزار زیندانیش بە میتادۆن لەژێر چاودێری و ڕەوتی دەرمانکردندان.



بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی "تسنیم" لە ٦ی خەرمانانی ١٣٩٩ بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی گرووپی کۆمەڵایەتیی باشگای هەواڵنێرەکانی "پویا"، و بەپێی ڕاگەیاندنی سازمانی پزیشکی دادوەریی وڵات، لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٩٩، ئاماری تێداچووان بەهۆی بەکارهێنانی نابەجێ و لە ڕادەبەدەری مادده و دەوا هۆشبەر و وروووژێنەکان لە ئێراندا، ١٤/٧٪ بەرز بۆتەوە. لەم ماوەیەدا یەک هەزار و ١٥٣ کەس لە ئێران گیانی خۆیان بە هۆی گیرۆدەیی لەدەست داوە، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ڕابردوویدا یەک هەزار و پێنج کەس بووە.

بەپێی قسەکانی خاتوو فەرزانە سۆهرابی، مامۆستای زانستگا و بریکاری کۆمەڵایەتیی "موسسه کادراس" لە حەوتووی ململانێ لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان لە پووشپەڕی ١٣٩٩، بەپێی ئامارەکان نزیکەی سێ میلیۆن بەکارهێنەری بەردەوامی ئەم ماددەیانە لە ئێران هەن و، ژنان نزیکەی سەتا دەیان پێکدەهێنن؛ هەروەها لە سەتا ٥٠ی گیرۆدەکان تریاک و شیرە، ١٢٪ ماریجوانا و ٩٪ شیشە بەکار دەهێنن. خاتوو سۆهرابی وێرای دەربڕینی نیگەرانیی خۆی لەوەی کە ڕادەی پەرەسەندنی گیرۆدەیی لە ئێران سێ کەرەت زۆرترە لە پەرەسەندنی ڕێژەی حەشیمەت، بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند: لە حاڵێکدا پەرەسەندنی گیرۆدەیی ساڵانە نزیکەی ٨٪ بووە، لە گەشبینترین حاڵەتدا پەرەسەندنی حەشیمەت ٢٪ ە؛ لە ئاکامدا ڕێژەی پەرەسەندنی گیرۆدەکان، ساڵانە پتر لە سەتا ٣ یە. خاتوو سۆهرابی هەروەها وێرای ئاماژە بە بەرزبوونەوەی ڕادەی ڕەوتی گیرۆدەیی لەنێو ژناندا، گووتی: لەوەدەچێ لە ساڵانی داهاتوودا ڕووبەرووی بەرزبوونەوەی ڕەوتی ئۆگریەتی بە ماددەهۆشبەرەکان بین، ... ئامارەکان پێشان دەدەن لە وڵاتدا لە نێوان ٥ هەتا ٧ میلیۆن کەس، بە لانیکەم جارێک ماددەی هۆشبەریان بەکار هێناوە.

بە داخەوە لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو چوار پارێزگایەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەریاندا دابەش کراوە، ئامارێکی ورد و جێباوەڕ نییە، بەڵام بەپێی بەشێک لەو ئامارانەی بڵاوبوونەتەوە، دەکرێ ئاماژە بکرێ:

سەرهەنگ شاکری، سەرۆک پۆلیسی بەربەرەکانی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکانی پارێزگای کوردستان دەڵێ گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان لەم پارێزگایە بە بەراوەرد لەگەڵ ساڵەکانی ڕابردوو زۆرتر بووە و لە دەستپێکی ساڵی تازەوە نزیک بە یەک تۆن و ٤٥ کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر دۆزراوەتەوە. ئەم ڕێژەیە بە بەراوەرد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، لە سەتا ١٧ زۆری کردوە.

بەپێی وتەکانی ڕەحمان حەریری، بەڕێوەبەری شوڕای هاوئاهەنگکردنی ململانێ لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان لە بانەمەڕی ١٣٩٨، لە سەتا ١٠ی ژنانی ئێران و سەتا ٦ی ژنانی پارێزگای کوردستان گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکانن و لە سەتا ٦٠ی ئەم ژنانە بە پێشنیاری مێردەکانیان مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن.

فاروق وەفایی، سەرۆکی ئیدارەی سڵامەتی ڕەوانی کۆمەڵایەتی و گیرۆدەیی و جێگیری کاروباری بێهداشتی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی کوردستان لە جۆزەردانی ١٤٠٠، لە پارێزگای کوردستان ٢/٣٪ حەشیمەتی تەمەن ١٥ هەتا ٦٤ ساڵ گیرۆدەن و، ١٦ هەزار و ٤٣ کەسیش لە حاڵی دەرمان بە میتادۆنن. لە سەتا ٦٤ی گیرۆدەکان خوێندەواریی ژێر دیپلۆمیان هەیە، ١٥٪ خاوەنی بڕوانامەی کاردانی و ٢١٪ سەرەوەی لیسانسن. حەریری هەروەها ئاماژە دەکا، لە کوردستان ٩/٨٪ گیرۆدەی هێرۆئین، ٣/١ حەبی ئیکس، ٢٢/٦ ئەلکۆڵ، ٥٥/٢٪ تریاک و ٢٦/٢٪ شیشە و مادده سەنعەتییەکانن.

عەلی موستەفەوی، جێگیری سیاسی، ئەمنییەتی و کۆمەڵایەتیی پارێزگای ورمێ دەڵێ: لە سەتا ٣ێ خەڵکی ئەم پارێزگایە گیرۆدەی ماددەهۆشبەرەکانن و لە سێ مانگی هەوەڵی ساڵی ١٤٠٠ لە پارێزگای ورمێ ٥ تۆن ماددەی هۆشبەر دۆزراوەتەوە.

بەپێی زانیارییەکان، مەسەلەی بەکاربردن و بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان یەکێک لە کێشە سەرنجڕاکێشەکانی باشووری کوردستانیشە. د. ئیبراهیم خۆشناو، سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی دژ بە مادده هۆشبەرەکان پێیوایە ڕێژەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان ٥٠ هەزار کەس بێ."

دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندوە سێ هەزار و ٨٩ کەس بەهۆی بەکاربردن و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە زیندانەکانی هەرێمن، کە دەکاتە نزیکەی نیوەی زیندانیکراوان". هەروەها بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکانی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، ٥٥٥ کیلۆ و ٧٤٠ گرام ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان دەستی بەسەردا گیراوە، یەک هەزار و ١٣٣ کەس بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و دراوی ساختە دەستگیر کراون. زۆربەی ماددەکان و کەسانی دەستگیرکراو لە سنورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان و دەروازەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق بووە.

سەمەند بەرزنجی، کارگێڕی ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی بەرەنگاربونەوەی ماددەی هۆشبەر دەڵێ: لە ساڵی ٢٠٠٦، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان تەنیا ٣٠ کەس بە تۆمەتی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر گیراون، بەڵام لەنێوان ساڵانی ٢٠١٩ بۆ ٢٠٢٠ نزیکەی سێ هەزار کەس بە هەمان تۆمەت دەستگیر کراون و، ئێستا زیاتر لە ٨٠٠ کەس لە ناوەندەکانی چاکسازی بە تۆمەتی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر حوکم دراون، کە نزیکەی ٣٨٠ کەسیان بازرگانن، لەنێو ئەو ژمارەیەشدا ئافرەت هەیە، هەروەها زیاتر لە ٤٠٠ کەسیش بە تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر حوکم دراون، لەو ژمارەیەش نزیکەی ١٥ کەسیان ئافرەتن.

هەرێمی کوردستان نزیکەی ٥١٣ کم سنوری هاوبەشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە و ئێرانیش دوای ئەفغانستان بە پایتەختی مادده هۆشبەرەکان ناسراوە، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی خراپی لەسەر هەرێمی کوردستان داناوە.

* **سەرچاوەکان لە ئەرشیفی ڕۆژنامەدا پارێزراون**

---

دارسمە
دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# بەداخەوە شەهیدسازیی ئەمجارە پەکی کەوت

١٨ی بەفرانباری دووساڵ لەمەوبەر، چەند ڕۆژ دوای ئەوەی قۆڵێکی میرزا قاسمۆکە لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا دۆزرایەوە، ئاغا بیری لەوە کردەوە چۆناوچۆن بەرەنگاری ئیستیکباری جیهانی ببێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هینای نەخشەیەکی زۆر زیرەکانەی داڕشت. جەنابی ڕێبەر کە گرووپێکی بچووک پێی ئێژن "ڕەهبەر" و گرووپێکی بچوکتر دەڵێن "ئاغا" و گرووپێکی بچووکتر بچووکتریش عەرزی دەکەن "ئیمام خامنەیی" و لە ڕاستیشدا هەمان "عەلیە گۆج"ی خۆمانە، نەخشەکەی ئا بەم شێوەیە بوو:

سەرەتا چەند مووشەکێک کە سەری نووکیان کەمێک باڕووتی تێدایە و باقیی نێویان بەتەڵە، بە چەشنێک بەرەو بنکەی ئامریکایی "عەینولئەسەد" بهاوێژرین کەسی ئەمریکایی گوێی دە خوێن نەیەت و خوێنی زۆر نەکەوێتە نێوان ئێران و ئەمریکا. "ڕەهبەر"ی بەڕێز یان بڵێین "ئاغا"، "ئیمام خامنەیی" یان هەمان "عەلیە گۆج"ی خۆمان کە برایانی ئازەری بە "عەلیچۆلاغ"یش ناوی دەبەن، فەرمانی دا چەندین تەنەکەی نێوبەتاڵ بە ناوی مووشەک بهاوێنە هێزەکانی ئەمریکا لە عەینوولەئەسەد و دوای ئەوەی زانی ئەم هێرشە نێو بەتاڵە هیچ سەربازێکی ئەمریکایی نەکوشتوە و ئەمریکاش ئەگەر سەربازی لێنەکوژرێن هێرش ناکا، فەرمانی فەرموو یەکێک لە فڕۆکەکانی گواستنەوەی ڕێبواران بدرێتە بەر دوو مووشەکی نێوپڕ و بەر بدرێتەوە. ئاغا بەتوندی داکۆکیان فەرموو دەبێت ئەو مووشەکانەی لە فڕۆکەکە دەدرێن زۆر لەو مووشەکانەی بەرەو عەینولئەسەد هاوێژران ئەنگێوەتر بن و کاری دوژمن یەکسەرە بکەن. لێرەدا لێزانی و بیرتیژیی ڕێبەر ئەوەندە زۆر بوو، بە تیرێک دوو ئامانجی دەپێکا. دیارە ئەو ماموستا و خوێندکار و هاووڵاتیانەی لەنێو فڕۆکە نەفەرهەڵگرەکان دان دوژمنی سەرەکین. ئەوان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئاغا پێکنایەن، بەڵام ئەمریکا بە لای بەرجام و مەرجام و شتی وادا خەریکی پێکهاتنە. بەردەستانی ئاغاش زۆر پیاوانە ئەو فڕندە ئۆکرایینییەیان ئەنگاوت کە چەند خولەک پێشتر لە فڕۆکەخانەی تاران بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشانیان کردبوو.

فڕۆکە ئەنگێوراوە ئۆکڕاینیەکە ١٧٦ کوژراوی لێکەوتەوە و وەک "ئاغا" فەرموویەتی بە خۆشیەوە هیچکەس بە برینداریش ڕزگار نەبوو بۆ ئەوەی ئێستا زماندرێژی بکات و هەزار بوختانمان بۆ هەڵببەستێت.

جا ئەم جارە گەمە خۆشەکە دەستی پێ کرد و وەک ئیمام خامنەیی دایناببوو، دەبوایە لێدانی ئەم فڕۆکەیە بەئەستۆی ئەمریکادا بهێنرێت و پێشان بدرێت ئێران لە کاتێکدا ئەم هەموو تەنەکە بەتاڵە درێژەی ناوەتە عەینولئەسەدەوە، قولاغی ئەمریکاییەکی بریندار نکردووە، ئەوە ئێمە ١٧٦ کەسی سڤیلمان بە مووشەکی ئەمریکاییەکان کوژران.

گیان گیان، بووین بە خاوەنی ١٧٦ شەهیدی دیکە. ئەگەر هەر شەهیدێک تەنیا سێ خێزانی خزمی پلە یەکی هەبێت، ئەم ژمارەیە جارانی سێ دەکاتە ٥٢٨ خێزان و ئەگەر هەریەک لەم ٥٢٨ خێزانەش هاوڕێ و هاودەم و هاوڕێی ٥ خێزانی دیکە بن، ئەوە دەکات ٢٦٤٠ خێزانی دیکە بەمجۆرە لێکدانەوەیە ئەوای لێ دێت، ١٧٦ خێزانی ١٧٦ شەهیدەکە و ٥٢٨ خێزانی خزمی پلە یەکی ١٧٦خیزانە شەهیدەکە و ٢٦٤٠ خێزانی هاودەم و هاوڕێی ئەم ٥٢٨ خێزانە بە هەموویانەوە دەکاتە ٣٣٤٤ خێزان. ئەگەر هەر خێزانێک لە ٤ ئەندام پێکهاتبێ دەکاتە ١٦هزار ٧٢٠ کەس.

دیسان گیان گیان، بە ئەمە دەڵێن پرۆسەی بەردەوامیی شەهیدسازی، خەنی لە خۆمان. ئەمە ئەنجامی ئەزموونی سەردەمی ئاگرتێبەردانی هینەکەی ئابادانە. ئەو هینەی نزیکەی ٤٢٠ شەهیدی لێوە دروست بوو.

جەنابی ئاغا وای دانابوو، قاتڵی قاسم سولەیمانی ببێتە بکوژی ١٧٠ کەسی بێتاوانی نێو فڕۆکە ئۆکرایینیەکە و ئێمەش دوای ئەوەی لەسەر جادە و شەقام و لە حوسێنیە و مزگەوتانەوە هاوار بکەین و بڵێین ئەمریکا دوژمنی هەموو گەلی ئێرانە و ئەم هەموو خەڵکە بێتاوانەی کوشتوە بۆیە ئەم هەموو مووشەکەمان لە عەینولئەسەد بە هێزی ئەمریکا و ئەم هەموو سەرباز و ئەفسەرە پایەبەرزانەیەوە نا و گێژوویژمان کردوون.

جا دوای ئەمەش دەهاتین لە ژێرەوە بە دەستەڵاتی ئەمریکامان دەگوت، بۆ ئەوەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و دڵبریندارتان لێ نەوروژێت، وەک ئەم ساڵانەی ڕابردوو بەدەم هەڕەشەمان لێبکەن و بە ڕادیو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و دەرکردنی بەیاننامەی "غیرالزامآوار" لە ڕواڵەتدا بمانکوتن.

لە کۆتاییدا خەتای خۆمان بوو. ئەوە نییە دەڵێن دار هۆرەی لە خۆی نەبێت ناقەڵشێت، ئەمە بوو ئەرکانی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی ئێران بە قسەوقسەڵۆکی خاوەن ماهوارە و مانگی دەستکرد و مەستکرد و جرۆجانەوەری دیکە دانی بەوە دانا کە خۆمان بە مووشەک سێرەمان لە فڕۆکەکە گرتوە و ئەم هەموو مامۆستا و خوێندکار و شارەزا و پسپۆڕانەمان کوشتوە.

ئەمانەی باس کران هیچیان ناخۆش نەبوون و ئەوەی هەرەناخۆش ئەمەیە، ئاغا تووشی ئەم زەحمەتە دەبێ لە کاتێکدا دەستە نایلۆنەکەی کەمێک بەرز دەکاتەوە، ناچارە لە قاقەزە بچووکەی دەستی چەپی بڕوانێ و بە ڕیز جنێوی سەیروسەمەر بە ئەمپڕیالیزم و و "دوشمەن"ی سەهیونیستی بدات.

کوردستان
• ژمارە ٨١٥
٢ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ _ ٢٢ی ژانوییەی ٢٠٢٢

# دۆخی خەڵک لەسۆنگەی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمەوە



دیاکۆ دانا

بەرژەوەندیی نەتەوەیی توخمی سەرەکیی سیاسەتی نێودەوڵەتییە، کە بڕیاردەرانی دەسەڵاتی سیاسی هەر وڵاتێک لە دارشتنی ستراتیژیی سیاسەتی دەرەکیی خۆیاندا بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجە نەتەوەیی و ڕەفتار و ساتوسەودایان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا وەک بناخەی سەرەکی ڕەچاوی دەکەن. بە دیوێکی دیکەدا چی لە قازانج و بەرژەوەندیی وڵات و گەلەکەیاندا بێ دەیقۆزنەوە و بەو نەفەسەش بەگژی مەترسییەکان بۆ سەر وڵاتەکەیاندا دەچنەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڵام یەک لەو وڵاتانەیە کە سیاسەتی دەرەکیی خۆی نەک لەسەر ئەستۆندەگی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، بەڵکوو ئیدئۆلۆژیی شیعیزمی سیاسی دارشتوە و هەر لەو سۆنگەیەشە وڵاتی تا لێوارەکانی شەڕ بردۆتە پێشێ و خەڵکیشی دەستەویەخەی دەیان قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کردوە.

«نە بەرەی ڕۆژهەڵات، نە بەرەی ڕۆژئاوا – هەر کۆماری ئیسلامی» یەک لە دروشمەکانی سەر زاری خەڵک لە ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ بوو، دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیش ئەم دروشمە لە سەردەرانەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتدا نەخشێندرا و هەتا ئێستاش لەجێی خۆیەتی. کەچی بەکردەوە دەبینین لەدژی ڕۆژئاوا شمشیری لە ڕوو بەستوە و شەش دانگ بۆ لای ڕۆژهەڵات (چین و ڕووسیە) شکاوەتەوە. ئەو شکانەوەیەش نەک لەپێناو قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی وڵات، بەڵکوو تەنیا لەبەر هێشتنەوەی خۆیان و پاراستنی دەسەڵاتەکەیان، ئەویش بەنرخی بەخشین و هەرزانفرۆشکردنی هەر هەموو سامان و سەرچاوە سرووشتییەکانی وڵات بەو دوو وڵاتە. ڕێککەتنی ٢٥ ساڵەیان لەگەڵ چین و سەفەری بێوچانی کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ ڕووسیە لەپێناو گرێبەستە نووسراو و ڕانەگەیندراوەکان زۆر شتیان تێدا دەخوێندرێتەوە کە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

نالێکیی بەرژەوەندییەکانی خەڵک و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی ئیدئۆلۆژیگەرایانەی ڕێژیم کە هەر لەگەڵ سواربوون بەسەر شەپۆلەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی دژی پاشایەتیدا، سیاسەتی «هەناردەکردنی شۆڕش» بۆ دەرەوەی سنوورەکان و پەرەپێدانی شیعەگەریی خرایە پێشترینەکان کە ئەم سیاسەتە هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. کۆماری ئیسلامی کە وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەدی و بە بەردەوامی بە چاوی دوژمن سەیری عەرەبستان، ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئەمریکای کردوە، بۆ مانەوەی خۆی لەو گۆڕەپانەدا سیاسەتێکی نەگۆڕی گرتۆتە پێش کە خۆی لە ناسەقامگیرکردنی ناوچە، دروستکردنی گرووپ و میلیشیا بۆ شەڕی نیابەتی و دەستڕاگەیشتن بە بۆمبی ئەتومی و چەکی کۆمەڵکوژی وەک مووشەکە بالستیکەکاندا دەبینێتەوە. ئەم سیاسەتە نەگۆڕەی دەرەکیی ڕێژیم بەڵام چارەنووسی خەڵکی ئێرانی گۆڕیوە و لەو سۆنگەیە ئەمڕۆکە دەبینین خەڵکی ئێران کراونەتە قەڵغانی شەڕانشۆییەکانی ڕێژیم و نوقمی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کراون.

لێکەوتەی کارەساتباری سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی پێش هەموو شتێک ئەوکی خەڵکی گرتووە و هاڕیونی. لە بواری ئابوورییەوە کۆماری ئیسلامی ساڵانەی بەشی هەرە زۆری بودجەی وڵات لە بری پەرەپێدان بە پیشەسازی، پەروەردە ئاوەدانکردنەوە، ڕەخساندنی هەلی کار و کەمکردنەوە لە خەسار و زیانە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پرۆژە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی خەرج دەکا. تێچووی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم کە بۆ پێشخستنی پلانەکانی دەیان گرووپی میلیشیایی لە چەندین وڵات دامەزراندوە، هەروەها بەرنامە مووشەکی و ئەتومییەکەی لە تەنیشت کارتێلی سیاسی_ئابووریی سپای پاسداران هیچیان بۆ خەڵک نەهێشتۆتەوە. بۆیەشە لەگەڵ پەرەسەندنی نارەزایەتییە گشتییەکان پتر لە هەموو کاتێک سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم خراوەتە ژێر پرسیار و دروشمی «نە غزە نە لبنان – جانم فدای ایران» بەرز کراوەتەوە.

بەلاوە نەهاتنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی وەبەرهێنان و گەمارۆکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەدژی ئێران کە لێکەوتەی سیاسەتی دەرەکی و پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆریزم و قەیرانخوڵقێنیی ئەم ڕێژیمەن، لە تەنیشت گەندەڵیی کاربەدەستان و ئابووریی ڕانتی هیندەی دیکە پەرەی بە قەیرانە ئابوورییەکان و لەو سۆنگەیە هەڵکشانی بێکاری و گرانی داوە.

لە بابەت مەسەلەی پرستیژیشەوە کۆمەڵگەی جیهانی ئێران وەکوو ماکەی سەرەکیی تێرۆریزم، شەڕ و ئاژاوە چاو لێدەکا و بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە و ئاشکرابوونی درۆ و دەلەسەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئیدی لە ئێستادا هیچ ئێعتبارێکیان بۆ ئەم ڕێژیمە نەهێشتۆتەوە. ڕەنگبێ هەر چەندیوچۆنیی ئێعتباری پاسپۆڕتی وڵات پێوەرێکی باش بۆ هەڵسەنگاندنی پێگە و پرستیژی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی بێ. پاسپۆرتی ئێرانی لە نێو وڵاتانی جیهاندا، نزمترین پلەکانی هەیە و هاووڵاتییانی بەو پاسپۆڕتە دەتوانن لە نێوان ٢١٨ وڵاتی جیهاندا، تەنیا هاتوچۆی کەمتر لە ٤٠ وڵات بکەن. وڵاتانێکی وەک ڤێنێزۆئێلا، زیمبابوە، ئێریترییە، ئێتیۆپی، نیجێرییە و ئانگولا و... .

کۆماری ئیسلامی لە ئێستاشدا و سەرەڕای ئەو دۆخە تراژیدیکە ئامادە نەبووە پێداچوونەوە بە سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا بکا و بە تەواوی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تەنیا لە سۆنگەی «مەیدان»ەوەیە کە دەتوانێ لە مەیداندا بمێنێتەوە. ئەگەرچی لە هەموو لایەکەوە خراوەتە ژێر گوشارەوە. یەکەم ئەو گرووپ و میلشیا و لایەنانەی کۆماری ئیسلامی بۆ شەڕی نیابەتی لە ناوچەدا دروستی کردوون و ئێستا بەشێک لە ناسەقامگیریی ناوچەکەن، چ لە ڕووی پێگەی سیاسی و چ لە ڕووی توانای سەربازییەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پاشەکشەی زیاتر دان، حیزبوڵڵا لە لوبنان، حەشدی شەعبی لە عێراق و حوسییەکان لە یەمەن نموونەیەکی بەرچاو لەو داگەڕانەن کە لە ڕاستیدا بەمانای شکستی کۆماری ئیسلامی دێ.

بابەتێکی دیکە ڕێژیمی ئێران دەبێ خۆی لەگەڵ یەکلا کاتەوە مەسەلەی بەرنامەی ئەتۆمییە کە یان ئەوەی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی لایەنی بەرجام پێک دێ و دەست لە دەیان ساڵ کات و دەیان میلیارد دۆلار دەشواتەوە کە بۆ بۆمبی ئەتوم و مووشەک تەرخانی کردوە، یان مل بۆ ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانی نەوی ناکا و لەو سۆنگەیەوە بەرەوڕووی کۆمەڵێک ئەگەر و سیناریۆی دیکە دەبێتەوە. دواجار ئەوە کە سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی ئێستاش نەبێ، لە داهاتوویەکی نیزیکدا سەری ئەو ڕێژیمە دەخوا.

# سیاسەتی زاڵکردنی یەکزمانی و خەسارەکانی

ئا: عەلی لەیلاخ

حکوومەتە دیکتاتۆرەکان هەموو ڕێگایەک بۆ سەپاندنی هێژمۆنیی خۆیان دەگرنەبەر و لە بنەڕەتڕا مانەوەی خۆیان لە تواندنەوە یا ئەوانیتردا دەبینن.

لە ئێران کە بەرەبەرە نوێگەرایی بە لاسایی‌کردنەوە لە وڵاتی دیکە لە سەردەمی ڕەزاشای قاجارەوە هاتە ئاراوە، پاش کودەتای ڕەزاخان و دامەزرانی نیزامی پاشایەتیی پەهلەوی کۆلۆنیالیزمی فەرهەنگی و داگیرکردنی زمان و شوناسی نەتەوەو ئەتنیکەکان یەکێک لە سیاسەتە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی پەهلەوی بوو، کە بە میرات هێشتا لە ناخ و زەینی بەشێک زۆر لە بژاردە و کەسانی بەرچاوی غەیرە کورد ماوەتەوە و ئەمەش بەدەر لەوەی کە لە پاش ڕووخانی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئێرانشاریەتی تێکەڵ بە مەزهەبیش کرا و سیاسەتی زاڵکردنی یەک کولتوور و فەرهەنگ بەسەر نەتەوەکانی دیکە بە تایبەتی کورد ستایلی دیکەی بە خۆی گرت. دیارە بێگومان ئەگەر باگراوندی خەباتی فەرهەنگی و نەتەوەیی کورد لەگەڵ هاتنە مەیدانی جیلی نوێی شوناسخواز نەبا، خەسارەکانی سیاسەتی یەکزمانی کردنی ئێران زیاتر و زۆرتر لە فەرهەنگ و زمانی کورد دەدرا.

بۆ تاوتوێکردنی زیاتر بابەتی سیاسەتی زاڵکردنی یەکزمان بۆسەر نەتەوە جیاجیاکان لە ئێران ڕاوبۆچوونی بەڕێزان ساماڵ ئەحمەدی، نووسەر و وەرگێڕ و عەدنان بەرزەنجی، بەرپرسی "ئەنیستیتۆی زمانی کوردیی ڕاژە" وەردەگرین:



ساماڵ ئەحمەدی

**ساماڵ ئەحمەدی:** توێژینەوە زمانناسییەکان ئەو بابەتەیان سەلماندووە کە پەیڕەوکردنی یەکزمانی لە وڵاتانی فرە زماندا نەک هەر خەسار بە زمانەکان دەگەیەنێ، بگرە دەبێتە هۆی لەنێوچوونیشیان. باس لەوە دەکرێ کە ٦٧٠٠ زمان لە دنیادا هەیە کە نیوەیان لە بەردەم مەترسیی لەنێوچووندان، هەربۆیەش لە ساڵی ١٩٩٩ەوە ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی دووی ڕەشەمە (٢١ی فێوریيە)ی هەموو ساڵێکی وەکوو ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ناساندووە.


ئێران کە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە و جوغرافییا سیاسییەکەشی لە جوغرافیای فەرهەنگی و زمانی چەندین نەتەوە پێکهاتووە، بەداخەوە هەتا ئەمڕۆش سیاسەتی یەک زمانی پەیڕەو دەکرێ و دەسەڵات و فەرهەنگی زمانیی تاکەزمانێک کە زمانی فارسییە بەسەر زمانانی دیکەدا دەسەپێندرێ. ئەوەش بەو ئامانجە دەکەن کە دەیانەوێ چەمکێک کە خۆیان پێی دەڵێن فەرهەنگی ئێرانی کە چەمکێکی هەڵبەستراوە پێناسە بکەن و بڵێن ئەم فەرهەنگە کە ناوی فەرهەنگی ئێرانییە بەرهەمی زمانی فارسییە، ئاواش حاشا لە هەموو زمانەکانی دیکە بکەن و وا بەڕووی دنیادا بناسێنن کە ئەوە فەرهەنگی ئێرانییە و فەرهەنگی ئێرانیش واتە بەرهەمی زمانی فارسی.

بەداخەوە ئەم سیاسەتی حاشاکردنی زمانییە ئەوە نییە هەر لەلایەن ڕێژیمەکانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا پەیڕەو بکرێ یان هەر ئەوان دایانهێنابێ لە ڕاستیدا ئەمە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی ئاکادیمی و توێژەری هزری و سیاسییەوە دارێژراوە کە تێئۆریشی بۆ کراوەتە پاڵپشت و پاساوی بۆ هێنراوەتەوە، ئێمە دەزانین لە سەرەتای ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی کەسانی وەکوو "مەحموودی ئەفشار" و "موشفقی کازمی" و زۆر کەسی دیکە، ئەو بابەتی یەکزمانییە و گرینگیی ئەوەی کە ئەو مەسەلەیە بۆ فەرهەنگی ئێرانی گرینگە دایانڕشتووە و ڕێژیمەکانیش جێبەجێیان کردوە، لە ئێستاشدا کەسانی وەکوو "جواد تەباتەبایی" و "حەمید ئەحمەدی" کە کەسانی دانیشگاهین و لە بواری فکری و سیاسییەوە توێژینەوە دەکەن تێئۆریی و پاساوی بۆ دادەتاشن. مەبەستی سەرەکیی ئەوان لەم سیاسەتە ئەوەیە کە هەرچی ئیمکاناتی فێربوونە لەو جوغرافییا سیاسییە بەرینەدا کە پێی دەڵێن ئێران بۆ زمانی فارسی بێ و هەم ئیمکاناتە مرۆڤییەکە و هەم ئیمکاناتە مادییەکەی هەرچیەک هەیە لە پێناو پێشخستنی زمانی فارسیدا بێ و ڕێ لە خوێندنی زانستی و فێربوونی زانستی زمانانی دیکە بگرن بۆ ئەوەی ئەو زمانانە نەتوانن بەرهەمی فەرهەنگیی خۆیان، بەرهەمی نەتەوەیی خۆیان، ئەدەبی خۆیان، بەرهەمی فکری و سیاسیی جیاوازی خۆیان بەرهەم بێنن و هەموویان بە زمانی فارسی، گۆیا فەرهەنگی ئێرانی بەرهەمی بێنن. ئەوەش دیارە هەر خۆی لە خۆیدا پێناسەی چەمکێکی هەڵبەستراوی وەکوو فەرهەنگی ئێرانی حاشاکردنە لە فەرهەنگەکانی دیکە و ئێمەش دەزانین هەموو فەرهەنگێک حاسڵی زمانە ئەوەش حاشاکردنە لە زمانەکان و دیارە بە مەبەستی لەنێو بردنیشیان.

**عەدنان بەرزەنجی:** زمانی دایک یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانە لە باسی فەرهەنگیدا و من وا فکر دەکەمەوە کە زمانی دایک بنەڕەت و بناغەی زمانە. کەچی بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا زمانی دایک پێگەیەکی زۆر باشی نییە بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە چەند زمانەن، زمانی دایک و هەندێ لەوانەی کە کەمینەن زۆر بەلای دەسەڵاتەکانەوە گرینگی پێ نادرێ و ئاوڕی لێ نادرێتەوە. هەر لەم سۆنگەیەوە ئێمە دەبینین کە زمانی دایک وەبەر پلار دەدرێ و زیانی زۆری بەر دەکەوێ.

ئێمەی کورد نەتەوەیەکین کە لە چوار وڵاتدا دەژین و لەم چوار وڵاتەدا کە چەند زمانەیە کەمینەین و بەردەوام زمانەکەمان وەبەر ئەو پلارە دەکەوێ و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەتوانم بڵێم زیاتر لە هەر زمانێک مەترسیی لەسەرە. زمانی کوردی ئەگەرچی چوارەمین زمان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوای عەرەب، تورک و فارسە بەڵام زۆرترین زەبری لێ دەدرێ،لەبەر ئەوەی کە بەردەوام لەو وڵاتانەدا کەمینە بووین و زمانەکەمان پشتگوێ خراوە. لەلایەکی دیکەوە بەداخەوە زمانی دایک وەکوو لە ڕۆژهەڵات بە ڕوانگەیەکی سیاسی و ئەمنییەتییەوە سەیری دەکرێ و زمانی کوردیش یەکێک لەو زمانانەیە کە زۆر بەسیاسی کراوە و ئەمە خۆی لە خۆیدا خەساریکی گەورەی لە زمانی دایک داوە.

ئەمن هیوادارم ئەو ڕۆژە ببینم و ئەو ڕۆژە بێت کە زمانی دایک وەکوو زمانی دایک بمێنێتەوە و ئەوەی کە زمانی دایک وەکوو سەنعەتی دایک ئاوها ئاوڕی لێ بدرێتەوە و کاری لەسەر بکرێ. من وا هەست ئەکەم ئەو ڕۆژەیە کە ئێمە دەگەین بەو ئاوات و ئارەزووە کە نازانم کەی دەبێ. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هەم لە بواری یاساوە و هەم لە بواری ئایینەوە، چون زۆربەی ئەم دەسەڵاتانە ئەم خەڵکەی وا لە ئەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە دەژین ئایینیان ئیسلامە، و هەم لە بواری نێونەتەوەییەوە خەسارەتێکی زۆر لە زمانی دایک دەکەوێ. ئەگەر ئێمە بەپێی ئەو فاکتەرانە سەرنجی خودی ئەو خەسارەتانە بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە چ خەسارەتێکی گەورە لە زمانی دایکی ئێمە کە زمانی کوردییە دەدرێ.



عەدنان بەرزەنجی

**ساماڵ ئەحمەدی:** ڕێژیمی ئایدۆلۆژیکی ئیسلامیی ئێران وەکوو چۆن بەبێ ئەوەی پرس و ڕا بە هیچ کام لە پەیڕەوانی ئەو ئایینانە بکا کە لەو وڵاتەدا دەژین، وڵاتەکەی ناو ناوە ئێرانی ئیسلامی هەر بەو شێوەیەش هەڵبەت بە درێژەدان بە سیاسەتی ڕێژیمی پێشوو بەبێ ئەوەی کە پرس بە هیچ کام لە ئاخێوەرانی زمانانی جیاوازی نێو ئەو جوغرافیا سیاسییە بکا زمانی فارسی کردووە بە زمانی ڕەسمی. ئەم سیاسەتە کە بێگومان سەر لەبەر دژی مرۆڤییە، بەبیانووی ئەوە دارێژراوە و تیوریزەش کراوە کە ڕێگری لە دابەشبوونی یەکپارچەیی خاکی ئێران بکا. دیارە هەر زمانێک با بڵێین لایەنی دیاری فەرهەنگیی خۆی هەیە لە جیهانبینی ئاخێوەرەکانیدا، واتە ئاخێوەری هەر زمانێک جیهانبینیی جیاواز، فەرهەنگی جیاواز، فیکری جیاواز و ڕێبازی جیاوازی هەیە و هەمووی ئەمانە لە جیاوازیی زمانییەکە دەکەونەوە، بەڵام دەشکرێ ئەم جیاوازییە نەک هەر هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی جوغرافیایەکی سیاسی نەبێ بگرە هۆکاری تێگەیشتنی باشتری مرۆڤەکان لە جیهانی جیاوازی یەکتر و پێکەوە ژیانیان بێت. بۆ نموونە زۆرن ئەو وڵاتانەی کە ڕێژیمەکانیان ڕێژیمی فیدڕالییە و بەهۆی ئەوەی کە جیاوازییەکانی یەکتریان قبووڵ کردووە و هەموو زمانە جیاوازەکانی نێو ئەو وڵاتانە ڕەسمین و مافی ڕەسمیی خوێندن و فێربوون و داهێنانیان هەیە و ڕێزیان لە یەکتر گرتووە، جیاوازییەکانی یەکتریان قبووڵ کردوە، دەبینی زۆر بە ئازادی و دڵخوازانە پێکەوە دەژین و هیچ کێشەیەکیشیان نییە. بۆ نموونە خەڵکی کبک لە کانادا چەند جارێک تەنانەت ڕاپرسیشیان کردووە بۆ ئەوەی کە ئایا ئەوان کە فەڕانسەوی زمانن دەیانهەوێ لەگەڵ خەڵکی ئینگلیزی زمانی کانادا پێکەوە لە چوارچێوەیەکی جوغرافییایی سیاسیدا بمێننەوە و هەموو جارێک دەنگیان بەمانەوە داوە و دەنگیان بە جیابوونەوە نەداوە؛ لەبەر ئەوەی مادام ڕێز لە یەکتر دەگرن، مادام زمان و فەرهەنگی یەکتریان قەبووڵە چ پێویست بە جیابوونەوە دەکا. گەلانی ئێرانیش ئەگەر ڕێز لە زمانەکانیان بگیرێ ڕێز لە فەرهەنگە جیاوازەکەیان بگیرێ و فەرهەنگی جیاوازی ئەوان لە چەمکێکی گشتی وەک فەرهەنگی ئێرانیدا حاشای لێ نەکرێ، بێگومان هەموان ئەوکاتە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کە بە ڕێزگرتن لە یەکتر پێکەوە بژین و هیچ جیاوازییەکیش نەبێتە هۆکاری ئەوەی کە لێک داببڕێن، بگرە ببێە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر یەکتر بناسن و ڕێزی زیاتر لە یەکتر بگرن. ئەو تیۆرییە هەڵەیەی کە سیاسەتی زمانی لە ئێران لەسەر دارێژراوە کە گۆیا سیاسەتی یەک زمانی ڕێگری لە دابەشبوونی یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکا و یەکپارچەیی خاکی ئێران دەپارێزێ ئەوە تەنیا شتێکی شۆڤێنیستییە، فکرێکی شۆڤێنیستییە و هیچ پاساوێکی مەنتقی و زمانناسیشی لە پشت نییە.

***

دەرهاوێشتەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی بواری زمانناسی، باس لەوە دەکا کە پەرەپێدان بە زمانەکان لە ئەساسدا پەرەپێدانە بە کولتوور و فەرهەنگ و ئەزموونە مێژووییەکان و بە پێچەوانەکەشی زەرو خەسار لێدانە لە میراتی مرۆڤایەتی.

بەڵام لە ڕەهەندی سیاسەتی ناوەندگەرا و پاوانخوازەوە ئەوان لە نێوبردن یان کۆیلەکردنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکان و بەستنەوەیان بە فەرهەنگی باڵادەست، بناغەی کۆیلەکردنی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و هەربۆیە لە ڕێگای جۆراجۆر وەکوو چاپەمەنی، سینەما، ڕۆژنامە و گرتنی فستیڤاڵ و سمینارە هتد...دەیانەوێ وێڕای سەپاندنی خۆیان هەرچەشنە خەونی ڕزگاری و بەختەوەریی گەلانی دیکەش لە نێو بەرن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو بووژانەوە فەرهەنگییە لە بواری زمانی دایک تا ڕادەیەکی زۆر توانی پێش لە ئاستی بەرفەراوانی کارەساتی یەکزمانی کردن بگرێ کە لە پەروەردەی وڵاتی ئێران پێڕەو دەکرێ. بەڵام چونکە زمانی هەستیاریی خۆی هەیە و دەبێ ئەوە ئەرکی دەوڵەتەکان بێ و نەبوونی کیانی سیاسی و فەرهەنگیی کوردیش ڕەوتی گەشەی زمان و فەرهەنگی کوردی خاو کردووتەوە.

# د. هاشم ئەحمەدزادە:
# بەربەستدانان لەسەر ڕێی گەشەی زمانەکان هەوڵێکی دیکتاتۆرانەیە بۆ کوشتنی یەک لە دەستکەوتە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی

(٢-٢)

دیمانە: کاروان مێراوی

**[پرسی زمان و پێوەندیی بە شوناسی نەتەوەیی و بەتایبەت لە پڕۆسەی نەتەوەسازیدا هەموو کاتێک جێی باس و مشتومڕی سیاسی بووە، پرسی زمان لەلایەن دەسەڵاتەکانیشەوە ئەو بایەخە تایبەتەی بووە و سیاسەتی زمانی، یەکێک لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی وڵاتان و بەتایبەت دەوڵەتنەتەوەکان بووە، ئەویش ئەو وڵاتانەی فرەنەتەوەن و نەتەوەی سەردەست هەوڵی تواندنەوە یان دابەزاندنی ئاستی زمانی نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری ئەو وڵاتە -ئێران بۆ نموونە- دەدات. "کوردستان" بۆ باسکردن لەسەر پرسی گرینگی و بایەخ و کارکردی زمان، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز د. هاشم ئەحمەدزادە، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، نیشتەجێ لە سوید پێکهێناوە کە لە دوو بەشدا بڵاو دەبێتەوە.]**



**لە باری سیاسەتی زمانییەوە جیاوازییەکی ڕیشەیی لەنێوان ڕژێمەکانی ئێراندا نەبووە. بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ئاستی گەشەی بزووتنەوەی کوردی و داواکارییەکانی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا. ئەگەر ڕژێمی شا سیستەمێکی ملهۆڕی دیکتاتۆری بوو، سیستەمی ئێستا سیستەمێکی تۆتالیتەرە**

**زمان چەندە لەسەر هزری مرۆڤ کاریگەریی هەیە، یان بە واتایەکی تر زمان و هزری مرۆڤ چەندە پێکەوە گرێ دراون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە؟**

پرسی پێوەندیی زمان و ئەندێشە پرسێکی گەلێک ئاڵۆز و لە بنەڕەتدا فەلسەفییە و جێگەی مشتومڕێکی زۆری خاوەنڕایانی ئەم بەستێنەیە. لەنێو تیۆرییە باوەکانی ئەم بوارەدا دەکرێ بە گریمانەی بەناوبانگی ساپیر- هورف ئاماژە بکەین کە دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونەکانی ویلیام ساپیر (١٩٣٩-١٨٨٤)، زمانناس و مرۆڤناسی ئامریکایی و خوێندکارەکەی بێنیامین لیی هورف (١٩٤١-١٨٩٧). بەگوێرەی ئەم گریمانەیە دوو بۆچوون تێکهەڵکێش دەکرێن کە بە دێتێرمینیزمی زمانی و ڕێژەییبوونی زمانی ناسراون. دێتێرمینیزمی زمانی پێیوایە ئەوە زمانە کە ئەندێشە و هزری ئێمە دیاری دەکا. ڕێژەییبوونی زمانییش پێیوایە هەر زمانە و کارتێکەریی تایبەتیی خۆی لەسەر ئەندێشەی ئاخێوەرانی هەیە. ئەم باسە هەڵبەت دوای ئەم دوو زمانناسەش هەر بەردەوام بووە و هەتا ئێستاش دوا وەڵام بە پرسیارەکە نەدراوەتەوە. ئەوەی هەیە ئێستا ئیتر کارتێکەریی زمان لەسەر هزر و ئەندێشەی مرۆڤەکان بەتەواوی دانپێدانراوە. ئەگەریش ڕادەی ئەم کارتێکەرییە شتێکی تەواو بڕیاردەر نەبێت ئەوە تا ئاستێک هەر هەیە کە نەکرێت نکۆڵی لێ بکردرێ.

**فرەزمانی لە وڵاتدا دەرفەتە یان هەڕەشە؟**

ئەگەر بنەماکانی مافی زمانی و شارومەندی بە شێوەیەکی دێموکراتیک لەبەر چاو بگیرێن ئەوە بێگومان فرەزمانیبوون دەبێتە جۆرەیەک لە فرەڕەنگی کە دەکرێ وەک سامانێکی مرۆڤی سەیری بکرێ. لەبیرمان نەچێ بەربەستدانان لەسەر ڕێی گەشەی زمانەکان هەوڵێکی دیکتاتۆرانەیە بۆ کوشتنی یەک لە دەستکەوتە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. خەملین و گەشەی زمانێک ئاکامی زەمەنێکی دوورودرێژی ژیانی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤییە و کەس بۆی نییە بە بیانووی یەکدەستکردنی کۆمەڵگە یان "نەتەوە" لەنێوی بەرێ.

**فرەدیالێکتی لە زمانێکدا چی، دەرفەتە بۆ زمانەکە یان هەڕەشەیە؟**

پرسی زمان و دیالێکت هەمیشە پرسێکی زمانەوانی نییە و زۆر جاران سیاسەت و ئایدئۆلۆژیا دەستی تێ وەردەدەن. بەڵام ئەگەر زمان و دیالێکتەکان لە دەستدرێژیی پڕۆژە سیاسییەکان بپارێزین و مافی ڕەوای خۆیان ڕەچاو بکەین، لە ڕەوتێکی مێژووییدا پرسی بنزار و شێوەزار و زمان هەموویان دەکرێ ببنە کەرەستەی دەوڵەمەندیی زمانێک و کارکردەکانی لە کۆمەڵگەدا.

**سەرەڕای نەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، زمانی کوردی چەند توانیویەتی خۆی بپارێزێ؟**

سەرەڕای هەموو بەربەستەکان زمانی کوردی هەتا ئێستا توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر خۆی بپارێزێ. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا و بەتایبەتی لە دونیای بەجیهانیبوونی ئەم سەردەمەدا ئەم ڕەوتە ئەگەر پلاندارێژی و سیاسەتی زمانیی هەمەلایەنەی لەگەڵ نەبێ ئاوا نامێنێ و هەڕەشی پەراوێزخرانی هەمەلایەنە نەک هەر زمانی کوردی بەڵکوو سەدان و بگرە هەزاران زمانی دیکەش دەخاتە دۆزی مەترسیداری لەنێوچوونەوە. ئێستا ئیتر دەبێ دەستکەوتە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیری لە هەموو ئەو هەوڵە پلاندار و بەمەبەستانە بکات کە چۆن بتوانێت گەشە بە زمانی کوردی بدات و وەک فاکتەرێکی ناسنامەساز هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات.

لە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆدا دەبێت خەمخۆریی لە زمان سەد قات بەرزتر بێتەوە و هەموو هەوڵێک بدرێ ئەم میراتە گرانبەهایە بپارێزرێ و پەرەی پێ بدرێ.

**لە ئەدەبی گەلانی جیهان و هەروەها لە ڕیزبەندیی زمانەکانی جیهاندا زمانی کوردی لە چ ئاستێکدایە؟**

لەبەر زۆر هۆکاری سیاسی، سەرژمێرییەکی باوەڕپێکراو لەسەر ژمارەی کوردەکان لە ئارادا نییە. بەڵام لێکۆڵەرەوانی بواری کوردستان و کورد بە شێوەیەکی بەراوردکارییانە ئاماژەی تا ڕادیەک دروست بە ژمارەی کوردەکان دەکەن. بۆ نموونە مامۆستا ئەمیری حەسەنپوور لە کتێبە دانسقەکەیدا، "زمان و ناسیۆنالیزم"، کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئامریکا چاپ و بڵاو بۆوە، باس لەوە دەکا کە بە گوێرەی ژمارەی ئاخێوەران، زمانی کوردی پلەی چلەمینی لەنێو زمانەکانی دونیادا هەیە. ئەمە ژمارەیەکی چەندایەتیی گرنگە و دەکرێ وەک خاڵێکی بەهێز بۆ پرسی کورد کەڵکی لێ وەربگیرێ. لە بواری ئەدەبییشەوە، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کوردستان و نەبوونی کەیانێکی سەربەخۆ، کورد ئەوەندەی ئەدەبیاتی بڵاوکراوە هەیە کە ناوێکی لەنێو ناواندا هەبێ.

**ڕێژیمە داگیرکەرەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام زمانی کوردی وەکوو هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر خۆیان دەبینن و بەم بۆنەشەوە بەردەوام هێرشیان کردووەتە سەر زمانەکەمان، هۆکاری بە مەترسیزانین و ئەو هێرشگەلە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

ئەم ڕێژیمانە خولیای سازکردنی نەتەوەیەکی یەکدەستی یەکزمانییان هەیە و هەر بۆیە جیاوازیی زمانی بە مەترسی لەسەر خۆیان دەبینن و جگە لە بوارپێدانێکی کۆنترۆڵکراو هیچ مەجالێک بۆ زمانە غەیری فارسییەکان نارەخسێنن. لەو نێوەدا ئەوە بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردی و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە کە دەبێ میکانیزمی دەستەبەرکردنی مافە زمانییەکانی خۆیان بدۆزنەوە و مسۆگەری بکەن.

**جیاوازیی سیاسەتی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر زمانی کوردی لە چیدا بوو؟ ئایا جیاوازییەکیان لەو بارەیەوە هەبووە؟**

لە باری سیاسەتی زمانییەوە جیاوازییەکی ڕیشەیی لەنێوان ڕێژیمەکانی ئێراندا نەبووە. بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ئاستی گەشەی بزووتنەوەی کوردی و داواکارییەکانی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا. ئەگەر ڕێژیمی شا سیستەمێکی ملهۆڕی دیکتاتۆری بوو، سیستەمی ئێستا سیستەمێکی تۆتالیتەرە. دەکرێ لەنێوان ئەو دوو سیستەمەدا جیاوازی هەبێ، بەڵام تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی یەکدەستکردن و یەکڕەنگکردنی شتێک کە پێی دەڵێن نەتەوەی ئێران، هاوبەشییەکی حاشاهەڵنەگری سیاسی و پڕۆژەیی لەنێوانیاندا هەیە.

**سەرەڕای ئەوەی کە لە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی ئێراندا خوێندن و پەرەوەردەکردن بە زمانی دایکیی نەتەوەکانی چواچێوەی ئەو وڵاتە ڕێگەپێدراوە، بەڵام پاش چوار دەیە تاکوو ئێستا جێبەجێ نەکراوە، هۆکاری جێبەجێنەبوونی چییە؟**

سیستەمی سیاسیی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینی لە ئێران هەرگیز نەیتوانی ببێتە ئەو ناوەندە کە بتوانێ لەگەڵ پرسی دێموکراسی و مافی دانیشتووانی وڵاتی ئێران بە هەموو ڕەگەز و ناسنامە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانییەوە هەڵسوکەوتێکی دروست و دێموکراتیک بکا. لایەنی ئایدئۆلۆژیکی و تۆتالیتارییەکانی ئەم سیستەمە سیاسییە ڕێگەی چارەسەریی زۆر پرسی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی لە وڵاتی ئێراندا و بەتایبەتی بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکان بە بنبەست گەیاندووە. لە هەمان کاتدا دەبێت بیر لەو ڕاستییەش بکەینەوە کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارەوە خاوەنی چ پڕۆژە و پلانێک بووە. بە باوەڕی من لایەنی ناڕوون و لێڵ لە سیاسەتی بزووتنەوەی کوردییشدا لەم بارەوە هەبووە و هەیە.

**غوڵامعەلی حەددادی عادڵ، سەرۆکی پێشووتری مەجلیسی ڕێژیم، زمانی فارسیی وەکوو زمانی دووهەمی جیهانی ئیسلام لەقەڵەم داوە، لە کاتێکدا بەپێی بەڵگەکانی خودی فارسەکان زیاتر لە ٤٠٪ی وشەکانی زمانی فارسی لە بنەڕەتدا وشەی عەرەبین ئەم ئیدعایە تاکوو چەند ڕاستە؟**

ئەوەی حەددادی عادل دەیڵێ بە پلەی یەکەم پڕۆپاگاندای سیاسییە. بەڵام لە قسەکەی ئەودا ڕاستییەک شاراوەیە و ئەویش ڕۆڵی زمانی فارسییە لە پەرەپێدانی جیهانی ئیسلامدا. لە دێرزەمانەوە ئەم زمانە ئەرکی پەرەپێدانی ئەندێشەی ئیسلامیی لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆیەوە هەبووە. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەتا هاتنی ئینگلیزەکان ئەوە زمانی فارسی بوو کە لە دەربارى موغالەکانی هیندا بەکار دەهێندرا. ئێریک هێرمێلینی سویدی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە هیندوستانی کۆلۆنیکراوی ئینگلیسییەکاندا فێری فارسی دەبێ و دەیان کتێبی کلاسیکی فارسی دەکاتە سوێدی. زمانی فارسی هەر لە سەرەتاکانی سەدەی یازدەهەمی زایینییەوە توانایەکی بێوێنەی لە خۆی نیشان داوە لە گەڵاڵەکردنی ئەدەب و سیاسەتدا. شەست هەزار بەیتی شانامەی فیردەوسی کەمتر لە ٤٪ی عەرەبییە. ئەمە لە کاتێکدایە بۆ نموونە نزیکە ٦٥٠ ساڵ دواتر لە مەم و زینی خانیدا لەگەڵ زیاتر لە ٧٠٪ وشەی عەرەبی ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەمە لە زاتی خۆیدا کێشەیەکی گەورە نییە. ئێمە دەبێ جیاوازیی دانێین لەنێوان سیاسەتی وڵاتێک و زمانێک کە لە ئارادایە. بۆ سەدان ساڵ زمانی فارسی لە تەنیشت زمانی عەرەبی و کوردیدا زمانی فێرکردن و بارهێنانی حوجرەکان بووە و بە سەدان زانای کورد گولستان و بوستانی سەعدییان وەک دەرس بە خوێندکارانی خۆیان گوتۆتەوە. زمانی ئینگلیسی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیسەوە نییە. هەبوونی دەرسەدێکی یەکجار زۆری وشەی فەڕەنسی لە زمانی ئینگلیسیدا نابێتە هۆکاری دڕدۆنگی لەم زمانە. ئەگەر لە زمانی سویدیدا وشە ئینگلسیی، ئاڵمانی و فەڕەنسییەکان هەڵاوێرین شتێکی ئەوتۆمان بۆ نامێنێتەوە کە کەڵکێکی ئەوتۆی هەبێ. ئێمە وەک کورد دەبێت شتێک لە حەددادی عادڵ و دەسەڵاتدارانی دیکەی ئێران فێر بین و ئەویش گرنگیدانە بە زمانی خۆمان. ئایدئۆلۆژیای ئیسلامی کارێکی وای نەکردووە کە دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ گەشەی زمانی فارسی لە هەوڵدا نەبن. ئەگەر ئێمە بەراوەردێکی سیاسەتی زمانیی باشووری کوردستان لەگەڵ ئێراندا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە وەک کورد چەندە لە ئاست زمانی خۆمان و چارەنووسەکەیدا کەمتەرخەمین.

**سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا**

سپاس بۆ ئێوە کە ئەو باسەتان لەگەڵ من وروورژاند.

## هەو هەوی سواران



ئەحمەد ڕەحمانی

ڕێبەندانە! کلووە بەفرەکان لە سەمادان بەرەو پێدەشت و لەند و کێوی زێد و وڵات، بەفر سپیڕێزی کردوە ناوچەی موکریان، ترووسکایی وردیلە بەفری قەدپاڵان ئاوێنەی جوانیی سرووشتە لەم دەڤەرە دڵگیرەی نیشتیمان، هەو هەوی سوارانە و خرینگەی ناڵی کەحێلی سوارانی پارێزەری نیشتیمان خۆشترین ئاوازی خۆڕسکی سرووشتە بۆ دەڤەری موکریان، ڕێبەندانە و تازە ڕۆژێکی هەڵبردوە لە سەرەتای مانگی ڕێبەندانێ، خەملوە لە خۆشیی ئەم نیشتیمانە لە شار و لە دێ، دەژەنن دەهۆڵ و زوڕنای شادیی لەدایکبوونی کۆمار، دەگێڕن شایەر گەڕی گۆڤەند و دیلان، دڵەکان لەجۆشن بۆ لەدایکبوونی نۆبەرە کۆماری جوان، گەڕی ڕەشبەڵەکە لە کۆچە و کۆڵانی شار، پڕ لە قریوەی خۆشییە لادێ و داوێنی نسار، ئای چ ڕۆژێکی خۆشە ئەم دووی ڕێبەندانە، هەرگیز ڕۆژی خۆشی ئاوای بەخۆیەوە نەدیوە ئەم نیشتیمانە.

بزە و خەندە لە سەر ڕووخساران ناکەون، دڵەکان گەرمن و هەستی کوردان ناسرەون، ڕێبەندانە و جێژی خۆشی و شادییە لە دایکبوونی کۆمارە و ڕۆژی دڵگەشییە. داباریون بۆ مەهاباد کوردانی چوار پارچەی برا، ڕازاونەتەوە سفرە و خوانی کوردانی دڵ سەخی، ئەی چ ڕۆێکە ئەم ڕۆژە خۆشە لە دیرۆکی کوردان، کەمتر ئەم ڕۆژەی بەخۆیەوە بینی، ئاگر کراونەتەوە لەسەر شاخان، لە پێدەشتان دەگەڕێ گۆڤەند و دیلان، شەیپوور ژەنان دەژەنن شەیپووری لەدایکبوونی کۆمار، دێن چین بە چین و دەستە دەستە لە جحێڵ و ڕیش سپیانی دێ و شار، هەموو چاوەڕوان لە سەربانان و مەیدانی چوار چرای مەهاباد ئاخۆ کەی دەر دەکەوێ نووری ڕووناکیی پێشەوای یەکەم نۆبەرە کۆماری کوردان، ئاخۆ کەی دەدا جاڕی ڕاگەیاندنی کۆمار.

ئای چ ڕۆژێکی خۆشە دووی ڕێبەندان کەمتر گەلی کورد بە خۆیەوە دیوە لەو ڕۆژە خۆشان، مەهابادە و خەملێوە بە کوردانی چوار دەستە برا، هەموویان شادن نابینن کەوشەن و سنووری دروستکراوی داگیرکەران، هەی بابایە و بڕژێتە نێو مەیدانی چوار چرا، چاوەڕوان بۆ دەرکەوتنی پێشەوا.

هەناسەکان پەنگیان خواردۆتەوە لە سینگەکاندا، گوێچکەکان لەسەر هەست بۆ بیستنی موژدانە هەواڵ بۆ ڕاگەیاندنی یەکەم نۆبەرە کۆمار.

لە پڕ لە چوارچرا دەبێتە چەپڵەڕێزان، ڕمبازێنی شۆڕەسوارانی کوردستان، ڕادەوشێن دەسرۆکەی ئاڵاوواڵای جوان، جێژنانەیە چ جێژنانەیەکی خۆش و جوان، یەکەم پێشەوای کورد دێتە نێو ئاپۆڕای کوردانی تینووی سەربەخۆیی و ئازادی، دەبێتە هەلهەلە و جێژن و شادی، ڕادەگەیەنێ موژدەی کۆماری کوردستان لە چاوان دەڕژێن فرمێسکی شادی ڕۆڵەکانی نیشتیمان، دێنەدەر لە سینە نەغمەی بەستەی جوان، دەگوڕێنن دڵ پڕ لە هەستانی کوردستان، یەکەم پێشەوای کورد بە زەردە خەنەوە دەردەکەوێ، لە خۆشیانا پێکەنینی لە سەر زاران ناکەوێ، دەدا جاڕی نۆبەرە کۆماری کۆماری کوردان لەو کاتەوە خۆشترین ڕۆژە ڕۆژی دووی ڕێبەندان، چوونکە ڕۆژی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستانە، ڕۆژی جاڕی سەربەخۆیی و ڕزگاری لە دەست دیلی و یەخسیری کوردانە، ڕۆژی سەربەستی و ئازادی گەلە، موژدەی کۆماری کوردانە و پێشەوا قازیمان سەروەرە.

## ئەمڕۆ جەژنە لە ماڵی من

ئەمڕۆ یادی ئەو ڕۆژەیە کە مێژوو ڕووی کردە سەرای چەند هەزار ساڵەی ئێمە و خەڵاتێکی پێشکەش کردین

ئەمڕۆ یادی ئەو ڕۆژەیە
لە نێوان ماڵی چوار برا
لێرە لێرە لە چوارچرا
مێژووی خۆمان پیرۆزبایی دووی ڕێبەندانی لێکردین

خەڵاتێکی گرانبەها
کۆرپەیێکی تاقانە
باڵای قەندیل
چاوی شاهۆ
سەری هەڵگورد
جەوهەرێک وێنەی دالاهۆی پێشکەش کردین

ئەمڕۆ یادی ئەو ڕۆژەیە
لێرە لێرە لە چوارچرا
ئەو خەڵاتە ئەسپاردەی دەستی پێشەوای کوردان کرا

ئەمڕۆ یادی ئەو جەژنەیە بەبێ وچان ئەو کۆرپەیە جلوبەرگی زاگرۆسانەی لەبەر کرا
ناوێکی کوردی کوردانەی وەکوو کۆمار دیاری کرا

ئەمڕۆ جەژنە لە ماڵی من
هەر دەسبەجێ کۆرپەی کۆمار باڵای کرد، بوو بە ڕێگا بو بە یاسا، بوو بە ئاڵا و هەڵکرا

ئەمڕۆ جەژنە لە ماڵی من
ئەمڕۆ جەژنە لە ماڵی من

دەیان ساڵە دووی ڕێبەندان ، هزری کۆمار دەبێتەوە چرۆی خەبات لە نیشتمان
دەبێتەوە بە ڕووناکی
بۆ ڕێگای دووری ئازادی
دەبێتەوە بە ڕووناکی
بۆ نەوەی ڕێگای ئازادی

ئەمڕۆ جەژنە لەم وڵاتە لەماڵی من
ئەمڕۆ جەژنە لەم وڵاتە لە ماڵی من

**((هەتاو))**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:815 22 January 2022


ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


# بەڕێوەچوونی کۆڕی ناساندن و ڕانانی «بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات»









کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە، ٢٧ی بەفرانبار لە کۆڕێکدا ڕوونوێنیی لە نوێترین چاپکراوی ئەو کۆمیسیۆنە، «بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات» کرد.

لەم کۆڕەدا کە بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دەیان کادر و پێشمەرگەی حیزب بەڕێوە چوو، بەڕێز کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر گرینگیی کۆکردنەوە و بەدێکیۆمێنتکردنی بەڵگە نووسراوەکانی حیزبی دێموکرات بۆ بەشداران دوا.

لە برگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات لە وتەیەکی کورتدا ئەم بەرهەمە نوێیەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی بەرز نرخاند و بەبایەخەوە لە کۆکردنەوە و سەرلەنوێ لەچاپدانەوەی سەرجەم بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە مێژووی نیزیک بە هەشت دەیە لە ژیانی سیاسیی ئەم حیزبەی ڕوانی.

لە دوا بەشی کۆڕەکەشدا بەڕێز عەلی بداغی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب کە سەرپەرستیی ئەم پرۆژەیەی کردوە، لەسەر چەندیوچۆنیی تەواوبوونی کارەکە و پرۆژە کارییەکانی دیکەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی قسەی کرد.

شایانی باسە کە بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دێکیۆمێنت و بەڵگەنامەی نووسراوی سەرجەم کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (کۆنگرەی یەک تا حەڤدە)ی لە خۆی گرتووە، ١٢٠٠ لاپەڕەی A٤ـە و لە تویێ دوو بەرگدا چاپ کراوە.

# بەڕێوەچوونی شەوەشێعری «چلووره و چلوان» لە شاری سەردەشت



شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی بەفرانباری شەوە شێعری «چلووره و چلوان» بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠ ئۆگری زمان و وێژەی کوردی لە شاری سەردەشت بەڕێوە چوو. لەو شەوە شێعرەدا هەروەها زیاتر لە سی بەرهەمی جیاواز لەلایەن شاعیرانی ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبیی سەردەم خوێندرانەوە.

لەو کۆڕەدا چەند گۆرانی و حەیران لەلایەن هونەرمەندان پێشکەشی ئامادەبووان کران و لە کۆتایی کۆڕەکەدا زیاتر لە چل فێرخوازی بەشدار لە خولە فێرکارییەکانی ئەنجومەنی سەردەم، بەهۆی دەرچوونیان لە پۆلەکانی یاساکانی شێعر و ڕێنووسی کوردی، بڕوانامە و ڕێزنامەیان پێ بەخشرا.

## بەر لە ماڵاوایی

# ڕێبەندان

لە وەرزی ڕەهێڵەی بەفر و تەزووی سەرمای زستان، لە گۆڤەندی شەختە و سەهۆڵبەندان، ڕێبەندان بوو بە هیوای بندەستان، گەرچی تووش و سەخت و دژوار بوو، بەڵام موژدەی هیوای کوردی پێ‌بوو، بەرهەمی ژێکافی ژیانەوەی کوردان، بوو بە مانگی دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان.

پێش کۆمار دەمێک بوو گەلی دابەشکراوی کورد ببووە دەستەچیلەی ئاگر و لە چوار لاوە گڕ و گوللە و بۆمب و باڕووتی بەسەردا دەباری و خۆزگە و هیوا و ئاواتەکانی تێکەڵاوی فرمێسک و خەم و خوێن دەکران، دەمێک ساڵ بوو کورد و ژان و ئازار ئاوێتەی یەک بوون، ئەییامێک بوو زارۆک و ژن و مێر و تەنانەت دار و بەردی نیشتمانی کورد لەنێو گڕ و بڵێسەی ئاگردا دەسووتان، ئا لەو کاتە هەستیارەدا، لەگەڵ وەرزی کڕێوە و سەهۆڵبەندان، لەو کاتەدا کە زوڵم و زۆری شاکان گەرووی ئازادی دەخنکان، لەو ساتەوەختەدا کە سمکۆی شەهید غەڵتانی خوێن کرابوو، شۆڕشی ئارارات سەرکوت کرابوو، لە دێرسیم سەید ڕەزا لەدار درابوو. لەو دەمەیدا کە بیری ئازادیخوازی بڤە و لە هەر گۆشەیەک داری سێدارە هەڵخرابوو، لەنێو تەمتومان و گڕی ئاگری شەڕی گەردوون و شاکاندا، بلیمەتێک بوو بە دەنگی کپکراوی گەلێکی بندەستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و حیزبێک بوو بە پێشەنگی بیری کوردایەتی و سەربەخۆیی و چوارچرا هەموو کوردستانی کردە چرا. لەنێو بەفر و سەهۆڵدا گوڵی هیوا ڕوا، کوردانی هەر چوار پارچەی نیشتمان چاوی ئومێدیان بڕییە دەوڵەتی کوردستان. زستان بوو بە بەهار و بەهارستان.

لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییدا، هەتاو لەسەر دوند و چیاکانی کوردستان بوو بە هیوای ڕۆژێکی نوێ. ئا لەو کاتەدا مەهاباد بو بە قیبلەی ئۆگرانی ئازادی و، ئازادیخوازان پۆل پۆل بوونە میوانی ماڵە گەورەکەی کوردان. کۆمار بێ جیاوازی هی هەموان بوو، لەشکری بارزان و موکریان هەتا باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانم، کرێکار و جووتیار، فەقێ و مامۆستا و خوێندکار، دەست لە نێو دەست بوونە بنیاتنەری یەکەمین دەوڵەتی کوردان. ژن و مێر، لاوانی چەلەنگ و میرخاس، شۆڕەسوار و سوارچاک




و چەک لەشان، خامە بەدەست و نووسەر، بۆ پارێزگاری لە نیشتمانی کوردان بوونە قەڵغان و سپەر و سەنگەر. لەنێو خوێن و گڕ و دووکەڵ و دوودمانی جەنگێکی ماڵوێرانکەردا، لەگەڵ شەختە و بەفر و ڕێگەبەندان، کورد بوو بە خاوەن ئاڵا و پێشەوا و سروشت فەرشی سپیی بۆ پێشوازیی پێشەوای کوردان ڕاخست هەتا دەنگی کورد بەگوێی کەڕی مێژوو و پەیمانە شوومەکەی سایکس‌پیکۆدا بدا و پیلان و سنوور و کەوشەنی چاڵدێران و سەفەوی و عوسمانی لەسەر نەخشەی جیهان بسڕێتەوە.

پێشمەرگە و کۆماری کوردستان. لە تاریکستان و قاقڕستانی ئازادیدا، لە ئێرانی شا و شازادەکاندا کوردستان بوو بە مەڵبەندی دێموکراسی و بیری ئازادی و ئازاد ژیان. کۆمار بوو بە پێناسە، پێشەوا بوو بە مەشخەڵداری بیری نەتەوەیی، بوو بە سەرۆک کۆمار، بوو بە پێشەنگ و پێشەوا و بوو بە سەرقافڵەی کاراونێک کە بەنێو شەختە و تەلیسم و لەمپەر و نووکی سەرنێزەی داگیرکەردا هەنگاوی نا و بێ‌باک لە مردن لە زەبروزەنگی نەیار و دژمن و دژبەر نەپرینگایەوە و ئاڵای ئاڵووالای ڕەنگاوڕەنگی کوردستانی لە چوارچرا کردە پیناسەی گەلێکی دابەشکراو و بەشخوراو.

«ئەی ڕەقیب» بوو بە دەنگی دلێری کورد، «خوایە وەتەن ئاوا کەی» بوو بە سروودی ئازادی و ئاوەدانی، هونەرمەند و هۆزانڤان و هۆزانبێژ بە هۆرە و لاوک و حەیران و هۆزانەوە گۆڤەندی ئەوینی کۆماریان ڕازاندەوە و هێمن و هەژار و هەڵبەستوان قەسیدەی هیوای نیشتمانیان نووسیەوە.

ئەو مێژوەی باب و باپیرانمان لە سەنگەری بەرگریدا بە بەرخۆدان و خوێن نووسیبوویاننەوە، وەچە و نەوەکانی دوای ئەوان لە مەکتەبەکەی قازی‌دا بە شانازییەوە خوێندیان و خوێندیانەوە. ئەو ڕۆژە لەژێر ئاڵای کوردستاندا زارۆک و زمان گەشانەوە، پێنووس و پەرتووک و پەڕاو لە ژوانی ئەشقی نیشتماندا تلانەوە، وانە و ئەلفوبێی کوردی لەسەر تەختەی ڕەشەی مێژوو بە زمانی شیرینی کوردی، بە زمانی دایک نووسرانەوە.

لەو ڕۆژەدا کورد بە سەرباز و سەرکردەوە، بە وەزیر و ژنراڵەوە بوونە خزمەتکاری میللەتی خۆیان و دەوڵەت و میللەت دەستەملانی یەک بوون، بەندیخانەکان بوونە فێرگە و، خوێندنگە ئاوەدان و شەقام و شار شادیان لە دڵ گەڕا، سروشت دوند و گوندی نیشتمانی لەئامێز گرت و لە ڕێبەندانی ندا جاڕی بەهاری کوردی دا.

گەرچی دیکتاتۆر لە زایەڵەی دەنگی ئازادی خەو لە چاوانی زڕا و چاوی بە ئاڵای کوردان هەڵنەهات و کۆمار کەوتە بەر شاڵاوی لەشکر و قشوونی تاڵان و، و پێشەوای کوردان بە سەربەرزییەوە لە سێدارە درا، بەڵام کۆمار و کورد نەمردن، ئامانجەکانی کۆمار و پێشەوا بوونە مەشخەڵی ڕێگەی ڕزگاری و سروودی ئەی ڕەقیب و تۆڵە و ڕقی پیرۆز ئاوێتەی یەک بوون و لە شار و گوند و کەژ و چیای ئەم نیشتمانە تا ئەمڕۆش سروودی سەروەری و سەربەخۆیی هەروا دەنگ دەداتەوە.

وەک دەبینین ئەمڕۆ لە هەموو بەشەکانی نیشتمانم هیوا و ئاواتەکانی کۆمار هەر لە برەو و بەردەوامی دان و ئاڵای خەبات هەر لە شەکانەوەدایە. ئێمەش بە ئومێدەوە ئەم ڕێگەیە دەپێوین. ڕێگەی پێشەوا ڕێگامانە و ڕاسپاردەکانی کۆمار ئامانجمانن. بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی کوردی، پێشەوا و کۆمار، پێشمەرگە و ئاڵا، سەروەرییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

**کەریم فەرخەپوور**